# بابەتەکانی خوێندن

دەروازەیەک بۆ کوردستان

## یەکەم : بەشی جوگرافیای کوردستان:

### ١ـ زاراوەی کوردستان

### ٢ـ شوێن ﴿پێگەی جوگرافی﴾

### ٣ـ شوێنی ئەسترۆنۆمی

### ٤ـ سنوور و ڕووبەر و شێوە

تایبەتمەندی سروشتی کوردستان

١- بەرزی و نزمی ( تۆبۆگرافیا )

٢- ئاو و هەوا

٣- دەرامەتی ئاوی

تایبەتمەندی مرۆی کوردستان

١- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی پێکهاتە

٢- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی ژینگە

٣- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی قەبارە

ژیانی ئابووری لە کوردستاندا

١- کشتوکاڵ

٢- سامانی ئاژەڵ

٣- پیشەسازی و کانزاکان

٤- گەشتوگوزار

**دووەم: مێژوو :تەوەری مێژووی کورد لە بابەتی کورد {کوردناسی}**

**١. ئامانج و پیشەی ئەو رۆژهەلاتناسانەی کە دەهاتنە کوردستان.**

**٣.سوود و بایەخی ڕۆژهەلاتناسی بۆ نەتەوەی کورد.**

أ- ناوی کوردو کوردستان

١- کوردناسی چەمك و واتاکەی

٢- وشەی کورد (ڕیشەیی و مانای)

٣- زاراوەی کوردستان لەسەرچاوەکاندا

ب- مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد

١. نەژادی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسان

٢. نەژادی کورد لە دیدی مێژوونوسانی کورد و غەیرە کورد ﴿**ڕای ڕوژهەلاتناسان و زانایانی بیگانە لە بارەی زمانی کوردی.**﴾

ج- دانیشتوانی کۆنی کوردستان

١. هۆزەکانی کۆنی کورد

٢. مێژووی شارستانیەتی کۆنی کورد

دووەم: سەرەتاکانی پەیوەندی کورد بەئاینی ئیسلام

- جابانی کورد
- فەتحکردنی کوردستان لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوری خەتاب
- بارودۆخی کوردستان لەسەردەمی خەلافەتدا

- میرنشینە کوردیەکان لەسەردەمی عەباسیدا
- چەند لایەنێکی شارستانیەتی کورد لەسەردەمی ئیسلامیدا
- دەوڵەتی ئەیوبی و ڕۆڵی ڕابەرایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی
- ڕۆڵی شارستانی زانایینی کورد لە مێژووی ئیسلامیدا
  - سەرهەڵدان و بوژانەوەی میرنشینە کوردییەکان
  - هۆکارەکانی ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان
  - کوردستان لەململانێی وڵاتانی هەرێمیدا
  - هەندێ لایەنی پرشنگداری شارستانیەتی میرنشینەکان
  - بزاڤ و شۆرشە کوردییەکان لەسەدەی نوزدە و بیستدا
  - کورد و بزاڤی ڕێکخراوەیی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا

کورد لە کۆنگرە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا

- کۆماری کوردستان لە مەهاباد
- باشوری کوردستان لەشۆرشی ١٤تەموزی ١٩٥٨ تا کو نسکۆی شۆرشی ١٩٧٥

**- جینوساید**

**سێیەم :تەوەری بابەتەکانی زمان**

١- زمان و گرنگی زمان و جۆرەکانی زمان

(پێناسەی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و گرنگی زمان و و جۆرەکانی زمان (نوسراو،جەستەیە )
٢- تایبەتییەکانی زمان
( زمان ڕەفتارە – زمان دەنگە – زمان سیستەمە- زمان تایبەتە بەمرۆڤ – زمان هێمایە – زمان داهێنانە )
٣- گریمانەکانی پەیدابوونی زمان
(بۆچوونی ئایینی-یۆچوونی ڕێکەوتن – بۆچوونی بانگ و قیژە – بۆچوونی بزاوتن – بۆچوونی پەیوەندی )
٤- خێزانە زمانییەکان
( هیندۆ ئەوروپی – سامی و حامی – تۆرانی )، هاوبەشی زمانی کوردی و هیندۆئەوروپی
هةفتةى ضواردةيةم : ٥- مێژووی زمانی کوردی و قۆناغەکانی
( قۆناغی کۆن – قۆناغی ناوەند – قۆناغی شێوەزار – قۆناغی نوێ )
٦- زارەکانی زمانی کوردی و شوێنی جوگرافی
( زار – تایبەتمەندی زار – جۆرەکانی زار – زارەکانی زمانی کوردی)
: ٧- زمانی ستاندەرد و هۆکارەکانی دروستبوونی
( زمانی ستاندەرد،شێوەی دروستبوونی (ئایینی – سیاسی – ئەدەبی بەرز )، هۆکاری نەبوونی ستاندەرد لە زمانی کوردیدا) .
٨- ڕێنووسی زمانی کوردی و گرفتەکانی
پیتەکانی زمانی کوردی – گەشەی نوسین – نوسینی نمونەیی –جۆرەکانی ئەلفوبێ – گرفتەکانی ڕێنوسی
**کوردی** )
٩- پلانی زمان و سیاسەتی زمانی
( زمانی دایك و پارێزگاریکردن لێی –گرنگی نەتەوایەتی زمانی دایك، ڕۆڵی نەرێنی زمانی بیانی لەسەر زمانی دایك – پلانی زمان – زمان و ئاسایشی نەتەوەیی )
١٠- ململانێی زمانی بێگانە لەگەڵ زمانی کوردی
(چەمکی ململانێ، قۆناغەکانی ململانێ، کارتێکەرەکانی سەر ململانێ)
- گەشە و گۆڕانی زمانی
(چەمکی گۆڕان – بنەماکانی گۆڕان – هۆکارەکانی گۆڕانی زمان – ئاستەکانی گۆڕانی زمان )
١٢- زمان و کەلتوور

( ڕەنگدانەوەی کەلتووری کوردی لە زماندا : ڕێزگرتن – پێکەوە ژیان – تەبایی – مرۆڤدۆستی ...هتد )

٣. **چەند پێناسەیکی زمان وتایبەتییەکانی زمان.**
٤. **گریمانەکانی پەیدا بوونی زمان.**
٥. **جۆرەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی.**
٦. **گیروگرفتی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی**
٧. **چەمك و پێناسەی دیالێکت.**
٨. **جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت**
٩. **هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت.**
١٠. **دیالێکت و دابەشکردنی دیالێکتەکان لە لایەن زمانەوانەکان.**
١١. **سنوور و نەخشەی جوگرافی دیالێکتەکانی زمانی کوردی.**
١٢. **دابەش بوونی خێزانە زمانەکانی جیهان ( دابەش بوونی زمان ).**
١٣. **هاوبەشی لە نێوان زمانی کوردی و زمانی هیندوئەوروپی.**
١٤. **چەند پێناسەیەکی زمانی ستاندارد.**
١٥. **گرنگی زمانی ستاندارد.**
١٦. **هۆکارەکانی دروست نەبوونی زمانی ستاندارد.**
١٧. **هۆکارەکانی دروست بوونی زمانی ستاندارد( چۆنیەتی دورست بوونی زمانی ستاندارد ).**
١٨. **سەرا پای لە زماندا.**

**چوارەم : بابەتەکانی ئەدەب**

١. **ئەدەبی کۆنی کوردی.**
٢. **چەند پێناسەیەکی ئەدەب.**
٣. **جۆرەکانی ئەدەب.**
٤. **ئەدەبی فۆلکلۆر.**
٥. **بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر.**

٦. ئەدەبی نووسراو.

٧. ڕەگەزەکانی ئەدەب بە گشتی.

٨. هونەرەکانی ئەدەب ( هونەری بەرز ).

٩. پەخشان وجۆرەکانی.

١٠.ڕێیازەکانی ئەدەب.

١١.ڕەوانبێژی لە زمانی کوردیدا

**بەشی یەکەم / جوگرافیا کوردستان**

**بەشی یەکەم / دەروازەیەک بۆ کوردستان**

**١- شوێنی(پێگەی جوگرافیا)**

**٣- سنوور و روبەر و شێوەی کوردستان**

## بەشی یەکەم : بابەتەکانی جوگرافیای کوردستان:

## زاراوەی کوردستان :

. زاراوەی کوردستان ، لە دوو وشە پێك هاتووە ( کورد ) واتای ( ئازا ) دەدات، ( ستان ) پاشگری شوێنە . واتە ناوچەی کوردان،

زۆربەی شارەزایان هاوڕان وجیاوازییان نییە،کوردستان لە

پێناسەدا واتە {وڵاتی کوردان} ئەو خاکەی کەنەتەوەی کوردی لە سەردەژی.

لە سەردەمە کۆنەکاندا وەکو هەریەك لە ناوچەکانی تری ئەم خاکە بە کوردستان ناو نەبراوە،بەڵکو بە گەلێك ناوی جۆراو جۆر ناونراوە وەك :«کاردۆنیا،کوردۆنیس،کوردیا،کاردۆ،کاردگا،گوتی،جودی،کاردۆك،کاردۆخی،کوردۆخی ،کارداك،کورد........هتد »،، بەڵام دوا بەدوای دەرکەوتنی زاراوەی کوردستان وبڵاوبوونەوەی بە شێوەیەکی فراوان {کوردستان} تەنیا مانای خاك و وڵاتی کوردانی گەیاندووە،هەر وەك «ڤاسیلی نیکیتین»دەڵێت : «کوردستان خاکی کورد دەگرێتەوە

کە وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سنووری دیاری کراونییە، نیشتمانی خەڵکێکە زۆربەیان

خوێن و ڕەگەز و بنچە و ڕەنگیان یەکە»

**کوردستان بۆ یەکەمین جار کە وەك زاراوە بۆیەکەیەکی ئیداری بە کار هێنرابێت، بۆ ناوەراستی سەدەی شەشەمی کۆچی ﴿سەدەی دوانزدەی زایینی١١٥٠ز﴾ دەگەرێتەوە،کاتێك کە ﴿سوڵتان سە نجەری سەلجوقی ﴾ دوا سوڵتانی سەلجوقییەکان ، بەشی رۆژئاوای هەرێمی چیاکانی لە بەشەکانی تری فەرمانرەوایەتییەکەی دابڕی ولە یەکەیەکی ئیداری نوێدا کۆی کردنەوە و ناوی نا﴿ویلایەتی کوردستان ﴾کە پایتەختەکەی قەلای شاری ﴿بەهار﴾بوو لە باکوری رۆژئاوایشاری هەمەدان ،بەلام گەریدەی ئیتالی مارکۆپۆلۆ ﴿١٢٥٤ـ**

**١٣٢٣ز﴾یەکەم کەس بوو کە ناوی کوردستانی تۆمار کردووە بە ﴿کاردستان﴾ ناوی بردووە.**

**هەر سەبارە ت بەمە یەکەمین کەس کە زاراوە کوردستانی بەکار هێنابێت ﴿حەمدولاّ مستوفی قەزوینی ﴾ لە کتێبی نزهت القلب باس ویلایەتی کوردستان دەکات ،لە حەڤدە ویلایەت**

**پێکهاتووە.**

**ئەمانەو چەندین نووسەری تر و﴿ رشیدالدین همدانی و شیرازی ﴾ هەر لە سەردەمێکی زووەوە ناوی کوردستانیان لە نووسینەکانیاندا هێناوە ،لە سەردەمی دەسەلاتی جەلائیریەکان لە ساڵی ١٣٣٧ز تاکو ١٤١١ز زاراوەکە بەشێوەیکی رەسمی چەسپا شوێنی گشت زاراوەکانی گرتەوە.**

**٣ ـ شوێنی ئەسترۆنۆمی :**

**کوردستان دەکەوێتە هێلی پانی ٣٩،٤٠ی باکور ٦١،٣٠ باکور واتە لە نێوان هێلی درێژی ٦١، ٥٢ی رۆژهەڵات، ٣٦،٠٠ رۆژهەڵات واتە ٦١،١٦ هێل ڕاکشاوە.**

**٤ـ سنوور و ڕووبەر و شێوە**

**کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا . دەکرێ بگووترێ سنووری کوردستان لە چیاکانی ئەراراتەوە لە باکوورەوە دەکشێت تا زنجیرە چیای زاگرۆس لە باشوورو لەچیاکانی زاگرۆسیشەوە بەرەو ئەسکەندەروونە تا سەر لێواری دەریای سپی ناوەڕاست.**

**کوردستان لەباکوورەوە لەگەڵ تورکیا و لە ڕۆژهەلاتەوە لەگەڵ ئێران و لەباشوورەوە لەگەڵ عێراق و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ سوریا هاوسنوورە، بەلام ئەمرۆ کوردستان خاوەن سنورێکی سیاسی دیاریکراو و دان پیانراو نییە، بەڵکو بەشێکە لە خاکی دەوڵەتانی تورکیا ، ئێران ، عێراق ، سوریا .ئەم ناوە کەم لە نەخشەو کتێبی ئەتلەسدا بەکار هاتووە ، بەلام لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بەفەرمی دانی پێنراوە.عێراق تاکە دەوڵەتە کەوا کوردیان تێدا دەژی بە ڕەسمی و فەرمی دانی ناوە بە هەرێمی کوردستان.**

**ڕووبەری گشتی کوردستان نزیکەی ٥٣٦،٠٠٠ کم$^2$ . ٢١٥،٨٩٢ کم$^2$ لەتورکیایە و ٢١٧،٧٦٦کم$^2$ لەئێرانە و ٨٧،١١٧ کم$^2$ لەعێراقە و ١٥،٢٦٤ کم$^2$ لە سوریایە. درێژی خاکی کوردستان لەباکوورەوە تاکو باشوور نزیکەی ١٣٠٠ کم وپانییەکەشی لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا نزیکەی ٥٥٠ کم، ئەم پانییەش لەهەموو لایەك وەك یەك نیە ، لەلای باکوورەوە پانییەکەی دەگاتە ٥٧٨ کم لەناوەڕاستدا بۆ ٢٣٢ کم تەسك دەبێتەوە، تاکو بەرەو باشووریش بڕۆین تەسکتر دەبێتەوە لەکۆتاییەکەیدا لە ١١٢ کم زیاتر نابێ. ژمارەی دانیشتوانی لەنێوان ( ٢٥- تا ٤٥ ) ملیۆن کەس دەبێت.**

ئەو سنوورەی زۆربەی سەرچاوە کوردییەکان و توێژەرە کوردیەکان ئاماژەی پێ دەکەن لەسەر دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانی گەروە بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**١ - سنووری باکور و ڕۆژئاوایی کوردستانی گەورە:**

لە گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی (یاخود لە کەنداوی ئەسکندروونە) واتا لە نزیك هێڵی ٣٤ پلە ڕۆژهەڵات دەستپێدەکات بەردەوام دەبێت بەرەو باکوور تا بە ڕۆژئاوایی شاری مەرعەش تێپەر دەبێت، پاشان لە درێژبوونەوە بەرەو باکور دەسورێتەوە، بە دەوری شاری سیواس بە تایبەت بەشی ڕۆژئاوایی پاشانیش بەشی رۆهەڵاتی و باکووری تا دەگاتە خاڵی یەکتر بِری بازنەی بانی ٤٠ باکوور و هێڵی درێژی ٤٠ ڕۆژهەڵات. ئەمەیان ئەوپەری درێژبوونەوەی سنووری کوردستانی گەورەی لەلای ئاراستەی باکوورەوە، پاش ئەم خاڵە هێڵی سنووری بە ئاراستەی باشووری ڕۆژهەڵات وەردەگرێت هەموو خاکی ولایەتی قادسی تورکی دەپڕێت دەگاتە سنووری ئەرمینیا لەوێشەوە بۆ باکووری شاری (ماکو) ئێرانی.

**٢ – سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گەورە:**

سەبارەت بە سنووری ڕۆژهەڵات هەرێمی کوردستان ئەمەیان بە درێژترین هێڵی سنووری کوردستان دادەنرێت، ئەم سنوورە لە باشووری هێڵی درێژی (٤٤) پلە ڕۆژهەڵات دەست پێدەکات دەڕوات بە درێژایی باشووری ڕۆژئاوایی خاکی ئەرمینیا پاشان یەکانگیر دەبێت لەگەڵ هێڵی سنووری نێو دەوڵەتی نێوان ئێران و ئەرمینیا پاشان لە رۆیشتن بەردەوان دەبێت بەرەو باشوور بە هاوتریبی کەناری رژئاوایی باشووری دەریاچەی اورمیە، دواتر بەردەوام دەبێت هێڵی سنوورەکە، بۆ باشوور تا بەرەو ڕۆژئاوایی شارۆچکەی ....؟ تێپەر دەبێت و هەروەها ڕۆژئاوایی شاری هەمدان دەروات بەم شێوەیەش ئەم شارە لە دەرەوەی سنووری کوردستان دەبێت هێڵی سنووری بەردەوام دەبێت لە درێژبوونەوەی هەردوو شاری کازرون وممانی لە ئەستانی شیراز لەخۆ دەگرێت، هێڵی سنوور لە گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵات کەنداوی عەرەبی بە کۆتا دێت لە نزیك بازنەی پانی (٣٠) باکوور.

**٣ – سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوای کوردستانی گەورە:**

هێڵی سنوور لەم ئاراستەیە لە باکووری بەندەری دیلم لەسەر کەنداوی عەرەبی دەست پێ دەکات بەرووی باکووردا. بەم شێوەیەش شاری ...؟ لە ئەستانی خۆرستانی بەجێی دەهێڵێت لە دەرەوەی سنووری کوردستان، لە هەمان کاتدا هەردوو شاری مزکەوتی سلیمان و دیزنول دەخاتە ناسنووری کوردستانەوە، بەم شێوەییە بەردەوام دەبێت هەتا دەگاتە سنووری نێودەوڵەتی عێراق و ئێران لەسەر بازنەی پانی (٣٤) باکور پاشان هێڵی سنوور دەچێتە ناو سنووری عێراق لە نزیك سنووری ئیداری پارێزگاری (کوت)، دواتر هەڵ دەکشێت بەرەو باکوور بەرەو ڕۆژئاوایی شارۆچکەی جحان و بەدرەو و مەندەلی دا تێدەپەر دەبێت بەهاو تریبی زنجیرە چیای حەمرین، هەتا دەگاتە هێڵی ڕووباری دیجلە لە نزیك شارۆزکەی فەتحە، دواتر هێڵی سنوور بەردەوام دەبێت بەهاوتریبی رێرەوی ڕووباری دیجلە بەرەو باکوور تا دەگاتە چەمکی باشووری شاری موسڵ لێرەدا هێڵی سنوور بەرەو ڕۆژئاوا هەڵدەگرێت بەرەو باشووری چیایی سنجار تاکۆ سنووری عێراق – سوریا.

**بەشی دووەم- تایبەندی سروشتی کوردستان:**

**١ـ تۆپۆگرافیای کوردستان:**

**تۆپۆگۆافیای کوردستان ،لەڕووی بەرزیی و نزمییەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، ناوچەی**

باكوورو ڕۆژهەلأت بە چیای بەرز دا پۆشراون کە بەرزایی هەندێکیان لە چوار هەزار مەتر زیاتر دەبێ. لە نێوان ئەو چیایانەدا چەند دەشتاییەکی تەخت هەن. ناوچەی باشوورو ڕۆژئاوا نزمن و چیایان کەمەو بەزۆری لە دەشتایی پێکهاتوون، لەڕووی ئەم دوو دیاردە خۆرسکییەدا چەندین تە پۆلکە هەن. بەگشتی تۆپۆگرافیای کوردستان لەسێ بەش پێك دێت:

١-چیاکان:

زیاترلە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان لەچیا پێکهاتووە، بەزۆری لەشێوە زنجیرە چیا دەبینرێن. ژمارەی چیاکانانیش بەتەواوی دیار نیە بە پێی هەندی سەرچاوە ژمارەی چیاکان (١٢٢) ە، و هەندێکی تریش ئەم ژمارەیە بەرز دەکاتەوەو دەلێت (٢٢٠) چیایە. لەگرنگترین چیاکان: زاگرۆس، ئەرارات ،شاهو ، کەبیرکوە، دالأهۆ،حەمرین،...هتد

٢- گردەکان (تە پۆلکە) :

گردەکانی کوردستان بەزۆری لە زنجیرەیەکی خوارو خێچی چەماوە پێك هاتووە. زۆربەرز نین بەلأم ئەگەر لەنزیك چیاکان نەبوونایە ئەوا هەر یەکیان بۆ خۆی چیایەك دەبوو، ئەم گردانە سوودیان زۆرە ، لەلایەکەوە دەغلۆدانیان لێ دەچێندری و لەلایەکی دیکەشەوە بەدەیان مێگەلی مەڕومالاتی لێ دەلەوەڕێندرێ ، لەگرنگترین گردو تە پۆلکەکان: بایەزید، بەرزنجە، پاسینلەر، کواندەر ،چوارتا، کێرت، ...

٣- دەشتەکان:

دەشتەکانی کوردستان بەزۆری لە پێچاو پێچی چەماوە پێکهاتوون، ڕووبەرەکانیان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەلأم بەهەموویان ١٥٪ ی ڕووبەری خاکی کوردستان پێکدێنن، گرنگترینیان : ئەمیر اباد، هەولێر،ئورفە ،جیزرە ،مەریوان ،شوی ،کەندێناوە ،شەنگار ، قەراج ... هتد.

٢- کەش و هەوا:

ئاو و هەوای کوردستان لە نێوان بیابانی گەرم و ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست دایە . جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ناوچەکانی کوردستاندا ، بەتایبەتی لە پلەی گەرماو بارستایی باران وجۆرە بارینەکانی دیکەدا ،ئەمەش بەهۆی کاریگەی چەند هۆکارێکە وەکو : ڕووپێوی جوگرافی ، دوورونزیکی لەدەریاوە ،وشکایی، بەرزو نزمی. بۆ نموونە پلەی گەرما لەباکووردا لەچاو پلەی گەرما لەباشووردا سێ کەرەت نزمترە . هەروەها تاکو لەباکوورەوە بەرەو باشوور بڕۆین بارستایی باران بەرەو کەمی دەڕوات و جۆرو شێوەی بارینەکانیش دەگۆڕێ ، ئەگەر هاتوو لەباکووردا بەفرێکی ئاسایی ببارێ ، ئەوا لەباشووردا بەدەگمەن نەبێ بەفر نابارێ ، بەتایبەتی لەباشووری ڕۆژئاوادا.

تێکرای پلەی گەرمای سالأ لە کوردستاندا مامناوەندییە، واتە ئاوو هەوا لەڕووی گەرمییەوە فێنکە . ئەمەش بۆ شوێنگەی جوگرافی ناوچەی فێنکی باکوور دەگەڕێتەوە . ئەو ژمارەیە لەهەندێ سالأدا ٣-٤ پلە زیاد دەکات ، لەسالی واشدا هەیە ١-٢ پلە کەم دەکات. بۆ نموونە لە وەرزی زستاندا پلەی گەرما لە شارەکانی باکووری کوردستان لە نێوان (٣٠° تا ٣٥°) لە ژێر سفر دایە و، لەناوچەکانی باشووری کوردستانیش لەهاویندا پلەی گەرما بەڕێژەیەکی گەورە بەرز دەبێتەوە لەنێوان (٣٥ °تا٤٥°) بەتایبەتی لەشاری خانەقین ، لەشاری هەولێر و کەرکووکیش دەگاتە (٤٥ ° تا ٥٠°) . تێکرای باران بارینی کوردستان لەسالێکدا لەنێوان (٢٠٠ تا ٤٠٠) ملم لەناوچە دەشتاییەکانی باشوورو ڕۆژئاوا ،بەلأم

لەناوچە شاخاوییەکاندا لە نێوان (٧٠٠ تا ١٠٠٠) ملم جارجاریش دەگاتە (٣٠٠٠) ملم .
٣- دەرامەتی ئاوی:
کوردستان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان بە ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی. سامانی ئاوی ساڵانە بە هەزاران ملیۆن مەتری سێگۆشە دەخەملێندرێ .ئەگەرچی نەکەوتبێتە سەر یەك لە دەریا یا ئۆقیانووسە گەورەکان ، بەڵام لەناوەخۆدا سەرچاوەی ئاوی زۆری هەیە ، ئەو ئاوەی لە چەندین ڕووبارو دەریاچە خۆی دەنوێنێت . تەنانەت بەسەرچاوەیەکی گەورەو گرنگی ئاوی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیا دەژمێردرێت ، چونکە ڕووبارو زێیەکانی کوردستان دەڕژێنە دەریا گەورەکانی وەکو کەنداوی عەرەبی و ئەسکەندەروونە و زەریای خەزەر و ڕەش و دەریاچەکانی وان و ورمێ و...
گرنگترین ڕووبارو دەریاچەکانی کوردستان بریتین لە :

یەکەم : ڕووبارەکان
کوردستان خاوەنی ڕووبارێکی زۆرە، دەکرێ لەڕووی درێژیی و قەبارەی ئاوەوە ، هەندێکیان لەگەڵ ڕووبارە مەزنەکانی جیهاندا بەراورد بکرێن ، هەندێ دیکەشیان لەبەر کورتییان تاکو ئێستا شوێنیان لەسەر نەخشەکان دیاری نەکراون.
لەخاکی کوردستاندا زیاتر چوار ڕووباری گەورە سەرچاوە دەگرن ، کە بریتین لە :

١- ڕووباری ئاراس : درێژاییەکەی ٩٢٠ کم ، لەناوچەی ( بینگۆل ) لەتورکیا سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە دەریای قەزوین. لە گرنگترین لقەکانی لە نێو خاکی کوردستاندا : چەمی ئارپا و چەمی دیگۆر و هیدیکە.

٢- ڕووباری دیجلە : لە دەریاچەی (گوولجوك ) سەرچاوە دەگرێت ، درێژییەکەی لەسەرچاوەکەیەوە تاکو لەگەڵ ڕووباری فوراتدا تێکەڵ دەبێت (١٩٠٠) کم ، درێژییەکەی لەنێو خاکی کوردستاندا لە دەوروبەری ٨٤٧ کم ،کە بە زەوییەکانی عێراقدا بەرەو خوار تێدەپەڕێت تا لەنزیك شاری ( بەسرا ) لەگەڵ ڕووباری ( فوڕات ) تێکەڵ بەیەك دەبنەوەو ( کەنداوی عەرەب ) پێکدەهێنن . هەندێ لەلقەکانی بریتین لە : چەمی بەرکیلین ، ڕووباری خابوور ، زابی گەورە ، زابی بچووك ، ئاوی سیروان ، ڕووباری عوزێم ،...
٣- ڕووباری فورات : لە دوو سەرچاوە پێکدێت ، یەکێکیان (فرات صو) لە دملو تە پە هەڵدەقوڵێت لە باکووری ئەرزوڕم ، سەرچاوەکەی تریش (مراد صو) لە (ئوڵو داغ) کە دەکەوێتە نێوان شاخی ئەڕارات و دەریاچەی وان ، ئەم دوو لقەش لەباکووری ( ئالازیغ ) دەگەنە یەك ڕووباری فورات پێکدەهێنن. درێژی ڕووباری فورات لەسەرچاوەکەیەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە لەگەڵ ڕووباری دیجلە یەکدەگرێتەوە و کەنداوی عەرەب پێکدەهێنن ، ٢٨٠٠ کم ، کە ٢١٧٠ کم بەخاکی کوردستاندا تێدەپەڕێت . بۆیەش بەدرێژترین ڕووباری کوردستان دادەنرێت.
٤- ڕووباری قزل ئۆزۆن: ئەم ڕووبارە لە ڕۆژئاوای شاری (دیواندەرە) ی کوردستانی ڕۆژهەلات (ئێران) سەرچاوە دەگرێت ، لەباشووری شاری (ڕەشت) کە پێی دەڵێن (سفیدڕوود) دەڕژێتە دەریای قەزوین.
دووەم: زێیەکان

زێی لە ڕووبار بچووکترە ، کوردستان لەچەند زێیەکی گرنگ پێك دێت ، لەوانە :
١- زێی گەورە : لقی هەرە گەورەی ڕووباری دیجلەیەو لە کوردستانی باکوورەوە سەرچاوە دەگرێت بەرەو کوردستانی باشوور درێژ دەبێتەوە ، تاکو دەگاتە ئاوبەندی بێخمە ، لەوێدا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات ، تاکو لە باشووری شاری موسڵ ، دەڕژێتە نێو ڕووباری دیجلە.
٢- زێی بچووك: لە ئاوەکانی دەشتی لاهیجانی ڕۆژئاوای شاری مهاباد پێکدێت ، درێژاییەکەی لەهەندێ سەرچاوەدا ٤٠٠٠ کم ، واتە بەدرێژترین لقی ڕووباری دیجلە دەژمێردرێت . لە سنووری قەڵادزێوە دەپەڕێتە کوردستانی عێراق و دەڕژێتە ئاوبەندی دۆکان ، لەوێشەوە بەرەو پردێ دێت ، لەئەنجامدا لەگەڵ زێی گەورەدا دەڕژێتە ڕووباری دیجلە.
٣- زێیەکانی بەتلیس و بۆتان لە کوردستانی باکوور.
٤- زێی سیروان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو کوردستانی باشوور درێژدەبێتەوە.

سێیەم : دەریاچەکان

لە کوردستاندا چەند دەریاچەی گرنگ هەیە لەوانە :
١- دەریاچەی وان: گەورەترین دەریاچەیە لە کوردستاندا ، دەکەوێتە باکووری کوردستان ، ڕووبەرەکەی ٣٧١٣ کم $^2$، بەرزاییەکەی ١٦٤٦ م لەسەر ڕووی دەریاوە . ئاوەکەی سوێرە.
٢- دەریاچەی ورمێ: دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ڕووبەرەکەی ٦٠٠٠ کم $^2$.
٣- دەریاچەی گوولجوك ( خەزەر ) : دەکەوێتە باکووری شاری دیاربەکر ، بەرزاییەکەی ١١٥٥ م لەئاستی دەریاوە.
٤- دەریاچەی زرێبار ( زریوار ) : دەکەوێتە ناوچەی سنە نزیك شارۆچکەی مەریوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ، ڕووبەرەکەی ٧٧ کم $^2$.

بەشی سێیەم /تایبەتمەندی مرۆی کوردستان

١ – دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی پێکهاتە :

دانیشتووانی کوردستان هەر لەکۆنەوە لەچەند نەتەوەیەکی جیاواز بە ڕەچەلەك و زمان و داب و نەریت و مێژوو و ... پێکهاتووە.

کورد گەورەترین نەتەوەیە لە کوردستان ، بەگوێرەی خەمڵاندن لەساڵی ٢٠١٠ دا ڕەگەزی کورد ٧٥٪ ی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان پێکدەهێنن ،نەتەوەکانی تریشی بریتین لە ( تورك ، عەرەب ، عەجەم ( ئازەری ) ،تورکمان ، ئاشووری ، ئەرمەن ، کلدان ، فارس ،... .

لەبارەی ئاینی کوردانەوە ، کوردستان یەکێکە لە وڵاتانەی کە دانیشتووانەکەی لەسەر ئاینی جۆراوجۆرن ،وەك ئاینی ئسلام، زەردەشت ، جولەکە، مەسیحی ،...

لەبارەی ئاینی کوردانەوە زانای ڕووسی ( مینورسکی ) دەڵێت : کورد پێش ئەوەی موسلمان بن مەسیحی بوون . هەندێ توێژەری تریش ئاماژەیان بەوە کردووە کەوا کورد لەئاینە کۆنەکەیەوە ( زەردەشتی ) بوونە موسڵمان بێ ئەوەی بەمەسیحییەتدا ڕەت بن.

لەڕاستیدا مەسیحی یاخود جوولەکە بوونی کورد ئەو ڕاستیە ڕەت ناکاتەوە کە کورد لەسەرەتادا پابەند بوو بەئاینی زەردەشت .

پەیدا بوونی ئیسلام لە کوردستاندا ، بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینی دەگەڕێتەوە ، لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب بەشێك لە کوردەکان بوون بە موسڵمان ، بەلاّم ئێستا زۆرینەی نەتەوەی کورد موسڵمانن سەربە مەزهەبی سونەن کە ٧٥ ٪ ی کورد پێکدێنێت لە ئاینزاکانی ( شافعی ، حەنەفی ، مالیکی ، حەمبەلی ) یە.

٢٠ ٪ یشی لەسەر مەزهەبی شیعەن کە لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کرماشان و لوڕستان و دەرسیم و کەرکووك و خانەقین وبەغدا...هتد دەژین .

٥٪ ی هەندێك سەر بەئاینی جوولەکەن ،ئەوانی تریش عەلەوی و ئێزیدی و کاکەیی و ئەهلی حەق ( عەلی ئیلاهی ).

٢- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی ژینگە :

زۆربەی کوردەکان لە لادێدا دەژیان و کەمیان لەشاربوون ، بەلاٚم بەفرەوان بوونی شارە کوردیەکان و ئاوەدانی وای کردووە ڕووبکەنە شارەکان و وەك شارە گەورەکانی ولاٚتانی تر تیا یدا ژیان بەسەر دەبەن.

کۆمەڵگای کوردی وەك هەر کۆمەڵگایەکی تری ڕۆژهەلاٚتی دیاردەی عەشیرەت گەرایی تێدا باوە ، هەروەك ( ویلیلم ئینگتۆن ) لەم بارەیەوە دەڵێت : سیستمی کۆمەلاٚیەتی کوردی لەسەر بنچینەی عەشیرەتگەرایی و وەفا ئاینیەکان دامەزراوە.

خێزانی کوردی بە پێی سیستمە کۆمەلاٚیەتییەکەی دەچێتە ژێر رکێفی سیستمی باوك سالارییەوە ، کە کوڕ لەئافرەت بەبەرزتر دادەنرێت.

٣- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی قەبارە:

١- تورکیا :

ژمارەی کورد لەتورکیا نزیکەی ( ٢٠ ) ملیۆنە و( ٢١ ) ویلایەت پێکدینن لە ( ٩٠ ) ویلایەت، ناوچەکوردییەکان دەکەونە ڕۆژهەلاٚت و باشووری ڕۆژهەلاٚتی تورکیا، وەك :( ئەرزورم ، قارس، مەلاتیە ، دەرسیم ( تونجەلی ) ، باتمان ، ئالازیغ، بینگۆل ، موش ، ئەدییمان ، دیاربەکر، سیرت ، بەتلیس ، وان ، ئورفە، ماردین ، هەکاری ، شرناخ ، گازی عەنتاب ، مەرعەش،.... هتد ). جگە لەم ویلایەتانەش ژمارەیەکی زۆر لە ویلایەتەکانی سیواس و ئەنقەرە و ئەستەنبوول و ئەدەنە و ئیزمیرو مارسین هەیە.

٢-ئێران :

ژمارەی کورد لەئێران زیاتر لە ( ١٠ ) ملیۆنە ، کەلە ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژئاواو باشووری دەریاچەی ورمێ بلاٚوبوونەتەوە ، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە ( ماکۆ ، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ، مهاباد ، سنە ، قەسری شیرین ، کرماشان ، بۆکان ، سەقز، سەردەشت ، بانە،مەریوان ،....هتد ) . و ناوچە کوردە لوڕەکانیش بریتین لە لورستان و ئیلام و بەختیاری و.... هتد .

٣-عێراق :

ژمارەی کورد لەعێراق زیاتر لە ( ٦ ) ملیۆنە ، لەباکورو باکووری ڕۆژهەلاٚت بلاٚوبوونەتەوە ، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە ( هەولێر ، سلێمانی ، کەرکوك ، دهۆك، و قەزاکانی تر وەك سنجار و زمار شێخان ئاکرێ وحەمدانیە و لای چە پی موصل

خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالا ،کوت و بەغداو هەندێ ناوچەی تر.
٤-سوریا :
ژمارەی کورد لەسوریا لە (٢) ملیۆن زیاترە، ناوچە کوردییەکان دەکەوێتە باکورو باکوری ڕۆژهەلات ، ئەم شارو ناوچانە دەگرێتەوە (دێرەلۆك و پارێزگای حەسەکە بەتایبەتیش لەقەزاکانی ناوچەکانی قامیشلی و مالیکی و ئامودە ودەرباسی و سەرکانی (رأس العين) دەگرێتەوە ، لە پارێزگای حەلەبیش لەسەر ناوچەکانی کوبانی و عەفرین و شارەکانی ئەدلەب و لازقیە ، لەهەندێ شاری تریش وەك دیمەشق ، حماە ،جولان ....هتد.
٥- هەندێ ولاتی تر: وەك لوبنان، ئیسرائیل، پاکستان، ئەفغانستان، ولاتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەوانە (ئەرمینیا و ئازەربایجان و گورجستان، تورکمانستان)، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری کوردی نیشتەجێ لە ئەوروپا.
بەگشتی دەکرێ بگوترێ سەرجەم ژمارەی کورد لە جیهاندا بەمەزەندە (٥٥) ملیۆن کەس دەبن.

بەشی چوارەم : ژیانی ئابووری لە کوردستاندا
١ـ کشتوکاڵ:
کوردستان یەکێکە لەو ولاتانەی ، کە چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی جۆراوجۆری لێدەچیندرێ و دێتە بەرهەم ،تایبەتمەندی و گرنگی زۆری هەیە لە ڕووی ئابوورییەوە ،
ڕۆڵێکی بەرچاویش دەبینێت لە دابینکردنی خۆراك بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ .
گرنگترین بەرووبوومە کشتوکاڵیەکانیش بریتین لە : گەنم ، جۆ ، برنج ، نیسك ، نۆك ، دنکە لۆکە ، چەوەندەری شەکر ، کونجی ،گوڵەبەڕۆژە ، پیاز ، سیر ،هەرمێ ، سێو ،زەیتون ،گوێز ،...هتد.
٢- سامانی کانزایی :
کوردستان ولاتێکی دەوڵەمەندە بەسامانی کانزایی ، بەتایبەتی سامانی نەوت . هەر ئەم سامانەشە وای لە کوردستان کردووە ببێتە گۆڕەپانی شەری هەرێمایەتی و داگیر کردن و بردنی خێر و بێری .بیرە نەوتییەکان لەهەموو شوێنەکانی کوردستان بلاوبوونەتەوە ، لە گرنگترین گێڵگە نەوتییەکانی کوردستان :
١- سییرت - دیاربەکر و باتمان لە کوردستانی تورکیا .
٢- شاە ئاباد و قەسری شیرین لە کوردستانی ئێران.
٣- (عین زالە ) لە موصل و (بابەگوڕگوڕ – بای حەسەن – زەنبوور ) لەکەرکووك و (نەفتخانە) لە خانەقین لە کوردستانی عێراق .
٤- ( رومیلان ) لە کوردستانی سوریا. تاکە سەرچاوەی سوریایە بۆ نەوت.
هەروەها کانزای تر هەن لە کوردستان وەکو ( ئاسن ، مس ، فۆسفات ، یۆرانیۆم ، گۆگرد ، کرۆم ، بەردی بەنرخ ، .... هتد.
٣- سامانی ڕووەکی :
کوردستان دەوڵەمەندە بە ڕووەکی سروشتی ، چ لە ڕووی بوونی چەندین داری جۆراوجۆر، وەك : هەنجیر ، بەلاڵۆك ، بادەم ، بادەمی کێوی ، دارتوو ، بەروو، دار هەنار ، دارسماق ، سنەوبەر، ... هتد یاخود لە ڕووی گیاو گوڵی

**خۆڕسكییەوە كە بۆ ڕەنگ و كاری پزیشكی وچەسپ و بۆن و خۆراك بەكار دەهێندرێن .**

**٤- سامانی ئاژەڵ ( زیندەوەر):**

**كوردستان خاوەن سەرمایەكی زۆری زیندەوەرو ئاژەڵە، كەبۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەكاردەهێنرێن، دەكرێ دابەشی چەند بەشێك بكرێن وەك:**

**١- ئاژەڵی باركێش وەك : هێستر، ماین ، ئەسپ ، گوێدرێژ .**

**٢- ئاژەڵی ورد وەك : مەڕ ،بزن .**

**٣- ئاژەڵی درشت وەك : چێڵ ، گا ، مانگا ، حوشتر .**

**٤- باڵندەكان وەك : كەو ،بولبول ،كۆتر ،چۆلەكە ، قەتێ ، ڕەشۆڵە ،قازو ،مراوی و ...هتد**

**٥- ئاوییەكان وەك : ماسی كەچەندین جۆری هەیە وەك : ماسی ڕەش ، ماسی زێڕی ، پشیلە ماسی ،... هتد**

**٦- خشۆكەكان وەك: مار ، كیسەڵ ، مارمێلكە ،ماری ئاوی ، ماری ڕەش ، ...هتد**

**٧- شیردەرەكان : ئاسك ، بزنە كێوی ، كەروێشكی دەشتی ،كەروێشكە مشك ،...هتد**

**٨- دڕندە: گورگ ، چەقەڵ ، ڕێوی ، ورچی قاوەیی ، قەبر هەڵكەنە، پڵنگ ،بەراز،..هتد**

**١- گەشتوگوزار لە كوردستانی گەورە**

خاكی كوردستان بریتییە لەو شوێن و ناوچانەی كە باشوری خۆرئاوای كیشوەری ئاسیا پێكدەهێنێت، لە دوای لكاندنی بە بە هەریەك لە وڵاتانی (عێراق، ئێران، توركیا، سوریا) لە دوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە. خاكی كوردستان لە چیا و زنجیرە چیا، دەشت، دۆڵ و گرد پێكهاتووە. زستانی ساردە و باران بە رێژەی جیاواز لێی دەبارێت، هەروەها بەفر بە هەمان شێوە بە رێژەی جیاواز دەبارێت، بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەكاندا، كە بووەتە هۆی دروستكردنی كانیاوی زۆر و ڕووباری گەورە و بچووك (دیجلە و فورات لە بەشی باكوری وە (زێی گەورە، زێی بچووك، سیروان و خابوور) لەبەشی باشوری، كە بەیەكەوە دەرژێنە ڕووباری دیجلەوە). ناوچە شاخاوییەكان بە دار و دەوەنی جۆراوجۆر داپۆشراون. هاوین لە پێدەشتەكان گەرمە و لە ناوچە شاخاوییەكان مامناوەندی و فێنكە، واتە هەرچەند بەرەو چیاكان برۆیت، پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە. كۆمەڵێك لووتكە چیای بەرزی لێهەڵكەوتووە.

لە ڕوانگەی بنەماكانی گەشت و گوزار لە كوردستانەوە، دەبینین كە سرووشت و مێژوو و شارستانییەت زۆر كەرەستە لە خۆ دەگرن، وەكو شوێنە گەشتیاری و ئایینی و كۆنە جیاجیاكان، دۆڵەكان، شیوەكان، گردەكان، كێوەكان، ئەشكەوتەكان، نەخشە تاشراوەكان،ڕووبارەكان و بنكە ئاییەنیەكان. هەروەها كەشوهەوای خۆشی كوردستان یارمەتیدەرن بۆ هاتنی گەشتیاران بە درێژی ساڵ.

## دووەم: مێژوو :تەوەری مێژووی كورد لە بابەتی كورد {كوردناسی}

**كوردناسی:**

**کوردناسی** وەکو چەمك لە مێژووی ئەدەب و کەلتووری زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە و کورد ناسەکان بەر لە کورد لــە کوردیــان کۆڵیوەتەوە ،ئەو هەموو توێژینەوە و ڕا پۆرتانەی کە ڕۆژئاوایەکان لەسەر کوردیان نوسیووە بەشێکی گرنك لە کەلــە پوور و کەلتووری کوردی پێك ئەهێنن.

**کوردناسی** :لقێکە لە ڕۆژهەلاٚتناسی بە واتایێکی تر کوردناسی لە هەناوی ڕۆژهەلاٚتناسییەوە لــە دایــك بــووە، چــونکە ئەویش وەك ڕۆژهەلاٚتناسی بینینی ڕۆژئاوایە بۆ کورد.

**کوردناسی** : لەسەرەتادا لە ئەوروپا بە فراوانی لە رووسیای قەیسەری گەشەی سەند و چەندین ئەکادیمیا و پــە یمانگای زانستی دامەزران بۆ ئەم مەبەستە و هەروەها ولاٚتانی دیکەش وەکو ئیتالیا و فەرەنسا و ئینگلتەرا توێژینەوەیان لەســەر نەتەوەی کورد کردووە، ئەم ڕژهەلاتناسانە بە یارمــەتی کــورد یــاخود بــە زۆر هاتونەوتــە کوردســتان، دەکرێــت بلــێن **کوردناسی** ئەو ئەو زانستەیە کە خۆی خەریك دەکات بە ناساندنی مللەتانی ڕۆژهەلاٚت بە گشــتی و نەتــەوەی کــورد بــە تــایبەتی لە روی ڕەگەز و مێژوو وزمان وئەدەب و فۆلکلۆر و زارەکان و جوگرافیا .......هتد.

**باسی چوارەم/ کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەمدا :**

**یەکەم/بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان لەسەدەی نۆزدەهەمدا :**

**أ-بارودۆخی ئابووری:**

کۆمەڵی کوردەواری لەو ماوەیەدا، بۆ سەر عەشیرەتەکانی کۆچەر، نیوە کۆچەر (تێکەلاٚو) و نیشتەجێ، دابەش ببوو. عەشیرەتە کۆچەرەکان بەخێوکردنی مەڕومالاٚت پیشەی سەرەکییان بوو. نیمچە کۆچەرییەکانیش خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردن بوون، عەشیرەتە نیشتەجێکانیش جگە لە کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردن، هەندێ لە ئەندامەکانیان خەریکی کاری دەستی تر بوون. لەهەندێ ناوچەی کوردستان، کەلوپەل و شمەکی بازرگانی بەرهەم دەهات. ساڵانە لە حەلەب و دیمەشق و شارەکانی تری ڕۆژهەلاٚتی نزیکەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لەوانەی مەڕ و مالاٚتیان دەکڕی دەهاتنە کوردستان، بەرهەمی خوری و هەزاران سەر مەڕ و مالاٚتیان دەکڕی و بۆ ئەستانە و میسریان دەگواستەوە. بەرهەمی پێستەسازی شاری(بەتلیس)یش گەیشتۆتە فڕەنسا. بەرهەمە کشتوکاڵی و سروشتییەکانیش، وەکو گەنم و جۆ، گوێز، بەڕوو، مازو، داری تەختە، کەتیرە(صمغ)، ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان کراون.

**ب-بارودۆخی کۆمەلاٚیەتی:**

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی عەشیرەتیی دەســتی بەســەر ژیــانی کۆمەلاٚیــەتی خەڵکــدا گرتبــوو. عەشــیرەتیش بــۆ چــەند یەکەیەکی بچووکتر دابەش دەبوو، تاکەکانی هەر عەشیرەتێك بــە تــەواوی ملکەچــی ســەرۆکەکانیان دەبوون،کــە زۆربــەی جــار بەشێوەی بۆماوەیی یان(پشتاو پشت)، یاخود لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز، هەڵبژاردن، یاخود لەلایــەن دەوڵەتــەوە دەســەلاٚتیان وەردەگرت.

لەبارەی ئایینەوە، ئایینی ئیسلام ئایینی سەرەکی دانیشتوانی کوردستان بووە، بە تایبەتی ئایینزای سوننە، جگە لــە بــوونی چەند ئایین و تایەفەیەکی تری وەکو ئێزدی، زەردەشتی، مەسیحی، عەلی ئیلاهی و ئەهلی حەق و ...هتد. لە گەڵ بــوونی چــەند ڕێبازێکی سۆفیگەری ودەروێشێتی، بەتایبەتی ڕێبازی نەقشبەندی و ڕێبازی قادری.

لە بارەی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە، ئەوەی کە زیاتر لەم بوارەدا ڕۆڵی هەبووە، بریتی بووە لە مزگەوت و (قوتابخانە ئایینییەکان). شیاوی باسە، ئەو قوتابخانانەی کە دەزگا مزگێنیدەرەکان دایانمەزراندبوو، ڕۆڵیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی فێرکردن لە نێو مەسیحییەکاندا.

لەڕووی تەندروستیشەوە، خەڵکی کوردستان، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی پەنایان دەبردە بەر کەسانی خاوەن ئەزموون، وەکو ئەو پزیشکە میللیانەی بە (حەکیم) یان (تەبیب) ناسراوبوون و زیاتر ڕووەکی سروشتیان لە چارەسەرکردندا بەکاردەهێنا. شکستی ئێسقان، لە ڕێگەی بەیتاڵەکانەوە چارەسەر دەکرا. بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست و (ڕۆماتیزم)، پەنایان بۆ کانیاوە سروشتییەکان دەبرد. چەند ڕێگایەکی تری مەعنەویش هەبوو، کە خەڵکی پەنایان بۆ دەبرد. لەوانەش: پەنابردنە بەر نزاو پاڕانەوە لەخودا و پیاو چاکان. جگە لە کاری نوشتەکاری و جادوگەری و هی تر، کە ڕەنگدانەوەی دواکەوتوویی باری تەندروستی و ڕۆشنبیری خەڵك بوو.

لە بارەی ژنانی کوردەوە، لە مێژووی نوێی کورددا ژنی وا هەڵکەوتووە، کە سەرکردایەتی عەشیرەت، یان میرنشینیان کردووە. لە بارەی شووکردنیانەوە، وا دەرکەوتووە کە ژنی کورد، بە بەراورد لەگەڵ ژنانی گەلانی تری ناوچەکە، ئازادتر بوونە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیاندا. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو جۆرە ئازادییەی کە ژنی کورد لەناو خێزان و عەشیرەتدا هەیبوو. لە بارەی میواندریشەوە، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسان و گەڕیدەو لێکۆڵەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کورد پابەندن بە ڕەفتاری جوان و چاوتێری و پێشوازی لە میوان.

### ج- بارودۆخی سیاسی و بووژانەوە و ڕووخانی میرنشینەکان:

لەسەدەی نۆزدەهەمدا، چەند سیمایەکی جیاکەرەوە لەمێژووی سیاسی کوردساندا بەدی دەکرا. کە دەکرێ لەم خاڵانەدا کۆیان بکەینەوە:

یەکەم: بریتی بوو لە بەرپابوونی زنجیرەیەك ڕا پەڕینی کوردی دژی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری، لە چوارچێوەی میرنشینە کوردییەکاندا. بەتایبەتی لەو میرنشینانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی.

دووەم: بریتی بوو لە شەڕ و شۆڕی بەردەوامی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری و ڕوسیا، بەهۆی ڕکابەرێتیان لەسەر کوردستاندا. لەم حاڵەتەشدا کوردستان زەبری سەرەکی پێدەکەوت.

سێیەم: بریتی بوو لە خزینی زلهێزە ئەوروپاییەکان و ئەمریکا بۆ ناوچەکە. ئەوانەی لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، لەکاتی پێویستدا هاوکاری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجارییان دەکرد. لە هەمان کاتیشدا دەیانویست سوود لە لاوازی و دوو بەرەکی نێوان هەردوو دەوڵەت ببینن و لەسەر حسێبی ئەواندا دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا پەرە پێ بدەن و موڵکەکانیشیان دابەش بکەن.

### -بووژانەوە و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا:

سیاسەتی خراپی کاربەدەستانی عوسمانی و قاجاری، کە هەوڵیان دەدا میرنشین و سەرکردەکانی کورد بکەن بە گژ یەکدا تا لاوازبن و یەکنەگرن، بڵاوبوونەوەی بەرتیل لە نێو فەرمانبەران، بەرز کردنەوەی ڕێژەی باجەکان و چاو بڕینە دەست بەسەرداگرتنی سامانی میرنشینەکان، هەوڵدان بۆ سە پاندنی دەسەڵاتی مەڵبەند لە کوردستاندا، کاردانەوەی بەهێزی لای میرنشینە کوردییەکان لێ کەوتەوە.

میرنشینی بابان لە سەردەمی ئەورەحمان پاشا(١٧٩٩-١٨١٣)، توانی بەرهەڵستی دەوڵەتی عوسمانی و،ئێرانی قاجاری بکات و ، بۆ ماوەیەکیش ڕۆڵی گرنگی لە سیاسەتی ئەو سەردەمەی کوردستاندا بگێڕێت. لۆنگریك(Longrigg) لە بارەی هێز و

دەسەڵاتی میرنشینی بابانەوە، لەسەردەمی (ئەوەڕەحمان پاشا)دا، دەڵێ: "دانانی حاکمەکان و لێخستنیان، لە ویلایەتێکی گەورەی تورکدا [بەغدا]، لە تایبە تمەندییەکانی حکومەتی بابان بوو...".

میرنشینی سۆرانیش، لە سەردەمی میر محەمەد(١٨١٣-١٨٣٦)دا، توانی پەرە بە هێز و دەسەڵاتی بدات و ڕوو بەڕووی هەر یەك لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری ببێتەوە. ئەمەشی لە دوای گرنگترین ئەو کردارانەی بوو کە لە ماوەی چەند قۆناغێکی دوابەدوای یەکدا، ئەنجامی دا. بەتایبەتی دوای سەرکەوتنەکانی بەسەر ڕکابەرانی ناوخۆ و، لە ساڵانی خۆقایم کردن و بەرفراوانکردنی سنووری میرنشینەکەیدا.

میرنشینی بۆتانیش، لە سەردەمی میر بەدرخاندا (١٨٢١-١٨٤٧)، دەسەڵات و هێزی گەیشتە ئەو پەڕی. بەتایبەتی کە ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بۆوە و سنووری دەسەڵاتەکەی فراوان کرد. گرنگترین کاری میر بەدرخان بریتی بوو لە گرێدانی (پە یمانی پیرۆز) لەساڵی(١٩٢٩) لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە میر و سەرۆکەکانی کورد لە پێناو بەدیهێنانی جۆرێك لە یەکێتی و هەماهەنگی لەنێوان کورداندا. میرنشینی بادینانیش لەسەردەمی زوبێر پاشای دووەم (١٨٠٨-١٨٢٤) و موحەمەد سەعید پاشا (١٨٢٤-١٨٣٣)دا، تا ڕادەییەك دەسەڵاتی خۆیان چەسپاند، لە ڕێگای هێورکردنەوەی بارودۆخی میرنشینەکەو زاڵ بوون بەسەر هەندێ لەو بەرهەڵستکاریانەی کە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، هاتە دی.

میرنشینی ئەردەڵان، کە لە میرنشینە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی قاجاری بوو، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمانوڵڵاخانی گەورە (١٧٩٩-١٨٢٥)دا، ڕۆڵی هەبوو لە سە پاندنی دەسەڵاتی میرنشینەکەو بڵاوکردنەوەی ئارامی لە ناوچەکەدا. لە میرنشینی موکریانیشدا ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان میرنشینەکە لەگەڵ قاجارییەکان بەردەوام بوو. لەسەردەمی(عەبدوڵڵا خان)ی دوا میریاندا چەند هەوڵێك درا بۆ بەجێگەیاندنی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە و ئاسایش لە میرنشینەکەدا.

میرنشینە کوردییەکان لەسەردەمی ڕا پەڕینەکاندا یەکگرتوو نەبوون، ئەمەش وای کرد لە ئاکامدا ڕا پەڕینەکان سەرکوت بکرێن. دەکرێ ئەمەش بگێڕینەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە: سیاسەتی (پەرتکەو زاڵ بە) بوو کە هەر یەك لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری لە دژی میرنشینەکان پیادەیان دەکرد. هەروەها سەختی ڕێگاکانی پەیوەندی و گواستنەوە، نەبوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، نزمی ئاستی هۆشی نەتەوەیی، هەروەها هەڵوێستی خراپ و نەرێنییانەی زلهێزەکانی وەکو بەریتانیا و ڕووسیا و ئەمریکا لەبەرامبەر هێز و دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان و، باڵادەستی توانای جەنگی و سەربازی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری، ئەمانەش کاریگەری بەرچاویان لەسەر ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان هەبوو. ئەوەبوو میرنشینی سۆران دوای لەناوبرنی(میر محەمەد) لەساڵی(١٨٣٦) بەرەو ئاوابوون چوو. میرنشینی بۆتان لەساڵی(١٨٤٧)، میرنشینی بابان (١٨٥١)، میرنشینی ئەردەڵان(١٨٦٧) و ...هتد ڕووخان.

-هەندێ لایەنی شارستانی میرنشینە کوردییەکان:

**یەکەم/ لەڕووی بونیادنان و ئاواکارییەوە:**

میرنشینەکان لەماوەی فەرمانڕەواییاندا گرنگیان بە لایەنی ئاوەدانکردنەوە دابوو. بوونی چەندین کۆشك و تەلار و قەڵا و شورای پتەو بە شێواز و دیزاینی سەردەمییانە و بەپێی پێویستی لایەنی کارگێڕی و سەربازی بەڵگەی ڕوونن لەم بارەوە. بونیادنانی شاری سلێمانی(١٨٧٤) و شاری سنە، چەندین قەڵا و شورا و بەرزە منارە لە میرنشینی سۆران نمونەی ڕوونی ئەو گرنگیپێدانانەن.

**-دووەم/ لەڕووی زانست و زانیارییەوە:**

لەم ڕووەوە گرنگی زۆر بە بونیادنانی مزگەوت و حوجرەکان درابوو، کە لەو کاتەدا مەڵبەندی گەورەی زانست و زانیاری بوون بەگشتی. وەکو مزگەوتی(دار الاحسان) لە شاری سنە لە سەردەمی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی ئەردەڵان(١٧٩٩-١٨٢٤) و چەندین

حوجره و قوتا بخانەی ئایینی تر لە میرنشینی ئەردەلان، هەروەها مزگەوتی( قوبەهان ) لە ئامێدی و کتێبخانەی( قەلاچۆلان ) و ( مزگەوتی گەوره ) لە سلێمانی.ئەمە جگە لەدەرکەوتنی چەندین زانای ئایینی وەکو( صبغەالله حەیدەری، مەلا سەعیدی بەیتوشی، شێخ مارفی نۆدێی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەلا یەحیای مزوری...هتد )، لەگەڵ کەڵەشاعیرانی وەکو( نالی، کوردی، سالم، عەلی بەردەشانی، شێخ نورالدینی بریفکانی...هتد.

**سێیەم/ لەڕووی سەربازییەوە:**

لەم ڕووەوە گرنگی بەڕێکخستنی ڕیزەکانی لەشکری میرنشینەکان و دابینکردنی چەك و تەقەمەنی و بونیادنانی قەلا و قوللەی سەخت درابوو. وەکو دروستکردنی تۆپ لە میرنشینی سۆران لەسەردەمی ( میر محەمەد )کە بە تۆپەکەی ( وەستا ڕەجەب ) دەناسرێت. هەروەها لەناوچەی (ئامێدی)یدا گرنگی بە دامەزراندنی کارگەی ئامادەکردنی ئاسن و قوڕقوشم درابوو بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان لەبواری سەربازیدا.

**چوارەم/ لەبواری کارگێڕیدا:**

لەم ڕووەوە گرنگی بە ڕێکخستنی دامەزراوەکانی میرنشینەکان دراوە، وەکو ڕێکخستنی پەیکەربەندی دەستەی کارگێڕی و پلە و پایەکانیان، کە کەسی( میر ) لە سەرووی هەمووانەوە بوو. ئینجا موفتی( یاخوود قازی ) تایبەت بە میرنشینەکە و نووسەری تایبەتی و ئەمینداری( بیت المال ) و پۆلیس و...هتد.

**پێنجەم/ لەڕووی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە:**

لەم ڕووەوە گرنگی بە ئاوەدانکردنەوەی ڕێگاکانی بازرگانی و فەراهەمکردنی ئارامی و ئاسایش و دامەزراندنی ( خان )ەکان دراوە. لەچەند میرنشینێکیشدا سکەی تایبەت لێدراوە. هەروەها دامەزراندنی گەرماوە گشتییەکان و دڵنیابوونی خەڵك لە سەر و ماڵ و سامانیان کاری لە پێشینەی هەندێ میری کورد بووە لەماوەی فەرمانڕەواییاندا.

**-بزاڤ و ڕا پەڕینە کوردییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا:**

دوای ڕووخانی میرنشینەکان و دوورخستنەوە و لەناوبردنی میر و سەرۆکە کوردییەکان و دانانی فەرمانبەرانی بێگانە لە شوێنیاندا، پیادەکردنی پرۆسەی بەزۆر ڕاگواستنی کورد و خراپبوونی بارودۆخی ئابوورییان، هەلومەرجی گشتی کوردستان دژوار بوو، ئەمانەش بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەند ڕا پەڕینێك لە کوردستاندا. گرنگترینیان بریتی بوون لە:

**١-ڕا پەڕینی یەزدان شێر:**

لێخستنی یەزدان شێر لە دەسەڵات بوو بە هۆکاری ڕاستەوخۆی تەقینەوەی ڕا پەڕینەکە. دیارە سەر قاڵیی دەوڵەتی عوسمانی بە شەڕی ڕووسیا لە جەنگی قرم( ١٨٥٣-١٨٥٦ )دا، دەرفەتێکی باش بوو بۆ ڕا پەڕین لەساڵی ١٨٥٤دا. یەزدان شێر هەوڵیدا سوود لە هاوکاریی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕووسەکان وەربگرێت، بەڵام ڕووسەکان وەڵامیان نەدایەوە، ئەوەبوو بەهۆی بالادەستی لەشکری عوسمانی و جموجۆڵی سیخوڕ و دیپلۆماتکارە بەریتانییەکان کە توانیان چەند سەرکردە و بەگێکی کورد لە ڕا پەڕینەکە دووربخەنەوە و یەزدان شێریان ناچارکرد بچێتە کونسوڵخانەی بەریتانی لە موسڵ و خۆی بەدەستەوە بدات. دواتریش ڕەوانەی ئەستانە( ئەستانبۆڵ ) کرا و بۆ بولگاریا دوورخرایەوە.

**٢-شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری:**

ئەم شۆڕشەی کوردان بەڕابەرایەتی ( شێخ عوبەیدوڵلای کوڕی شێخ تەهای نەهری )ی دانیشتووی گوندی نەهری لە شەمدینان، لەدژی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری هەڵگیرسا. کوردەکان توانییان ناوچەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازاد بکەن. کەچی بە هۆی هاتنی هێزی زۆر و پڕ چەکی قاجاری، لاوازی ڕێکخستنی ڕیزەکانی شۆڕشگێڕان، کاریگەری خراپی ململانێی زلهێزەکان لە ناوچەکە و ڕۆڵی دوژمنکارانەیان بەرانبەر شۆڕش، بوونە هۆی شکستهێنانی شۆڕش و پاشەکشێی شۆڕشگێڕان بۆ

کوردستانی عوسمانی. کەچی شێخ عوبەیدوڵڵا جارێکی تر دەست دەکاتەوە بە پلان دانان بۆ قۆناغی دووەمی شۆڕش، بەلام لە ژێر فشاری بەریتانییەکان و کاربەدەستانی قاجاری و بە هۆی هەوڵ و تەقەلای عوسمانیەکان لەلایەکی ترەوە، لە حوزەیران ١٨٨١دا شێخ ڕازی بوو سەردانی ئەستانە بکات و دەست بەسەر کرا، پاشان توانی لە ئابی ١٨٨٢ خۆی بگەیەنێتەوە نەهری هەولی دا هێزەکانی ڕێك بخاتەوە، بەلام هەرزوو عوسمانییەکان ئابلوقەیان دا.شێخ خۆی بە دەستەوە دا و بۆ حیجاز گواسترایەوە و لە ساڵی ١٨٨٣ دا کۆچی دوایی کرد.

## -دەرکەوتنی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی:

لە( ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ ) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی( کوردستان ) لە قاهیرە، لە لایەن بەدرخانییەکانەوە دەرچوو. سەرەتا مقداد مدحت بەدرخان و دوای ئەویش عەبدولڕەحمانی برای ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەکەیان لە ئەستۆ گرتبوو. ڕۆژنامەکە ( ٣١ ) ژمارەی لێ دەرچوو، لەساڵی ١٩٠٢دا و بە هۆی سانسۆر و ڕاوەدونانی عوسمانیەکان بۆی و گرفتی داراییەوە، دەرچوونی ڕۆژنامەکە ڕاگیراوە. ڕۆژنامەی( کوردستان ) گرنگی زۆری بە مێژوو و کولتوری کوردی و بەرهەمی شاعیرانی وەکو( ئەحمەدی خانی ) و بەرهەمی مێژوویی وەکو شەرەفنامە و مێژووی فەرمانڕەواکانی جەزیرەی بۆتان و سەرکردە کوردەکان وەکو سەلاحەددینی ئەییوبی و ...هتد. جەختکردنەوە لەسەر فێرکردن و خوێندەواری لایەنێکی بەرچاوی باسەکانی نێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە بوو. هەروەها لەبەر ئەوەی تا ئەو کاتە کۆمەڵەیەکی کوردی نەبوو، بۆیە ڕۆژنامەکە وەکو جەمسەرێك وابوو بۆ کۆکردنەوەی نشیتمانپەروەرو ڕۆشنبیرانی کورد لە دەوری خۆیدا.

## باسی چوارەم/ کوردستان لەسەدەی بیست دا:

## -کورد و بزاڤی ڕۆشنبیری و چالاکی ڕێکخراوەیی پێش هەڵگیرسانی جەنگ:

دوای سەرکەوتنی تورکە ئیتیحیادییەکان لە کۆدێتاکەی١٩٠٨، یەکەمین کۆمەڵەی سیاسیی کوردیی ئاشکرا بە ناوی ( کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد )لە( ١٩ی ئەیلولی ١٩٠٨ )دا لە ئەستانە لەلایەن( ئەمین عالی بەدرخان ) و ( سەید عەبدولقادری نەهری )و کەسانی تر دامەزرێنرا. پاشان لقی خۆی لە بەتلیس، مووش، ئامەد، موسڵ، خنس،ئەرزەڕۆم و بەغدا کردووەوە. ئامانجی کۆمەڵەکە بریتی بوو لە چەسپاندنی دەستوور و چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان خێڵەکان، پێشخستنی ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردە، پەرەپێدانی پیشەسازی و بازرگانی و... هتد. هەروەها کۆمەڵەکە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە خۆی بە ناوی"کرد تعاون و ترقی غزتەسی"دەرکرد. دوا جار کۆمەڵەکە لە نیسانی ساڵی ١٩٠٩دا لە لایەن ئیتیحادییەکان داخرا.

هەر لە ساڵی ١٩٠٨دا، کۆمەڵەیەکی ئەدەبیی لە ئەستانە بە ناوی کۆمەڵەی ( بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی ) دامەزررا. ئامانجی کۆمەڵەکە بریتی بوو لە گرنگیدان بە زانست و زانیاری و پێشخستنی ئەدەب و کەلتوری کوردی. هەروەها ئەم کۆمەڵەیە قوتابخانەی بۆ منداڵانی کورد کردبۆوە، ( شێخ سەعیدی نەورەسی )لە دیاترینی ئەو کەسانە بوو لەم قوتابخانەیەدا وانەیان گوتبۆوە.

لەساڵی( ١٩١٢ )شدا کۆمەڵەی( هێڤی ) لەلایەن ژمارەیەك لە قوتابیانی کورد لە ئەستانە دامەزرا. ( عومەر جەمیل پاشا ) سەرۆك و قەدری جەمیل پاشا سکرتێری بوون. کۆمەڵەی هێڤی گۆڤارێکی تایبەت بە خۆی بە ناوی( ڕۆژی کورد ) لە ساڵی ١٩١٣ دا دەرکرد، دواتر ناوەکەی بۆ( هەتاوی کورد )گۆڕدرا. ئامانجی سەرەکی گۆڤارەکە بریتی بوو لە پێشخستنی ڕۆشنبیری کوردی و بڵاوکردنەوەی خوێندن و نووسنی کوردی لە نێوان کورداندا. لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٢ کۆمەڵەیەك بە ناوی کۆمەڵەی"ئیرشاد" هەبووە. لقی لەوان و دیار بەکر و ئۆرفەو شوێنانی تر هەبووە. هەر ئەو کۆمەڵەیەش خەریکی کۆکردنەوەی دارایی و خۆپڕچەککردن بووە، بۆ مەبەستی سازدانی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩١٣ ی بەتلیس.

لەباشووری کوردستاندا، ئاماژە هەیە بۆ پەیوەنیکردنی چەلاکوانانی کورد لە باشوردا بە ڕێکخراوەکانی باکوری کوردستانەوە. یەکەم هەستکردنیش بۆ کاری سیاسی لە گۆڤاری( بانگ کورد ) دا گەلاڵە بووە، وەکو یەکەم گۆڤاری کوردی کە لەساڵی ١٩١٤دا لەلایەن ( جەمال بابان )ەوە دەرچووە.

لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشدا، ( عەبدولرزاق بەدرخان ) بە هاوکاری ( سمکۆی شکاك )، لەساڵی ( ١٩١٣ )دا کۆمەڵەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیریان بەناوی( جیهاندانی ) دامەزراند. قوتابخانەیەکیشی لەشاری( خوی ) کردەوە و بۆ یەکەم جار منداڵانی کورد لەوێدا بەزمانی کوردی وانەیان دەخوێند. دوای ئەوەش سمکۆ بەهاوکاری ( سەید تەهای نەهری ) کۆمەڵەی ( ئیستخلاسی کوردستان )ی دامەزراند، کە بەڕای کوردناسیکی سۆڤیێتی: "داوای یەکێتی هەموو کورد و دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی ئەکرد". کۆمەڵەکە لەماوەی جەنگیشدا لە کارەکانی بەردەوام بوو. دوای دامەزراندنی دەسەلاتدارێتییەکەی سمکۆ لە ورمێ، ڕۆژنامەیەکی بەناوی( ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم )دەرکرد، کە دواتر ناوی بۆ ( ڕۆژی کورد ) و ئینجا ( کورد ) گۆڕدرا.

## -کوردستان لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا:

لە ئابی ساڵی ١٩١٤ دا جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان وڵاتانی بەرەی هاوپەیمانان و بەرەی ناوەڕاست هەڵگیرسا. شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ چەند سەرۆکێکی تری کوردی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر لە شەڕی( شوعەیبە )دا لە پاڵ لەشکری عوسمانی ڕووبەڕووی هێزەکانی بەریتانیا بۆوە، بەڵام بە هۆی شکستی هێزەکانی و ڕەفتاری خراپی تورکەکان لەبەرانبەر کورد، بڕیاریدا لە مەیدانی شەڕ بکشێتەوە.

لە ماوەی جەنگدا کوردستان دووچاری زیانێکی ماددی و مرۆیی زۆر بۆوە. ژیانی ئابووری دووچاری داتەپین هات بە هۆی: کەمبوونەوەی هێزەکانی کار، دەستگرتنی سوپا بەسەر مەڕوماڵات، کۆچکردنی جوتیاران لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان و دەستگرتنی سەربازان بەسەر بەرووبوومەکانیان و ...هتد. هەروەها بەهەزاران خێزانی کورد بۆ ناوچە دوورەکانی ئەنادۆڵ دوورخرانەوە، کە ژمارەیەکی زۆریان لە ڕێگادا دەمردن، یانیش بە دەستی جەندرمەکانەوە دەکوژران. لەساڵی( ١٩١٦ )شدا گەورەترین پیلان لە لایەن زلهێزەکانەوە بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی، بەکوردستانیشەوە، نەخشەی بۆ کێشرا. ئەویش بریتی بوو لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ( سایکس–بیکۆ )لەنێوان( بەریتانیا – فەرەنسا– ڕووسیا ).کە نموونەیەکی ستەمکارانەی دیپلۆماسیەتی نهێنی بوو، بەبێ ئاگاداری کورد و گەلانی تری ناوچەکە داڕێژرابوو.

## کورد و بزاڤی ڕۆشنبیری و چالاکی ڕێکخراوەیی لە نێوان هەردوو جەنگدا:

ژمارەیەك لەو کوردانەی بۆ ئەستانە دوورخرابوونەوە یان لەوێ دەیانخوێند، لەساڵی( ١٩١٨ ) دا ( کۆمەڵەی تەعالی کوردستان )یان دامەزراند، کە ( سەید عەبدولقادری نەهری ) سەرۆك و ( ئەمین عالی بەدرخان ) جێگری بوو. گۆڤاری( ژین ) زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوو. ( کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد ) و ( کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی )، سەر بە کۆمەڵەی تەعالی بوون. ئەوەبوو دواتر بەهۆی جیاوازی هەڵوێست و بیروڕایان، هەریەك لە ئەمین عالی و مەمدوح سەلیم و چەند کەساسەیەتییەکی تر لە ( تەعالی ) جیابوونەوە و ( کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد )یان دامەزراند. گۆڤاری ( کوردستان )یش لەساڵی ١٩١٩دا لە ئەستانە دەرچوو، کە( محمد شفیق ئەرواسی زادە ) سەرۆکی و ( محمد میهری )یش خاوەنی ئیمتیازی بوو.

( کۆمەڵەی خۆیبوون ) کە لە( ٥ی تشرینی یەکەمی١٩٢٧ )لە شام دامەزرا، بە یەکێك لە دیارترین کۆمەڵەی کوردی ئەو ماوەیە دادەنرێت، چونکە ئەم کۆمەڵەیە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و کەسایەتییە دیارەکانی هەر چوار بەشی کوردستانی لەخۆ دەگرت و لە ژمارەیەکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا نوێنەری هەبوو. نەوەکانی بەدرخان( جەلادەت و سورەیا و کامەران ) لەگەڵ مەمدوح سەلیم و محمد شوکری سەگبان وحاجۆ ئاغا و...هتد، لە دامەزرێنەرەکانی بوون.

له باشووری کوردستانیشدا، له نیوان سالانی١٩١٨-١٩٢٢دا ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەردەچوو. لەساڵی ١٩٢٢شدا ( جەمعیەتی کوردستان ) لەسلێمانی لەلایەن( مستەفا پاشای یامولکی ) دامەزرا و ڕۆژنامەی( بانگی کوردستان )ی دەرچواند. له هەمان ساڵدا ڕۆژنامەی( ڕۆژی کوردستان ) لەلایەن حکومەتی شێخ مەحمودەوە دەرچوو. دوای ئەوەش لەساڵی١٩٢٣ ڕۆژنامەی ( بانگی حەق ) و ( ئومێدی ئیستقلال ) دەرچوێندران. هەر لەو ماوەیەدا چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی تر دەرچوێنران، بۆ نمونە : ڕۆژنامەی ( ژیانەوە )، گۆڤاری( دیاری کوردستان ) ، ڕۆژنامەی ( ژیان ) ،گۆڤاری( زاری کرمانجی ) ( دیاری لاوان )...هتد.

سەبارەت بە کۆمەڵە و ڕێکخراو و یانەکانیش بریتی بوون لەوانە :( کۆمەڵەی هەڵستان و بڵندی کوردان١٩٢٧ ) ، کۆمەڵەی( زەردەشتی )، کۆمەڵەی( پشتیوانی کوردان١٩٣٢ )، ( کۆمەڵەی لاوانی کورد١٩٢٨ ) ،( یانەی سەرکەوتنی کوردان ). له دیارترینیشیان( کۆمەڵەی دارکەر )بوو کەوا لەساڵی ١٩٣٧ له کەرکوك دامەزرا. دواتریش ناوەکەی بۆ کۆمەڵە یان حزبی( هیوا ) گۆڕدرا، ( ڕەفیق حیلمی ) بە سەرۆکی دەستنیشان کرا. ئامانجی هیوا بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بوو. چالاکییەکانی تاکو ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو، تاکو لەم ساڵەدا هەڵوەشایەوە و پارتی تر له سەر پاشماوەکەی دروست بوون.

سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دیارە تەنها ئاماژەیەك بە دامەزرانی کۆمەڵەیەك هەیە بەناوی( کۆمەڵەی خێرخوازانی کورد ) لەساڵی١٩٢٧ دا لەشاری ( مەهاباد ) بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ( خۆیبوون )دا، ( قازی محمد ) یەکێك بوو لە ئەندامەکانی.

### -بزاڤ و ڕاپەڕینە کوردییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست دا :

### أ-گرنگترین بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی پێش هەڵگیرسانی جەنگ:

له ئەنجامی سیاسەتی خراپ و ڕەگەزپەرستانەی تورکە ئیتیحادییەکان( ١٩٠٨-١٩١٨ ) له دەوڵەتی عوسمانی، چەند ڕاپەڕینێکی چەکداریی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا سەریان هەڵدا، لەوانە :

**-بزاڤەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی( ١٩٠٧-١٩١٤ ):**ئامانجی بزاڤەکە بریتی بوو لە ئەنجامدانی چاکسازی لە بوارەکانی( کارگێڕی، ئابووری، دادوەری، ڕۆشنبیریی )لەناوچەکەدا. کەچی لەلایەن حکومەتەوە بە هەوڵی جیابوونەوە لە قەڵەم درا. دواتریش لە سەردەمی ئیتیحادییەکاندا پیلانی کوشتنی شێخ عەبدولسەلام داڕێژرا، بەڵام دەرباز بوو و دوای چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەك و سەرکەوتنی کوردان بەسەر لەشکری دەوڵەتدا، دواجار شێخ عەبدولسەلام و یاوەرەکانی پەنایان بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان برد. کەچی لەوێ دەستگیر کرا و ڕادەستی دەوڵەتی عوسمانی کرایەوە، لەکانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ لە موسڵ لەسێدارە درا.

**-ڕاپەڕینی بەتلیس ( ١٩١٣-١٩١٤ ):** سەپاندنی باجی زۆرو زیادکردنی ڕێژەی باجەکان و ، دامەزراندنی کاربەدەستانی گەندەڵ لە کوردستان و ، سەربازگرتنی بە زۆرەملێ...هتد، هۆکاری هەڵگیرسانی بوون. ( مەلا سەلیم ) یەکێك بوو لەسەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە. لە ئاداری١٩١٤دا ڕاپەڕینەکە دەستپێکرد، لە ٣ی نیساندا چوونە ناوشاری بەتلیس، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێکخستن لە ڕیزەکانیان، خراپی جۆری چەك و تفاقی سەربازییان، لەگەڵ هاتنی هێزێکی زۆری حکومەت بۆ ناو شارەکە، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی شکستهێنانی ڕاپەڕینەکە. دوای دامرکانەوەی ڕاپەرینەکە( مەلا سەلیم ) و چەند سەرکردەیەکی تر لە سێدارە دران.

### -بزاڤ و ڕاپەڕینە کوردییەکان لەدوای جەنگ:

### -لە باشووری کوردستاندا :

### ١-بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودی حەفید:

دوای گەیشتنی بەریتانیەکان بەکەرکوك، شێخ مەحمود پەیوەندی پێوەکردن، وەکو هەوڵێك بۆ ڕزگاربوون لە دەسەلاتی عوسمانییەکان. کەچی عوسمانییەکان کەرکوکیان گرتەوە و بەمەیان زانی و دەستگیریانکرد، دواتر دادگایی کرا و فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەلام بەهۆی کاریگەری سەرکەوتنەکانی لەشکری ئینگلیز و شکستی یەك لە دوای یەکی لەشکری

عوسمانی و بەهێزی پێگە و هەژموون و کەسایەتی شێخ خۆی و نارەزایی خەڵك، بەناچاری شێخیان ئازاد کرد و ڕەوانەی سلێمانیان کردەوە، تا بەناوی ئەوانەوە ئیدارەی شارەکە بکات.
دوای گەیشتنی بەریتانییەکان بە سلێمانی، لە( ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ ) شێخ مەحمود وەکو( حوکمدار ) ناسێندرا. کەچی گۆڕانی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر کوردستان و هاتنی( مێژەر سۆن ) بۆ شوێنی( مێژەر نۆئێل )، کە سیاسەتێکی دژ بە ویستی کوردانی پەیڕەو دەکرد، وەکو دژایەتیکردنی دەسەلاتەکانی شێخ و هاندانی ناحەزان و ڕکابەرانی، هێنانی کاربەدەستانی بێگانە بۆ شارەکە و کەمکردنەوەی مانگانەی ئیدارەی شارەکە و... هتد، بوونە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان شێخ و بەریتانییەکان و هێرشی سەربازییان بۆ سەر سلێمانی. ئەوەبوو لە دەربەندی ( بازیان )، لە ( ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ )دا، شێخ مەحمود بە برینداری و لەگەڵ نزیکەی( ١٠٠ ) کەسی تردا بەدیل گیرا و بۆ هیندستان دوورخرایەوە. کەچی نارەزاییەکانی خەڵك لەبەرامبەر سیاسەتی خراپی بەریتانییەکان و کوژرانی ژمارەیەك ئەفسەر و پیاوە سیاسییەکانیان، زیادبوونی چالاکی تورکەکان لەکوردستان و...هتد، بەریتانییەکانی ناچارکرد شێخ مەحمود ئازاد بکەن و لە ئەیلولی ١٩٢٢ گەیشتەوە سلێمانی. لە( تشرینی یەکەمی١٩٢٢ ) کابینەی حکومەت پێکهێنرا و شێخ مەحمود نازناوی "مەلیکی کوردستان"ی بەرزکردەوە.
هەوڵەکانی بەریتانییەکان و دەوڵەتی عێراقی بۆ سنووردارکردنی دەسەلاتی شێخ و فراوانبوونی چالاکی تورکەکان بە سەرکردایەتی( ئۆزدەمیر ) و پەیوەندیکردنیان بە شێخ مەحمودەوە...هتد، بوونە هۆی دووبارە تێکچوونەوەی پەیوەندی نێوان هەردوولا. بەجۆرێك لە( ئاداری ١٩٢٣ ) بە فڕۆکە سلێمانی بۆردوومان کرا و شێخ مەحمود و یاوەرەکانی شارەکەیان بەجێهێشت. کەچی بلاوبوونەوەی نائارامی و پەشێوی لەناوچەکە و نەدۆزینەوەی بەدیلێکی کارا لە جیاتی شێخ مەحمود، جارێکی تر بەریتانییەکانی ناچارکرد دان بەدەسەلاتی شێخدا بنێنەوە. کابینەی سێیەمی حکومەت لە ( ٥ی ئەیلولی ١٩٢٣ )دا دامەزرا. هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی لە سلێمانی دابڕێنرابوون، لەگەڵ بێ باکی بەریتانییەکان بەرامبەر چارەنووسی باشووری کوردستان، بوونە هۆی ئەوەی جارێکی تر پەیوەندی نێوان شێخ و بەریتانییەکان تێك بچێت. لە تەموزی ١٩٢٤دا هێزەکانی بەریتانیا بەهاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی عێراق دەستیان بەسەر سلێمانیدا گرتەوە و شێخ مەحمودیش ڕووی کردە ناوچەی شارباژێڕ و لێرەوە قۆناغی شەڕی پارتیزانی دەستی پێکرد.
دوای لکاندنی باشوری کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە لەساڵی ١٩٢٦ و گرێدانی پەیمانی ١٩٣٠ ی نێوان عێراق و بەریتانیا، کە باسی مافی چارەنووسی کوردانی لەبەرچاو نەگرتبوو، ئەمانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ( بەردەرکی سەرا ) لە سلێمانی لە ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠، کە زۆر بەتوندی لەلایەن سوپا و پۆلیس وەلام درانەوە و چەندین کەس کوژران و بریندار بوون. دوایین پێکدادانەکانی نێوان شێخ مەحمود و هێزەکانی عێراقی بە هاوکاری هێزی ئاسمانی بەریتانیی لە شەڕی( ئاوباریك )دا بوو لە ( ٥ی نیسانی ١٩٣١ )دا لە کفری، کە دواجار بەتوندی دامرکێندرایەوە و شێخ مەحمودیش خۆی بەدەستەوەدا و بۆ باشووری عێراق دوور خرایەوە، دواتریش لە ساڵی ( ١٩٥٦ )دا لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و لە سلێمانی بەخاك سپێردرا.
**٢-ڕاپەڕینەکانی بارزان:** لەساڵی١٩٣١دا ڕاپەڕینێك بەڕابەرایەتی( شێخ ئەحمەدی بارزانی )لەدژی هەوڵەکانی حکومەت بۆ دامەزراندنی بنکەکانی پۆلیس و جێگیرکردنی سوپا، نیشتەجێکردنی ئاسوورییەکان لە ناوچەکە و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی دەسەلاتی ڕاستەوخۆی حکومەت و ...هتد، بەرپابوو. هەماهەنگی هێزی ئاسمانی و زەمینی نێوان بەریتانیا وعێراق بوونە هۆی ئەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ چەند یاوەرێکی بەرەو باکوری کوردستان بڕۆن و لە حوزەیرانی ١٩٣٢دا خۆیان ڕادەستی هێزەکانی تورکیا کرد، ئەوانیش ڕادەستی حکومەتی عێراقیان کردنەوە و بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق دوورخرانەوە. ڕاپەڕینێکی تر بە سەرکردایەتی( خەلیل خۆشەوی )بوو، کە توانیان دەست بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە مەڵبەندە حکومییەکانی ناوچەکە دابگرن، بەلام دوای هەماهەنگی نێوان هێزەکانی عێراق و تورکیا و لێدانی ڕاپەڕیوەکان، لە ئاداری ١٩٣٦دا ڕاپەڕینەکە دامر کرایەوە و ( خۆشەوی ) لە سێدارە درا.

### -لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا :

لەنێوان سالانی (١٩١٩-١٩٣٠)، کوردانی ئەو بەشەی کوردستان بە ڕابەرایەتی ( سمکۆی شکاك ) و بەئاما نجی دامەزراندنی "دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ" ڕا پەڕینیان ئە نجامدا. سمکۆ پەیوەندی لەگەڵ( شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، عەبدولرەزاق بەدرخان، سەید تەهای نەهری، شێخ مەحمودی حەفید...هتد )دا هەبوو. هەروەها پەیوەندی کرد بە تورکەکان و بەریتانییەکان و ڕووسەکان، لە پێناو دابینکردنی هاوکاری ودانانیان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا. لە( نیسانی ١٩١٩ ) سمکۆ دەستی بە ڕا پەڕین کرد و دەستی بەسەر ناوچەیەکی بەرفراواندا گرت و بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردی لەو ناوچانە دامەزراند. کەچی بەهۆی هێرشە بەربلاوەکانی هێزەکانی ئێران و گوێنەگرتنی زلهێزەکان لە داواکارییەکانی، ناچاربوو بە ئە نجامدانی دانوستان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران. ئەوەبوو لە( تەموزی ١٩٣٠ )و لە کارێکی پیلانگێڕی قێزەوندا، لەو شوێنەی کە بڕیاربوو دانووستانی لێ ئە نجام بدرێت، سمکۆ درایە بەر ڕێژنەی گوللە و لەگەڵ چەند کەسێك لە یاوەرەکانی کوژرا.

### -لە باکوری کوردستاندا :

لەئە نجامی سیاسەتی"بەتورککردن"و دوورخستنەوە و زیندانیکرن و کوشتنی سەرکردەکان، چەند ڕا پەڕینێك ئە نجام درا. لەوانەش ڕا پەڕینەکەی سالی ( ١٩٢٥ )بوو بەڕابەرایەتی ( شێخ سەعیدی پیران ). ژمارەی بەشداربووانی گەیشتە هەزاران کەس و ناوچەیەکی بەرفراوانی گرتەوە. کەچی پێشکەوتنی وادەی ڕا پەڕینەکە و توندوتیژی مامەڵەی حکومەتی تورکیا و خرا پی هەڵوێستی( بەریتانیاو فەرەنسا و سۆڤیەت )لەبەرامبەر ڕا پەڕینەکە،بوونە هۆی لاوازبوونی هەڵوێستی ڕا پەڕیوەکان. لە( نیسانی ١٩٢٥ )دا شێخ سەعید لەگەڵ ژمارەیەك لە یاوەرەکانی لەلایەن هێزەکانی تورکیا دەستگیرکران. دوای ئەوە لە شەوی( ٣٠ی ئایاری١٩٢٥ ) لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شاری دیاربەکر، شێخ سەعید و ژمارەیەك لە کەسایەتی تری کورد لەسێدارە دران.

لەسالی ١٩٣٠شدا شۆڕشی ( ئەڕاڕات ) بە ڕابەرایەتی کۆمەڵەی خۆیبوون و ئەندامە چالاکەکانی، بەتایبەتی ئەوانەی پەناهەندەی ڕۆژئاوای کوردستان ببوون، هەڵگیرسا، ( ئیحسان نوری پاشا ) دیارترین سەرکردەکانی بوو. دواجار لەئە نجامی کەم و کوڕی لە پلان و هەماهەنگی و توانای سەربازی شۆڕشگێڕان و هێزی زۆر و زەوەندی زەمینی و ئاسمانی تورکیا، هاریکاری نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، شۆڕەکە دامرکایەوە. لە سالی ١٩٣٧یشدا ڕا پەڕینێکی تر لە ناوچەی( دێرسیم ) بەڕابەرایەتی( سەید ڕەزا ) هەڵگیرسا، کە دوای دامرکانەوەی ڕا پەڕینەکە لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تردا لەسێدارە دران.

### -کورد لە کۆنگرە و پە یماننامە نێو دەوڵەتییەکاندا :

### ١- شەریف پاشا و داواکارییەکانی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس:

لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسدا، ( شەریف پاشا ) وەکو نوێنەری کورد ڕاسپێردرا بۆ خستنە ڕووی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە کۆنگرەکەدا. ئەوەبوو ناوبراو چەند یاداشتێك و نەخشەی کوردستانی لە بەردەم نوێنەرانی ولاتانی هاوپە یمان خستەڕوو. کەچی هەڵوێستی زلهێزەکان لەوەدا نەبوو دان بە مافەکانی کوردا بنێن، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا یەکی نەدەگرتەوە، کە ئاما نجیان دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە و دەرامەتە ئابووری( بەتایبەت نەوت ) و مرۆییەکانی بوو. هەرەوەها دەرکەوتنی جۆرێك لە دژە بۆچوون و ناتەبایی لەنێوان سەرکردەکانی کورددا ، دواتر بووە هۆی ئەوەی شەریف پاشا واز لە نوێنەرایەتیکردنەکەی بهێنێت.

### ٢- پە یمانی سیڤەر( ١٠ی ئابی١٩٢٠ ) و پرسی کورد:

بە پێی بەندەکانی( ٦٢، ٦٣، ٦٤ )ی سیڤەر، دەبوو لە سێ قۆناغی جیاواز و لە هەلومەرجی گونجاودا، دان بە مافەکانی کورددا بنرێت تا ئاستی سەربەخۆبوون. ئەم پە یماننامەیە لە مێژوودا بە یەکەم بەڵگەنامەی دیپلۆماسیی دادەنرێت کە تایبەت بێت بە

مافەکانی گەلی کورد، دیسان پرسی بەرژەوەندی زلهێزەکان و دژایەتی تورکە کەمالیەکان بۆ پەیمانەکە و گۆڕانی تەرازووی هێز لەبەرژەوەندی بزاڤی کەمالی و...هتد، بوونە هۆی ئەوەی پەیمانەکە جێبەجێ نەکرێت.

## ٣- پەیمانی لۆزان(٢٤ی تەموزی ١٩٢٣) و لێدانی پرسی کورد:

دوای سەرکەوتنەکانی بزاڤی کەمالی لە تورکیا و ئاوابوونی خۆری دەوڵەتی عوسمانی، زیادبوونی هەڕەشە و هەژموونی کۆمۆنیستی لەسەر ناوچەکە...هتد، بەریتانییەکان ئەم پەیمانەیان لەگەڵ تورکەکان واژۆ کرد، کە کە شتێکی ئەوتۆی بۆ کورد تێدا نەبوو. بەمەش گورزێکی کوشندەیان لە کورد و بزاڤەکەی وەشاند.

## ٤-کورد و کێشەی ویلایەتی موسڵ:

کێشەی موسڵ پرسی چارەنووسی ناوچەیەکی بەرفراوان بوو لە کوردستان، بەتایبەتی باشووری کوردستان کە زۆرینەی دانیشتوانی کورد بوون. دوای ئەوەی بەریتانییەکان لەکۆبوونەوەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی تورکیا نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر چارەنووسی ناوچەکە، کێشەکە خرایە بەردەم (کۆمەڵەی گەلان). دوای ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی ڕووکەش، دواجار لە(١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥) لەبەر چەند هۆکارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ستراتیژی و سەربازی، ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێندرا.

## -کوردستان لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا:

لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا(١٩٣٩-١٩٤٥) کوردستان دوو نیشانەی جیاکەرەوەی بەخۆە بینی: یەکەمیان بریتی بوو لە خراپبوونی بارودۆخی ئابووری و گوزەرانی خەڵك لەدەرەنجامی جەنگ و شوێنەوارە نەرێنییەکانی. دووەمیشیان بریتی بوو لە پەرەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە کوردستان، بەتایبەت لە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتیدا.

لەباشووری کوردستاندا، لەئەنجامی خراپبوونی گوزەران و بژێوی ڕۆژانەی خەڵك و مل نەدانی بەرپرسانی حکومەتی عێراقی بۆ داخوازییەکانی کورد، بوونە هۆی بەرپابوونی ڕاپەڕینێك بە ڕابەرایەتی(مستەفا بارزانی)، کە بە(ڕاپەڕینی دووەمی بارزان١٩٤٣-١٩٤٥)دەناسرێت. کەچی هەماهەنگی لۆجیستی و سەربازیی نێوان بەریتانیا و حکومەتی عێراقی و هێرشی بەرفراوانیان بۆ سەر ڕاپەڕیوەکان، بوونە هۆی دامرکانەوەی ڕاپەڕینەکە. دواتریش(بارزانی) و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی پەنایان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان برد.

لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ.ك) لە(١٦ی ئابی ١٩٤٢) لەشاری(مەهاباد) دامەزرا. دواتر (قازی محەمەد) پەیوەندی پێوەکردن. ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی(خود موختاری) بوو بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەگەڵ خەباتکردن بۆ هێنانەکایەی کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ لە دواڕۆژدا.

## -دامەزراندنی کۆماری کوردستان(مەهاباد)١٩٤٦:

بەدامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ك) و دەرکەوتنی کەسایەتی (قازی محمد) و گۆڕانی (ژ.ك) بۆ (حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران) لەساڵی ١٩٤٥، لەگەڵ بوونی ئەو بۆشاییە سیاسی و کارگێڕییەی کە بە داگیرکاریی زلهێزەکان بۆ ئێران و کشانەوەی هێزەکانی ئێران لە ناوچەکە دروست ببوو. خەباتی کورد بەرەو پێشچوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە بریتی بوو لەدامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد لە (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦)دا. دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان بریتی بوو لە:

١-گرنگیدان بە ڕۆشنبیری کوردی، لەڕێگای کردنەوەی قوتابخانە و دامەزراندنی چاپخانە و ئێزگەی ڕادیۆ و دەرچواندنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، وەکو:(کوردستان)، (هاواری کورد)، (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)، (هەڵاڵە).

٢-دامەزراندنی سوپایەکی میللی. لەم ڕووەوە کوردە پەناهەندەکانی باشووری کوردستان لە ئەفسەر و پێشمەرگەکانی تر، بەتایبەتی( مەلا مستەفای بارزانی ) و چوار ئەفسەرە شەهیدەکە( عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی ) هاوکاری باشیان کردن.

٣- گرنگیدان بە پرسی ژنان و مافەکانیان، وەکو دامەزراندنی( یەکێتی یایانی کوردستان ) لە( ١٥ی ئابی ١٩٤٦ ) بەسەرۆکایەتی( مینا خانم )ی هاوسەری قازی محمد ، کە ڕۆلی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی ژنان.

٤-گرنگیدانی حکومەت بە بواری ئابووری و بازرگانی، لەڕێگای دامەزراندنی( شیرکەتی تەرەقی کوردستان )، کە ئامانج لێی بووژاندنەوەی ژیانی ئابووری و دەربازبوون بوو لەو گەمارۆیەی لەسەر کۆمارەکە دانرابوو.

٥-گرنگیدان بە بواری تەندروستی، لەڕووی دامەزراندنی نەخۆشخانە و دەستەبەرکردنی دا و دەرمان و کارمەندانی بواری تەندروستی لە پزیشك و برینپێچ، لەم ڕووەوە ئەو برینپێچە کوڕ و کچانەی لە باشووری کوردستانەوە پەنایان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بردبوو، ڕۆلی خۆیان نواند.

## ڕووخانی کۆماری کورستان:

١- هۆکارە ناوخۆییەکان: بریتی بوون لە بێهێزی توانای ئابووری و دواکەوتوویی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، لەگەڵ دانەمەزرانی بناغەیەکی پتەوی ماددی و مەعنەوی بۆ دەسەڵاتی کۆمار لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا. ئەمانە و جگە لە هەڵوێستی خراپی هەندێ لە هۆز ودەرەبەگەکانی کورد.

٢-هۆکارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان: بریتی بوون لە نەبوونی هاریکاری و هەماهەنگی ڕاستەقینە لەنێوان کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجاندا. لەگەڵ هەڵوێستی نەرێنیی حکومەتەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و هەماهەنگیان لەدژی کۆمارەکە. ئەمانە و سەرباری ئەوەی کە کۆماری کوردستان بووە قوربانیی ململانێ و بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەکانی زلهێزەکان( سۆڤیەت، بەریتانیا، ئەمریکا ) لە ئێران و ناوچەکە.

دوای چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا، دواجار لە ( ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ ) لەشکری ئێران دەستی بەسەر مەهاباددا گرتەوە، بەمەش کۆتایی بە تەمەنی کۆماری کوردستان هات. دوای ئەوەش لە( ٣١ی ئاداری١٩٤٧ )دا لە گۆڕەپانی( چوار چرا ) لە مەهاباد، پێشەوا ( قازی محمد ) و چەند سەرکردەیەکی تر لەسێدارە دران.

## -باشووری کوردستان لەدوای جەنگ تاکو ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠:

## - پەرەسەندنی کاری ڕێخراوەیی لە باشووری کوردستان:

هەرچەندە بزاڤی ڕێکخراوەیی لەباشووری کوردستاندا، لەماوەی جەنگدا پەرەسەندنی بەخۆوە بینی، بەتایبەت دوای دامەزراندنی حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق( شۆڕش ) لەلایەن( ساڵح حەیدەری ) و چەند کەسایەتییەکی تر و دەرکردنی ڕۆژنامەی( شۆڕش ) و، ( حزبی ڕزگاری کورد )و دەرچواندنی ڕۆژنامەی( ڕزگاری )، کەچی دیارترین هەنگاو لەم ڕووەوە بریتی بوو لە دامەزراندنی ( پارتی دیموکراتی کورد ) لە ( ١٦ی ئابی١٩٤٦ ) لە شاری بەغدا، کە بارزانی بە سەرۆکی دیاری کرا. لەساڵی ( ١٩٥٣ )دا ناوی پارتەکە بۆ ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) گۆڕدرا و ( ئیبراهیم ئەحمەد ) کرایە سکرتێر. هاوکات ناوی ئۆرگانی پارتی لە( ڕزگاری )ەوە بۆ ( خەبات ) گۆڕدرا . ئامانجە سیاسییەکانی پارتی لەو کاتەدا بریتی بوو لە دژایەتیکردنی ( ئیمپریالیزم ) و خەباتکردن لە پێناو دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی یەکگرتوو لە عێراقدا، بەجۆرێك مافە ڕەواکانی کوردی کوردستانی عێراقی تیادا دەستەبەر بێت.

## -کورد و شۆڕشی ١٤ی تەموزی١٩٥٨ لە عێراق:

شۆڕشی چواردەی تەموز دەرەنجامی کاری هاوبەشی ژمارەیەك لە ئەفسەرانی عێراقی بوو، کە (عەبدولکەریم قاسم) سەرکردایەتی دەکردن. ئەوان بە قۆستنەوەی ناڕەزایەتییەکانی چین و توێژە جیاوازەکان لەبەرامبەر سیستمی شاهانە و ئیمپریالیزمی بەریتانی، توانیان لە(١٤ی تەموزی ١٩٥٨) سیستمی شاهانەیی بڕوخێنن و سیستمی کۆماری لە عێراق ڕابگەیەنن. گەلی کورد بەگشتی خۆشحاڵی و پشتگیری خۆی بۆ شۆڕش دەربڕی، بە ئومێدی ئەوەی لەسایەی ئەم سیستمە تازەیەدا کورد بە مافەکانی خۆی بگات و عێراقیش لەژێر چەتری پەیمانەکان بهێنرێتە دەرەوە، لەنێویشیاندا پەیمانی (بەغدا١٩٥٥)، کە بەندەکانی دژی کورد و بزاڤە ڕەواکەی بوو. لە گرنگترین دەستکەوتەکانی شۆڕش بۆ کورد بریتی بوو لە:

١-بۆ یەکەمجار لە مێژووی دەوڵەتی عێراق و لە دەستورەکەیدا دانرا بەوەی کە کورد لەگەڵ عەرەبدا هاوبەشن لە عێراقدا و مافەنەتەوەییەکانیان بە پێی دەستوور بڕیاری لەسەر دەدرێت.

٢-بڕیاردرا بە ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی کە ژمارەیەکی زۆریان کورد بوون.

٣-بڕیاردرا بە لێبووردنی ئەوانەی کە پێشتر بەشدارییان لەشۆڕشی کورددا کردبوو و وڵاتیان بە جێ هێشتبوو. لەوانەش بارزانی و یاوەرەکانی بوون کە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران گەڕانەوە بۆ وڵات.

٤-لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠دا، مۆڵەتی بەفەرمی کارکردن بە پارتی درا.

٥-بۆ چەند ساڵێك ئازادی ڕادەربڕین و کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و جەماوەرییەکان و چاپەمەنی و بڵاوکراوە کوردییەکان برەویان بەخۆوە بینی.

دوای ماوەیەك گرژی و ئاڵۆزی کەوتە نێوان سەرکردایەتی کوردی و حکومەتەکەی قاسم، دواتریش پەیوەندییەکان بەرەو پێکدادان و شەڕ چوون، ئەمەشیان چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بوو:

١-هەوڵەکانی قاسم بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانە لە عێراق و دوورخستنەوەی ئەوانی تر لە دەسەڵاتدا.

٢- پێداگری هێزە عەرەبیە نەتەوە پەرست و بەعسیە شۆڤێنییەکان لە دژایەتیکردنی کورد و مافە ڕەواکانی.

٣-ڕاوەدوونان و زیندانیکردنی سەرکردەکانی پارتی و ئەندامەکانی لەلایەن حکومەتەوە.

٤-داخستنی بنکەو بارەگاکانی پارتی و قەدەغەکردنی دەرچواندنی ڕۆژنامەی(خەبات).

٥- پشتیوانیکردنی حکومەت بۆ ئەو هۆز و هێزانەی کەوا نەیاری بارزانی و پارتی بوون...هتد.

بەم جۆرە و دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر تەمەنی کۆماردا، جارێکی تر کوردانی باشووری کوردستان دەستیان بە ڕاپەڕین کردەوە.

### -شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥:

ئەو هۆکارانەی کەوا بوونە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتەکەی قاسم، نزیکەی هەمان ئەو هۆکارانە بوون کە بوونە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول. بەتایبەت کاتێك حکومەت گوێی لە داواکارییەکانی کورد نەگرت و پەلاماری چەند ناوچەیەکی کوردستانی دا. شۆڕش لە(١١ی ئەیلولی ١٩٦١)هەڵگیرسا و تاکو نسکۆی ١٩٧٥ بەردەوام بوو. ئامانج و بەرنامەی شۆڕشەکە بریتی بوو لە"**دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان**". نزیکەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە شۆڕشەکەدا بەشدار بوون. لەماوەی شۆڕشی ئەیلولدا بۆ چەند ساڵێکی کەم نەبێ، ماوە ماوە شەڕ لە نێوان حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و شۆڕشدا بەردەوام بوو. لە چەندین داستانی نەبەردی و ڕووبەڕووبوونەوەدا، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان سەرکەوتنیان بەسەر هێزەکانی حکومەتدا بەدەست هێنا.

پەرەسەندن و بووژانەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی و کار و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان لەو ماوەیەدا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری شۆڕشیان بەسەرەوە بوو. چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە لەو ماوەیەدا دەردەچوون، بەش بەحاڵی خۆیان ڕۆلیان هەبوو لە

گرنگیدان بە مێژوو و کولتوری کوردی. هەروەکو لە بواری سیاسیشدا ژمارەیەکیان وەکو زمانحاڵی شۆڕش و خەباتی گەلی کورد درێخییان نەکرد لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گەیاندنی دەنگی کورد و پرسە ڕەواکەی بۆ جەماوەر و خوێنەرانی تر. دەرچواندنی ڕۆژنامەکانی ( خەبات )، ( دەنگی کوردستان )، ( ڕێگای کوردستان )، ( التاخی )، ( برایەتی )...هتد، لەگەڵ گۆڤارەکانی( ڕزگاری )، ( ڕێگای کوردستان )، ( دەنگی کوردستان )، ( دەنگی پێشمەرگە )، ( دەنگی قوتابیان )...هتد، نمونەی بەردەوامیی کاری ڕۆژنامەگەری کوردی بوون لەو ماوەیەدا.

**-دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتەکانی عێراق١٩٦٣-١٩٦٦:**

لەدوای کۆدێتاکەی( ٨ی شوباتی ١٩٦٣ )دا کە بووە هۆی ڕووخانی ( عەبدولکەریم قاسم )و هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسی و کەسانی شۆڤینی، سەرکردایەتی شۆڕش بنەمای "ئۆتۆنۆمی" بۆ کوردستانی وەکو مەرجی هاریکاریکردن لەگەڵیاندا خستبووە بەردەمیان. کەچی دەسەڵاتدارانی تازەی عێراق، ( عەبدولسەلام عارف )ی سەرۆکی کۆمار و حکومەتەکەی ( ئەحمەد حەسەن بەکر )یش ئامادەنەبوون دان بە مافەکانی کورد دابنێن. تەنانەت سوپای عێراق و هێزی( حەرەسی قەومی ) بە دڕندانەترین شێوە پەلاماری ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیان دا، چەندین شارۆچکە و گوندیان وێران کرد و خەڵکانێکی زۆریشیان کوشت یان خستنیانە زیندانەکانەوە، ئەم ماوەیەش لە مێژووی عێراقدا بە( سەردەمی یەکەمی بەعس ) ناودەبرێت.

لەماوەی سەرۆکایەتی( عەبدولڕەحمان عارف )یشدا( ١٩٦٦-١٩٦٨ )، دوای چەند جارێك گفتوگۆی نێوان شاندی هەردوولا، بەیاننامەیەك لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەبارەی ڕێککەوتنی نێوانیان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا بڵاوکرایەوە، کە بە بەیاننامەی( ٢٩ی حوزەیرانی١٩٦٦ )دەناسرێت و باسی لە داننان بەمافە نەتەوەییەکانی کورد کردبوو لەدەستووری کاتیی عێراقدا و لەچوارچێوەی دەسەڵاتێکی( لامەرکەزی )دا، بەڵام ئەم ڕێککەوتنەش جێبەجێ نەکرا، بۆیە خولێکی تری شەڕ لەنێوان شۆڕش و حکومەتی عێراقدا دەستی پێکردەوە، تاکو دوای کۆدێتا شوومەکەی بەعسییەکان لە( ١٧ی تەموزی١٩٦٨ ) بەردەوام بوو.

**- باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥:**

**- ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ :**

لەئەنجامی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە و خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران و بەهۆی ئەو کێشانەی کە حکومەتی عێراقی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان دووچاری بۆوە، هەموو ئەمانە بەعسییەکانی ناچار کرد تاکو بیر لەدانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکەنەوە. دوای ئاڵوگۆڕ و هاتن و چوونی شاندی هەردوولا، دواجار ڕێککەوتننامەی( ١١ی ئاداری١٩٧٠ )ڕاگەیاندرا٠ کەناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە پێدانی( ئۆتۆنۆمی )بە کورد لەباشووری کوردستاندا، دەبوو لەماوەی چوار ساڵدا جێ بەجێ بکرێ٠ کەچی دەبینین لەئەنجامی کۆمەڵێك فاکتەری جیاوازدا، بنەماکانی ڕێککەوتننامەکە (وەکو خۆی )جێ بەجێ نەکرا٠ ئەوەی کرا بریتی بوو لەڕاگەیاندنێکی تاك لایەنانەی حکومەت لە (ئاداری ١٩٧٤)، سەبارەت بە پێدانی ئۆتۆنۆمییەك بەگەلی کورد، کەناوەڕۆکەکەی لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەکەی( ١١ی ئاداری١٩٧٠ )و داخوازییەکانی شۆڕشدا یەکی نەدەگرتەوە٠ ئەمەش لەڕاستیدا مانای ڕاگەیاندنی شەڕێکی تر بوو لەدژی کورد و سەرکردایەتییەکەی، هەروەکو دواتر ڕووی دا٠

**- هەلومەرجی نێودەوڵەتیی و هەنگاوەکان بەرەو ( ڕێککەوتننامەی جەزائیر ):**

لەماوەی دانووستانەکانی نێوان سەرکردایەتی کوردی و حکومەتی عێراقیدا، دەرفەتێکی گونجاو بۆ حکومەتی عێراقی ڕەخسا تاکو لەشەڕ ڕزگاری بێت و خۆی بەهێز بکاتەوە٠ بەتایبەت دوای ڕاگەیاندنی خۆماڵیکردنی نەوت لە(حوزەیرانی ١٩٧٢) لەلایەن( ئەحمەد حەسەن بەکر )ی سەرۆك کۆمار، کە بووە هۆی بەدەستهێنانی سەروەت و سامانێکی زۆر بۆ عێراق و کڕینی چەك و تفاقێکی زۆر لە یەکێتنی سۆڤیەت و وڵاتانی تر. هەروەها حکومەتی عێراق ڕێککەوتنی لەگەڵ نەیارانی شۆڕشدا ئەنجامدا و لە

خۆی نزیککردنەوە. ئەوانەی سەرەوە بەگشتی بوونە هۆی ئەوەی بەرپرسانی حکومەتی عێراقی لەهەڵوێستی خۆیان سەبارەت بەمەسەلەی حوکمی زاتی (ڕاستەقینە)بۆ کورد پەشیمان ببنەوە و، دەستیان کرد بە پیلان گێڕان دژی کورد و سەرکردایەتییەکەی. ئەو سەرژمێرییەی کەبڕیار بوو لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ ئەنجام بدرێت، ئەنجامی نەدا . ئەو کێشانەش کە پەیوەندییان هەبوو بەچارەنووسی کەرکوك بێ چارەسەری مایەوە. ناوچەیەکی زۆریشیان لە خاکی کوردستان دابڕی و خستیانە سەر ئەو ناوچانەی سەر بەناوەند بوون.

شەڕ لەهاوینی ساڵی ١٩٧٤ دەستی پێ کردەوە و چەند مانگێك بەردەوام بوو.حکومەتی عێراقی هێزێکی زۆری پڕ چەکی لەشەڕەکاندا بەشداری پێ کرد. لەوکاتەشدا حکومەت دوژمنە سیاسییەکانی خۆی لەکۆڵ خۆی کردبۆوە. بەڕێککەوتنە سەربازییەکەشی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت " **پێداویستییەکانی خۆی لەتازەترین بابەتی چەك دابین دەکرد** " ، ئەمە سەرەڕای گرێبەستی تری لەبارەی کڕینی چەك و تفاقی سەربازی کە لەگەڵ هەریەك لە فەرەنسا و چیکسلۆفاکیا واژۆی کردبوو. هێزەکانی پێشمەرگە توانیان ڕووبەڕووی هێزە سەربازییەکانی حکومەت ببنەوە.

**- ڕێککەوتننامەی (جەزائیر) و کاریگەری بۆسەر کورد :**

دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی گەیشتە ئەوەی ناتوانێ بەسەر شۆڕشی کورددا زاڵ بێت، جارێکی تر هاتە سەر ئەوەی بیر لەشێوازی دیپلۆماسی بکاتەوە. دوا هەنگاوی لێکنزیکبوونەوەی عێراق و ئێران لەماوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی وڵاتانی (ئۆپێك) ڕووی دا، ئەو کۆنگرەیەی کەوا لە ٤ی ئاداری ١٩٧٥ لە (جەزائیر)ی پایتەختی وڵاتی جەزائیر دەستی بەکارەکانی کرد. لەو ماوەیەدا ئەمریکا و جەزائیر و ئوردن و میسر ڕۆڵیان بینی لە لێکنزیککردنەوەی عێراق و ئێران، دواجاریش لە(٦ی ئاداری ١٩٧٥) گەیشتنە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەك کە ناوەڕۆکەکەی چەند مەسەلەیەکی گرنگی لەخۆ دەگرت، گرنگترینیان پرسی دیاریکردنی سنووری نێوانیان و چاودێریکردنی و لێدانی شۆڕشی کورد بوو.

لەڕاستیدا ڕێککەوتنەکە وەکو گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی، لەدژی کورد و شۆڕشەکەی ئاڕاستەکرا. ململانێی نێوان (ئەمەریکا و سۆڤیەت) لەچوارچێوەی (جەنگی سارد)دا، کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاوی خۆی بۆ سەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە هەبوو. ئەنجامیش بریتی بوو لە دامرکانەوەی شۆڕشی کورد، کەساڵانێك بوو لەدژی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام بوو.

**- خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە باکوری کوردستاندا :**

لەئەنجامی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەسەڵاتدارانی تورکیا وەکو کۆچپێکردنی کوردان لە ناوچەکانی خۆیان بۆ ناوچە دوورە دەست و تورکنشینەکانی تری ئەنادۆڵ و نیشتەجێکردنی خەڵکانی بەڕەگەز تورك لەشوێنیاندا، گرتن و ڕاوەدوونان و دوورخستنەوەی سەدان سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و مامۆستایانی زانکۆ، نکوڵیکردن لە بوونی نەتەوەیەك بەناوی کورد و ناوزەدکردنیان بە"**تورکی شاخاوی**"و...هتد، کە هەموو ئەمانە لەچوارچێوەی سیاسەتی"**بەتورککردن**" ئەنجامدەدرا، وەکو کاردانەوەیەك لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە لەلایەك و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و مێژوویی لەبەرامبەر پرسی ڕەوای کورددا، ژمارەیەك لە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانی کورد هەستان بە دەرچواندنی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەك وەکو: (ڕێی ڕاستی)، (چرا)، (هاوار)، (دەنگی تازە)، (هۆشیاری بوون)...هتد.

هاوکات چەند پارت و کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ دامەزران، وەکو: (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا) لەساڵی ١٩٦٥، لەلایەن (سەعید ئالچی) و هاوڕێکانی. (کۆمەڵەی کولتوری و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلات) لە ساڵی ١٩٦٩، کە چەند لقێکی لە باکوری کوردستاندا هەبوو. (پارتی ئازادی) کە لەلایەن(کەمال بۆرکای) لەساڵی ١٩٧٤ دامەزرا. (کۆمەڵەی فەرهەنگی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) لەساڵی ١٩٧٤، ڕیکخراوی(کاوە) لەساڵی ١٩٧٦، دواتریش بە دامەزراندنی (پارتی کرێکارانی کوردستان) لەساڵی

١٩٧٨ و له(ئامەد) دیاربەکر لەلایەن (عەبدوڵلا ئۆجەلان) و هاوڕێکانی، خەباتی ڕزگاریخوازی کورد پەرەسەندنی گەورەی بەخۆوە بینی. بەتایبەت دوای ئەوەی دەستکرا بە خەباتی چەکداری لە (ئابی١٩٨٤)لەو بەشەی کوردستاندا. ئامانجی پارتی کرێکارانی کوردستان بریتی بوو لە ڕزگارکردن باکوری کوردستان وەکو ئامانجی کاتی، ئامانجی ستراتیژیشیان بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواوی کوردستان بوو، وەکو لە ڕاگەیاندنەکانیاندا ئاماژەیان بۆ دەکرد.

## - خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا:

دوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد حکومەتی ئێران دەستیکرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی توندوتیژ دەرهەق بەکوردانی ڕۆژهەلات، وەکو: زیندانیکردن و دوورخستنەوە، سیاسەتی برسیکردن و بەتالانبردنی دەرامەتی ئابووری کوردستان و لێدانی هەر جولانەوەیەك کە بۆنی "کوردایەتی" لێبهاتایە. ئەمانە تێکڕا بوونە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ کۆمەڵە و ڕێکخراوی تازە سەرهەڵبداتەوە، وەکو:(کۆمەڵەی لاوانی لادێ) کە لەساڵی١٩٤٧ لەلایەن(کەریمی حوسامی) و هاوڕێکانی لە(نەغەدە) دامەزرا. لە شاری (مەهاباد)یش (کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان) لەلایەن (ڕەحیمی سوڵتانی) دامەزرا. هەر لەساڵی ١٩٤٨یشەوە بیرۆکەی سەرلەنوێ ژیاندنەوەی (حزبی دیموکراتی کوردستان) لەلایەن هەندێك لە ئەندامانی کۆنی حزبەکە و کەسانیترەوە گەلاڵە بوو. ئەوەبوو یەکەم هەنگاویان لەم ڕووەوە دەرچواندنی گۆڤاری(ڕێگا)بوو لە پایزی ساڵی١٩٤٨دا.

لەماوەی نێوان ڕووخانی کۆماری مەهاباد(١٩٤٦)، تاکو سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی بەڕابەرایەتی(خومەینی) لەئێران(١٩٧٩)، ڕۆژهەلاتی کوردستان چەند پەرەسەندنێکی بەخۆوە بینی، هەر لە خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان بگرە وەکو ئەوانەی (بۆکان)، (مەهاباد)، ( سنە)، (ورمێ)...هتد، تا دەگاتە دەنگدان لەدژی "شاهەنشا" و خەباتی نهێنی و ئاشکرا. هەر لەو ماوەیەدا، هاوکات لەگەڵ (حزبی دیموکراتی کوردستان) بە سەرۆکایەتی(قاسملۆ)، ڕێکخراوێکی تر بەناوی کۆمەڵە(کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان) لە ساڵی (١٩٦٩) سەری هەڵدا، کە ڕێکخراوێکی چەپی ڕادیکال بوو.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران، لە ماوەی نێوان (شوباتی ١٩٧٩) تاکو (ئاداری١٩٨٠) چەند قۆناغێکی دانوستان لە نێوان نوێنەرانی کورد بەتایبەتی(حزبی دیموکرات) و دەسەلاتدارانی تازەی ئێراندا هاتە گۆڕێ. تەنانەت لە قۆناغی سێیەمی گفتوگۆکاندا، پرۆژەیەکی خودموختاری(ئۆتۆنۆمی) لەلایەن (حزبی دیموکرات)ەوە ئامادەکرا و پێشکەشی دەسەلاتدارانی ئێران کرا، بەلام پرۆژەکەیان ڕەتکرایەوە. دەستیانکرد بە پیادەکردنی سیاسەتی بێ بەشکردن و ڕەتکردنەوەی بەشداری کورد لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی، پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، چەوساندنەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی و کولتوری...هتد.ئەمەش وایکرد کورد لەو بەشەی کوردستاندا درێژە بە خەباتی سیاسی و چەکدارانەی خۆی بدات.

## خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا:

چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان لەڕۆژئاوای کوردستاندا ڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر کاریگەریی خەباتی کورد لە کوردستانی باکور تاکو نزیکەی دوای جەنگی دووەمی جیهان، چونکە ژمارەیەکی زۆری چالاکوانە کوردەکانی باکور پەڕاگەندەی ئەو بەشەی کوردستان ببوون و لەوێ دەستیان دابووە کاری سیاسی و جموجۆڵی ڕۆشنبیری. چالاکییەکانی (خۆیبوون) لەو بەشەی کوردستان و دەرچواندنی گۆڤارەکانی(هاوار) و (ڕوناهی) لەلایەن (جەلادەت بەدرخان) لە شام، نمونەیەکی بەرچاون لەم ڕووەوە.

هەر لەو ماوەیەدا چەند یانە و ڕێکخراوێکی سیاسی و کولتوری دامەزران، وەکو: کۆمەڵەی(هێڤی)، یانەی (عامودا)، یانەی(لاوانی کوردی لە کورد داخ)، یانەی(هنانو)، (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لە کورداخ)، بەلام لەگەڵ سەربەخۆبوونی سوریا لە(نیسانی ١٩٤٦)و دەرچوونی فەڕەنسییەکان لەو ولاتە، دەسەلاتدارانی سوریا دەستیانکرد بە پیادەکردنی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە دەرهەق بە کورد. سەختی ژیانی ئابووریش تەنگی بە خەڵکی کوردستان هەڵچنی بوو. ڕێژەی نەخوێندەواری

دەگەیشتە نزیکەی(٩٠٪). بواری تەندروستیش لەئاستێکی خراپدابوو. تەنانەت هەزاران کوردی ڕۆژئاوا لە مافی هاوڵاتیبوون و ڕەگەزنامە بێبەش کران.

ژیانی ڕێکخراوەیی لەو بەشەی کوردستاندا بە دامەزرانی (پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا) لەساڵی ١٩٥٧دا لەلایەن (ئوسمان سەبری) و (عەبدولحەمید دەروێش) و هاوڕێکانیان، بووژانەوەی بەخۆوە بینی. لەساڵی ١٩٦٥ (ئوسمان سەبری) و چەند کەسێکی تر لە پارتەکە جیابوونەوە و (پارتی چەپی دیموکراتی کورد لە سوریا)یان دامەزراند. پاش ئەوەش چەند لێکترازانێکی تر لەڕیزەکانی ئەو پارتانە هاتنە پێشەوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەبوو.

## -بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩١:

### - بووژانەوەی ژیانی پارتایەتی و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش:

نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی(١٩٧٥) جۆرێك لە بێ ئومێدی لای سەرکردایەتی کورد و خەڵکی ئاسایی دروستکرد، بەڵام ئەمە بۆ ماوەیەکی کاتی بوو، چونکە زۆری نەبرد بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە فۆرم و شێوازێکی تازەوە بووژانەوەی بەخۆوە بینی. ئەوەبوو لە(١ی حوزەیرانی١٩٧٥)دا و لە شام(دیمەشق)،دامەزراندنی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە سەرۆکایەتی (جەلال تاڵەبانی) ڕاگەیەنرا. دوای ساڵێکیش لەم ڕاگەیاندنە، یەکێتی هەڵگیرسانەوەی(شۆڕشی نوێ)ی ڕاگەیاند. هەروەها پارتێکی تری نەتەوەیی بەناوی پارتی سۆسیالیستی کورد(پاسۆك) لە ئەیلولی ١٩٧٥ دامەزرا. لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتیی)یان دامەزراند و لە کانونی دووەمی ١٩٧٥دا بەیاننامەیەکیان لە بارەی خۆڕێکخستنەوە و ئامادەکاریی بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شۆڕش بڵاوکردەوە. دوای ئەوەش لە مایسی ١٩٧٦دا و بەشێوەیەکی کرداری شۆڕشی(گوڵان) بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگیرسا. ئەمانە و حزبی سۆسیالیسی یەکگرتووی کوردستان(حسیك) لەساڵی ١٩٧٩ دامەزرا و (حزبی شیوعی عێراق)یش لە ساڵی ١٩٧٩دا کەوتەوە چالاکی لەدژی حکومەت.

### -باشوری کوردستان لەماوەی جەنگی عێراق-ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨):

ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥لەنێوان عێراق و ئێراندا، کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕش تاسەر نەبوو، چونکە دوای گەیشتنی (سەدام حسێن) بەدەسەڵات لە ساڵی ١٩٧٩دا، زۆری نەبرد شەڕێکی خوێناوی لەنێوان ئەو دوو وڵاتە هەڵگیرسا. هەرچەندە لەمیانەی شەڕی عێراق-ئێراندا بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشوری کوردستان توانی تا ڕادەیەك دەرفەت وەربگرێت هەر لە ئە نجامدانی چالاکی چەکدارانە، تاکو هەوڵدان بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق. دوای پێکهێنانی (بەرەی کوردستانی)یش لە(ئایاری١٩٨٨)دا زەمینەی چالاکی و کاری هاوبەش لەم بەشەی کوردستان لەبەردەم پارتە سیاسییەکان زیاتر ڕەخسا، بەڵام وەستانی شەڕی عێراق-ئێران لە(٨ی ئابی )١٩٨٨دا، دەرفەتی دایەوە دەست حکومەتی عێراق تا هێزەکانی خۆی کە پێشتر لەبەرەکانی شەڕی ئێراندا بوون بەرەو لێدانی شۆڕشی کوردی ئاڕاستە بکات.

#### - سێکوچکەی سیاسەتی بەعسییەکان((ڕاگواستن، بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن):

شایانی باسە لەوەتەی گەیشتنەوەی بەعسییەکان بەدەسەڵات لەساڵی ١٩٦٨دا، تاکو ڕووخانی ئەو ڕژێمە، سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەی دەرهەق بە کورد و کوردستان پیادە کرد، کە لەسەر بنەمای (ڕاگواستن، بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن) دامەزرابوو، کە بە"**سێ کوچکەی بەعس**" دەناسرێت. لەچوارچێوەی ئەم سیاسەتەشیاندا کاریان بۆ لەناوبردنی کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازەکەی دەکرد. لەم ڕووەوە درێخیان نەکرد لە کوشتن و ڕاوەدونان و زیندانیکردن و دوورخستنەوەی سەرکردە و هاوڵاتیانی ئاسایی کورد. تێکدانی گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان، لەوانەش نزیکەی (٥)هەزار گوند و شارۆچکە،

پرۆسەی ڕاگواستنی خەڵك لە گوند و شارۆچکەکانەوە بۆ ناوەندی شار و ئۆردوگا زۆرەملێکان، پرۆسەی شوومی بەناو"ئەنفال" کە لە میانەیدا دەیان هەزار کورد لەناوبران، نمونە و شێوازی کاری نامرۆڤانەی بەعسییەکان بوو. هەر بەوەش نەوەستان، ئەوەبوو لە چەندین شوێنی کوردستاندا گازی کیمیاوییان لەدژی کورد بەکارهێنا، کاریگەرترینیان کیمیابارانکردنی ( هەڵەبجە )بوو لە ( ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ )دا، کە بەهۆیەوە نزیکەی( ٥ )هەزار هاولاَتی کوردی بێ تاوان شەهید بوون. ئەمانەش زۆربەیان دەچنە قاڵبی بەکۆمەڵ کوشتنی مرۆڤەکان یاخود"جینۆساید".

## -باشوری کوردستان لە نێوان سالاَنی ١٩٨٨-١٩٩٢دا:

لەدوای وەستانی شەڕی عێراق-ئێران، کار و چالاکی پارتەکانی کوردستان بەرەو چالاکی پارتیزانی درێژەی کێشا، جەنگی کەنداو( ١٩٩٠-١٩٩١ )یش کە بەداگیرکردنی ( کوێت ) لەلایەن عێراقەوە دەستپێیکرد و بووە هۆی ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەماوەیەکی کەمدا بەسەر سوپای عێراقدا زاڵبن و تاڕادایەکی زۆر لاوازی بکەن. ئەمەش بواری دا بە کورد تا لەمیانەی ڕاپەڕینێکی بێ وێنەدا لە ئاداری ١٩٩١دا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە سوپا و دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقی پاك بکەنەوە، بەلاَم دوای مانگێك سوپای عێراق هێرشی هێنایەوە سەر کوردستان، ئەمەش کۆڕەوە مەزنەکەی بەدوای خۆیدا هێنا، کە دواجار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایە سەر ئەوەی سنوورێك بۆ حکومەتی عێراقی دابنێن. بەهۆی ئەمەوە دەرفەتێکی تر هاتەوە پێش تاکو هێزە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان لەم بەشەی کوردستان دەست بکەن بە بنیادنانەوەی دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن. دوای ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن کە لە( ١٩ی نیسانی ١٩٩٢ ) بەڕێوەچوو و ( پەرلەمانی کوردستان ) دامەزرا. ئینجا یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم لە تەموزی ١٩٩٢ بەسەرۆکایەتی( فوئاد مەعسوم ) پێکهێنرا و ( جەوهەر نامیق )یش وەکو سەرۆکی یەکەم خوولی پەرلەمان دەست بەکار بوو. بەمەش بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشووری کوردستاندا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە.

- لیستی سەرچاوەکان:


- محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، مج١،چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- د.عەبدوڵلاَ عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- کامەران محەمەد حاجی، کوردستان لەبازنەی کێشەی ڕۆژهەلاَتییدا١٨٠٠-١٩٠٠( لیکۆڵینەوەیەکی مێژووییە )، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧.
- د.عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، و: عبد الله حسن زادە، ب. ش، ١٩٧٣.
- د.ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چ٢، کوردستان، ٢٠٠٠.
- د. کمال مڤهر احمد، کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی ، تر:محمد الملا عبدالکریم ، گ٢، مگبعە داری ئفاق عربیە للگباعە و النشر، بغداد، ١٩٨٤.
-جیمس برانت، رحلە جیمس برانت الی المنگقە الکردیە عام ١٨٣٨، تر: حسین احمد الجاف ، بغداد ، ١٩٨٩.
- حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان ، بەرگی یەکەم ، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ڕەزبەری ١٣٧٩ هەتاوی.
- د.کاوس قەفتان، چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان. سۆران . بۆتان ، بەغدا، ١٩٨٥.
- د.سەعد بەشیر ئەسکەندەر : سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و : جەوهەر کرمانج ، چ١، چاپخانەی داناز ،سلێمانی،٢٠٠٤.
- د.سعدی عپمان هروتی، کوردستان والامبراگوریە العپمانیە( دراسە فی رتگور الهیمنە العپمانیە فی کوردستان١٥١٤-١٨٥١م، گ١، مگبعە خانی، دهوك، ٢٠٠٨.
- نەوشێروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، چ٢، چاپخانەی خاك ، سلێمانی، ١٩٩٨.
- المستر ستیڤن هیمسلی لونگریك، اربعە قرون من تاریخ العراق الحدیپ ، تر: جعفر الخیاگ ، گ٦، بغداد، ١٩٨٥.
- جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی ، و : د . کاوس قەفتان ، بغداد ، ١٩٨٧ .
- جمال نەبەز، الامیر الکردی میر محمد الرواندزی الملقب ب " میری کۆرە " ، تر : فخری سلاحشور ، گ٢، مگبعە وزارە التربیە، اربیل، ٢٠٠٢.
- صلاح هروری، امارە بوتان فی عهد الامیر بدرخان، ١٨٢١-١٨٤٧، دراسە تاریخیە سیاسیە ، گ١، دهوك، ٢٠٠٠.
- کاوە فریق احمد شاوە لی ئامیدی: إمارە بادینان ١٧٠٠ — ١٨٤٢ ( دراسە سیاسیە اجتماعیە پقافیە )، گ١، مگبعە خەبات، دهوك ، ٢٠٠٠ .

- نازناز محمد عەبدولقادر، میرنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایانی قاجەرەکاندا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ، رامیاری و ئابووریيە )، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠١.

- جمال بابان، بابان فی التاريخ و مشاهير البابانيين، مگبعه الحوادپ، بغداد،١٩٩٣

- علی اكبر كردستانی، الحديقه الناصريه، ترجمه: جان دوست، گ١، مگبعه وزاره التربيه، اربيل، ٢٠٠٢.

- ن. ا. خالفين، الصراع علی كردستان ، تر : د . احمد عپمان ابو بكر ، بغداد ، ١٩٦٩.

-کامەران محەمەد حاجی، کوردستانی عوسمانی لە سیاسەتی بەریتانیادا لە سەدەی نۆزدە، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، بەشی مێژوو-کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٣

- هوگر گاهر توفيق ، دور الصحافه الكرديه فی تگوير الوعی القومی الكوردی ١٨٩٨-١٩١٨ ،الگبعه الاولی ، المگبعه وزاره التربيه ، اربيل ، ٢٠٠٤ .

- دوکتۆر کەمال فوئاد ، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨-١٩٠٢، چاپی سێیەم ، تاران ، ٢٠٠٦.

- مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی ی کوردو ڕۆژنامەکەی، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

- جەلیلی جەلیل، بووژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد، و:سدیق سالح، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی، ٢٠٠٠.

- مالمیسانژ، جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کورد( یەکەم ڕێکخراوی یاسایی تەلەبەی کورد، و:زریان ڕۆژهەلاتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ١٩٠٨-١٩٢٧، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

- یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران ١٩٣٩-١٩٧٩، سلێمانی، ٢٠٠٢.

- م.س.لازاریف، کێشەی کورد، و:د.کاوس قەفتان، ب١، مگبعه الجاحڤ، بەغدا، ١٩٨٧.

- سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا١٨٨٠-١٩٣٩، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

- سروه اسعد صابر، كوردستان من بدايه الحرب العالميه الاولی الی نهايه مشكله الموصل١٩١٤- ١٩٢٦(دراسه تأريخيه سياسيه وپائقيه )، الگبعه الاولی، مگبعه وزاره التربيه، اربيل، ٢٠٠١.

- فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا( بەراییەکان١٩١٤-١٩٣٩ )، و:تاریق کارێزی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

- ع.ز( عەبدوڵلا زەنگەنە ) و ڕەفیق سالح، رابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژ( ١١-١٢ )، ساڵی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠٣.

- عەبدولمونعیم غولامی، سێ قوربانییەکە، و:ئیحسان ئیروانی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤.

- مسعود البارزانی، البارزانی و الحركه التحرريه الكرديه" انتفاچه البارزان الاولی ١٩٣١ - ١٩٣٢"، كردستان، ١٩٨٧.

- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢.

- د.سەعدی عوسمان، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی( سەرهەڵدان و قۆناغەکان و نموونەیەك )، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦

- سروه اسعد صابر، كوردستان الجنوبيه ١٩٢٦-١٩٣٩( دراسه تاريخيه-سياسيه )، گ١، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

-د.كمال مڤهر احمد، انتفاچه ١٩٢٥ فی كردستان تركيا، گ١، بيروت، ٢٠٠١.

- روهات الاكوم، خويبون و پوره اگری، گ١، بيروت، ١٩٩٩.

- مسعود البارزانی، البارزانی والحركه اا تحرريه الكرديه( پوره بارزان١٩٤٣-١٩٤٥ )، كردستان، ١٩٨٦.

- مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سلێمانی، ٢٠٠٥.

- غانم محمد الحفو و عبدالفتاح علی البوتانی، الكورد والاحداپ الوگنيه فی العراق خلال العهد الملكی١٩٢١-١٩٥٨، گ١، مگبعه وزاره التربيه، اربيل، ٢٠٠٥.

- کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، سلێمانی ،٢٠٠٣.

- مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم و دووەم، وەرگێڕانی لێژنەیەك، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

- ئازاد عوبێد سالح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی١٩٦١-١٩٧٥، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧.

- د.واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کور و حکومەتەکانی عێراق( ١٩٢١-١٩٦٨ )، سلێمانی، ٢٠٠٦، بەشی سێیەم.

- یۆنان هورمز، بیرەوەرییەکانم لەشۆڕشی کوردستاندا، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٣٤.

- کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، و:ئەکرەمی میهرداد، بەرگی یەکەم، چاپ و پەخشی نما، سلێمانی، ٢٠٠٢.

- هۆشمەند علی مەحمود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان( ١٩٧٩-١٩٨٩ )، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

- علی شمدين، الحركه الكرديه فی سوريا وڤاهره الانشقاقات( ١٩١٦-٢٠١٦ )، گ١، مگبعه گهران، ٢٠١٦.

- عەلی تەتەر نێروەی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا( ١٩٨٠-١٩٨٨ )، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

- سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد"تویژینەوەیەکی مێژوویی_سیاسییە"١٩٤٧-١٩٧٥، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

- هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠١٢.

**چەمکی جینۆساید**

جینۆساید چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی دێرین و کۆن، دەڵێین چەمکێکی نوێ چونکە ئەم چەمکە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە سەریهەڵداوە، واتە پێش ساڵی ١٩٤٤ لەئارادا نەبووە. کە دەڵێین کۆن بەو مانایەیە کە ئەم کردە یان پرۆسەیە لە سەردەمانی زووەوە لەلایەن گروپە جیاوازەکانەوە لە دژی گروپی دیکە پیادەکراوە، یەکێک لە نموونە دیارەکان لە مێژوودا جینوسایدی هیندییە سۆرەکانی ئەمریکا بوو لەسەر دەستی ئەوروپیە تازە کۆچکردووەکان بۆ ئەمریکا.

جینۆساید، وشەیەکی لێکدراوە، لە بنەڕەتدا لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەمیان یۆنانیە و دووەمیش لاتینیە، ( Genos )واتای رەگەز یان خێڵ یاخود بنچە و رەچەڵەك دەگەیەنێ، بەشەکەی تریش ( Caederی لاتینی یە کە واتای کوشتن و لەناوبردن دەدات. بەلێکدانی هەردوو بڕگەکە واتای کوشتنی رەگەزی مرۆڤ بەکۆمەڵ و قڕکردنی دێت .

لە ١٩٤٤ پارێزەرێکی ئەمریکایی بەڕەچەڵەک پۆڵەندی بە ناوی رافایل لیمکن Raphael ) Lemkein 1900- 1959 ( هەوڵیدا سیاسەتەکانی رژێمی نازی لەبارەی کوشتنی بەکۆمەڵی بە بەرنامەڕێژ پێناسە بکات، بەتایبەتی قڕکردنی میللەتی جولەکەی ئەوروپا، ئەوەبوو چەمکی جینۆسایدی داڕشت و بەکارهێنا، رەنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو کارەش ئەوە بێت کە ئەو خۆی جولەکە بوو و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لەلایەن نازیەکانەوە قڕکرابوون. جینۆساید لە روانگەی لیمکنەوە واتە دانانی نەخشەیەکی رێکوپێك، کە بریتیە لەچەند پرۆسەیەکی جیاواز، بە مەبەستی لەناوبردنی بنەما گرنگەکانی ژیانی کۆی تاقم یان گروپە نەتەوەییەکان. ئەگەر لە پێناسەی لیمکن وردبینەوە دەبینین کەوا کۆمەڵکوژییەکە پێویستە پلانی پێشوەختەی بۆ دانرابێت، ئەم پلانە چەند پرۆسەیەکی جیاواز لە خۆی دەگرێت، هەروەها مەبەستەکەش لەناوبردنی گروپێک یان زیاتر لە گروپێکی ئێتنییە.

کەواتە جینۆساید وەك چەمك ئاماژەیە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ، یان لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلێك، کەمینەیەك، تایفەیەکی دیاریکراو و هەولدان بۆ هەڵکەندنی لە رەگەوە لەبوارە جیاجیاکانی ژیانیەوە.

جینۆساید واتای کوشتن و لەناوبردنی رەگەزی مرۆڤ دەگەیەنێ، بەڵام ئەم دەربڕینە ورد نیە، چونکە لەسەر زەوی رەگەزێکی پاك نیە، هیچ کاتێکیش لەتوانادا نەبووە رەگەزێك بەتەواوەتی لەناو ببرێت، بۆیە باشتر وابوو بگوترێ : جینۆساید بریتیە لە کوشتنی گروپێك کە هەندێ خەسڵەتی جیاوازی هەیە وەك رەنگ، روخساری کەللەی سەر یاخود پروابوون بە ئایینێك یان سیاسەتێکی دیاریکراو. ئەم جۆرە لەناوبردنە وەکو مێژوو کۆنە، ئەگەرچی بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگا میکانیزمی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە.

مەبەست لە تاوانی جینوساید کوشتن و قڕکردنی گروپە مرۆییەکانە بە ئامرازی جیاواز و بەیەکێک لە ئەو کردە مەترسیدارانە لە قەڵەم دەدرێت کە هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا چونکە دەبێتە هۆی قرکردن و چەوساندنەوەی بوونەوەرە مرۆییەکان بە شێوەیەکی گشتی یان بەشەکی بەهۆی سروشتە نەتەوەیی یان رەگەزی یان ئایینییەکەیان. ئەم تاوانە بە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو و ئەنقەست ئەنجامدەدرێت و ئاکامەکانیشی لە ناو سنووری ناوخۆیی دەوڵەتێکدا سنووردارناکرێن بەڵکو درێژدەبنەوە بۆ خێزانی نێودەوڵەتی بەهۆی ئاکامە نێگەتیڤە گشتگیرەکانی. ئەم تاوانە بە

تاوانێکی سیاسی لەقەڵەم نادرێت تەنانەت ئەگەر پاڵنەرەکانیشی سیاسی بێت، بەڵکو وەک تاوانێکی بە ئەنقەستی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
ساڵی ١٩٤٥ دادگای سەربازی نێودەوڵەتی لە شاری نۆرمبێرگی ئەڵمانیا چەندین تۆمەتی ئاراستەی سەرکردە گەورەکانی نازی کرد کە تاوانیان دژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە، ئەو تۆمەتبارکردنەش وشەی قڕکردنی بەکۆمەڵی تێدابووە، بەڵام ئەو وشەیە وەك باسکردنێك باسکراوە نەك وەك چەمکێکی یاسایی بەکارهاتبێت.
بۆیە جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا وەك تاونێکی سەربەخۆ کە تایبەتمەندی جیاوازی هەیە لەگەڵ تاوانی دیکەدا دیاری کراوە، هەربۆیەش لە تاوانی جینۆساید دوو پێکهاتە زۆر گرنگن، کە دەبێت لە ڕووی مەبەست و ژمارەی قوربانییەوە سەیر بکرێ:
١- مەبەست: ئەم تاوانە جیاوازە لە تاوانی دیکە، چونکە مەبەستی سەرەکی جینۆساید فەوتاندنی بەشێك یان سەرجەمی کۆمەڵە مرۆڤێکە، جا بوونی مەبەستی نەهێشتنی کۆمەڵە مرۆڤێك، چ بەشێکی یان سەرجەمی، خەسڵەتێکی تایبەتی بە جینۆساید دەدا و لە تاوانی دیکەی جیا دەکاتەوە.
٢- ژمارەی قوربانی: لەبەر ئەوەی لە جینۆسایددا، مەبەست فەوتاندنە، بۆیە ژمارەی قوربانی لەبەرچاو ناگیرێ، کەواتە، هەر بە بوونی پێشنیاز لە فەوتاندنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك بێت، ئیتر مەبەستەکە لە ئارادایە، ئەنجامدانی تاوانەکەش مەرج نییە قوربانی زۆری هەبێ، کەم و زۆر گرنگ نییە و لەبەر چاو ناگیرێ بۆ دیاریکردنی تاوانی جینۆساید و دادگاییکردنی تاوانکارانی.
پەیماننامەی (١٩٤٨) دەربارەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، لە بەندی یەکەمیدا ئەوە دیاری دەکات کە وڵاتانی بەشداری ئەو پەیماننامەیە لەسەریانە ڕێگە لەو تاوانە بگرن و سزا بخەنە سەر تاوانکارانی، چونکە جینۆساید بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی پێشێڵ دەکات، ئەوەی زۆر گرنگیشە ئەوەیە کە ئەو پەیماننامەیە لەسەردەمی ئاشتی و جەنگیشدا لەکاردایە، هەروەکو بەندی یەکەمی جەختی لەسەر دەکات. کەواتە تاوانی جینۆساید خۆی نەك هەر لەسەردەمی شەڕدا بەڵکو لەسەردەمی ئاشتیشدا ئەنجام دەدرێ، ئەمەش لە زانستی یاسای نێودەوڵەتاندا بە گشتی دانی پێدانراوە.
بەندی دووەمی پەیماننامەی (١٩٤٨) مەبەستی تاوانی جینۆساید دیاری دەکات و دەڵێ: (ئەنجامدانی تاوانکارییە بە مەبەستی سەر لەبەر قڕکردن یا قڕکردنی بەشێکی هەر گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی یان ئایینی).
کەواتە بۆ ئەوەی تاوانێك بە جینۆساید دابنرێت دەبێت یەکێك لەو کارانە بێت کە لە بەندی دووەمی پەیماننامەی (١٩٤٨)دا ژمێردراون و مەبەستی قڕکردن لە ئارادا بێت، چونکە جینۆساید جیا دەکرێتەوە لە تاوانی دیکە بە بوونی مەبەستی قڕکردنی سەرجەمی یان بەشەکی کۆمەڵە مرۆڤێك.
جۆری ئەم تاوانانەش وەکو لە بەندی دووەمی پەیماننامەی (١٩٤٨) دا دیاری کراون، ئەم کارانەن:
١-–کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.
٢- زیان گەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.
٣- بە ئەنقەست دانانی ئەو کۆمەڵە لەژێر بارودۆخێکی سەختدا ببێتە هۆی فەوتاندنی هەموو یا بەشەکی.
٤- بەربەست خستنە بەر منداڵبوون لە نێو ئەو کۆمەڵەدا.
٥- بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لەو کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

له په‌یماننامه‌ی (١٩٤٨) ئه‌و مه‌رجه خراوه‌ته سه‌ر وڵاتان كه سزا بخه‌نه سه‌ر نه‌ك هه‌ر تاوانی ڕاسته‌خۆی جینۆساید، به‌ڵكو وه‌كو به‌ندی (٣)ی په‌یماننامه‌كه ده‌ڵێ:
- جینۆساید.
- پیلانگێڕان به مه‌به‌ستی جینۆساید.
- هاندانی ڕاسته‌وخۆ و ئاشكرا به مه‌به‌ستی جینۆساید.
- هه‌وڵدان بۆ ئه‌نجامدانی جینۆساید.
- به‌شداریكردن له جینۆساید.

كه‌واته، تاوانكاریی تاوانی جینۆساید، هه‌ر ئه‌وه نییه ڕاسته‌وخۆ جینۆساید ئه‌نجام بدرێ، به‌ڵكو هه‌ر یه‌كێك له‌و كارانه‌ی به‌ندی (٣)ی په‌یماننامه‌كه ئه‌نجام بدرێ ئه‌وا ئه‌نجامده‌ر به‌رپرسیاره به‌رامبه‌ر تاوانی جینۆساید.

به‌ندی چواره‌می هه‌مان په‌یماننامه، سزا ده‌خاته سه‌ر كه‌سانی دیاریكراوی تاوانی جینۆساید، هه‌روه‌ها ئه‌وه دیاری ده‌كات، ئه‌و كه‌سانه ئه‌گه‌ر وه‌زیفه ئه‌نجام بده‌ن، یان خۆیان سه‌ربه‌خۆ ئه‌و تاوانه بكه‌ن، ئه‌و تاوانه‌ش په‌یوه‌ند نییه به‌وه‌ی له ده‌ستوور و یاسای ناوخۆی وڵاته‌كه‌دا لێپرسینه‌وه بخاته سه‌ر ئه‌ستۆیان یان نه‌یخات.

وه بۆ پره‌نسیپی سزادانی تاوانبارانی ئه‌نجامده‌ری تاوانی جینۆساید له ئێستادا له‌سه‌ر ئاستی نێوده‌وڵه‌تی دادگای تاوانكاری نێوده‌وڵه‌تی هه‌یه كه له میانه‌ی كۆنگره‌ی ڕۆما له ١٧ ته‌مموزی ١٩٩٨ دامه‌زراوه، كه (١٢٧) ده‌وڵه‌ت ده‌نگیان بۆ دا و له ساڵی (٢٠٠٢)ه‌وه كه‌وتۆته بواری جێبه‌جێكردن و له تاوانه‌كانی وه‌ك جینۆسایدو تاوانی دژ به مرۆڤایه‌تی و تاوانی جه‌نگ ده‌ڕوانێت.

گومانی تێدانیه گشت ئه‌و تاوانانه‌ی سه‌ره‌وه به‌سه‌ر خه‌ڵكی كوردستاندا ئه‌نجامدراوه، به‌تایبه‌تی له‌سه‌رده‌می رژێمی به‌عسدا. له‌دوای راپه‌رینی به‌هاری ١٩٩١ی كوردستان زۆر له رێكخراوه‌كانی بواری مافی مرۆڤ له راپۆرته‌كانیاندا ئاماژه‌یان به تاوانه‌كانی حكومه‌تی عێراقی ئه‌وسا كردوه ده‌رهه‌ق به كورد. له‌و رێكخراوانه‌ش ( Human Rights Watch ) لقی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، له راپۆرته مه‌یدانیه گرنگه‌كه‌یاندا پێشێلكاریه‌كانی مافی مرۆڤیان له عێراق خستۆته‌ڕوو، له‌مانه‌ش:

١- كوشتن و قڕكردنی ده‌یان هه‌زار كه‌س و شونبزركردنی ده‌یان هه‌زاریتر له ژن و منداڵ و پیر و لاو، به‌تایبه‌تی له شاڵاوه‌كانی ئه‌نفال.

٢- به‌كارهێنانی چه‌كی قه‌ده‌غه‌كراوی كیمیاوی له بالیسان و شێخ وه‌سان و هه‌ڵه‌بجه و بادینان و چه‌ندان گوند و شوێنی تر.

٣- وێرانكردنی زیاتر له ٤٥٠٠ گوند و چه‌ند قه‌زا و ناحیه‌یه‌ك.

٤- سوتاندن و روخاندنی هه‌زاران قوتابخانه و مزگه‌وت و بنكه‌ی ته‌ندروستی و دامه‌زراوه فه‌رمیه‌كان.

٥- تاڵانكردنی ماڵ و موڵكی گوندنشینه‌كانی كوردستان.

٦- ده‌ستگرتن به‌سه‌ر زه‌وی و زاری ژماره‌یه‌كی زۆر له گوندنشیان، گوایه له سنووری (زه‌ویه قه‌ده‌غه‌كراوه‌كان) دان.

٧- شێواندن و وێرانكردنی ژێرخانی ئابووری كوردستان، ئه‌ویش له‌رێگای سوتاندن و له‌ناوبردنی پیشه‌ی كشتوكاڵ و ئاژه‌ڵداری. ئه‌مه جگه له شێواندنی باری كۆمه‌ڵایه‌تی و ده‌روونی و په‌روه‌رده‌یی و رۆشنبیری خه‌ڵكی كوردستان

٨- ته‌عریبكردنی خاكی كوردستان، له رێگای كۆچپێكردن و راگواستنی كورد له كۆمه‌ڵێک شار و گوندی زۆر و نیشته‌جێكردنی عه‌ره‌ب له شوێنی ئه‌وان.

**جۆره‌كانی جینۆساید:**

دەکرێ بڵێین جینۆساید چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە، چونکە تەنیا کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر سیاسەت و کرداری دژ بە مرۆڤ و بوارەکانی ژیانی لەخۆ دەگرێت، وەك لایەنی فیزیکی و بایۆلۆژی و کولتوری و ئابووری.

بۆیە جینۆساید شێواز و جۆرەکانی ئەمانەن:

١- جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی) :

ئەمە ئاشکراترین و سادەترین شێوازی جینۆسایدە. کە بە کوشتن، لەسێدارەدان، گوللەبارانکردن و زیندەبەچاڵکردن یاخود بەهەر رێگایەکیتر لەناوببرێن. ئەمجۆرە قڕکردنە وەك لە هێرشە سەربازیەکان و بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی لەناوبردنی وەك چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی و چەکی فسفۆری ئەنجامدەدرێت یاخود بە گوللەبارانکردن و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ و زیندەبەچاڵکردندا خۆی دەبینێتەوە. نموونەی ئەم جینوسایدە لە مێژوودا یەکجار زۆرە و لە عێراقیشدا لە دژی شیعەکان لە باشوور و کوردەکان لە باکور ئەنجامدراوە. رەنگە دوا جینوسایدی فیزیکی لە کوردستان ئەوەی ئێزدییەکان بێت لە سەر دەستی گروپیکی توندرِەو کە خۆیان ناساند بە ناوی (دەولەتی ئیسلامی لە غیراق و شام) کە کورتکراوەکەی (داعش)ە،بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هەرچی خراپەکاری و تاوانە ئەنجامیان دا لە گوللەبارانکردن و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ و چەندین گۆری بەکۆمەڵی لەدوای خۆی بەجێهێشت.

٢- جینۆسایدی بایۆلۆژی:

لێرەدا مەبەست دروستکردنی رێگریە لە زیادبوون و پەرەسەندنی گروپێك، رێگە گرتن لە وەچەنانەوە لەرێگای نەزوککردنی پیاوان یان منداڵ لەباربردنی ژنان یاخود جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، وەك ئەوەی لە جینۆسایدکردنی هەشت هەزار کەس لە پیاوانی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنجامدرا. هەروەها جیاکردنەوەی ژن و منداڵە ئێزدییەکان لە پیاوەکانیان لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن (داعش) ەوە.

٣-جینۆسایدی کولتوری- نەتەوەیی

مەبەست لەم جۆرە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی، شێواندنی مێژوو و رۆشنبیری و لەناوبردنی خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی نەتەوەیەکە، جگە لەمەش تێکدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان دەگرێتەوە وەکو رووخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و مۆزەخانە و گەرماو و مزگەوت و کلێسا و بازار و هەموو شوێنەوارێک کە پاشماوەی کۆن یان نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت. یەکێک لە نموونە دیارەکانی ئەم جۆرە جینوسایدە لە تورکیای سەردەمی ئەتاتورکدا دەبینین کە ئەویش خۆی لە قەدەغەکردنی زمان، جلوبەرگ و ناوە کوردییەکاندا دەبینیەوە، بە جۆرێک کە نکۆڵی لە بوونی کورد لەو وڵاتە کرا و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تواندنەوەی درا ئەم بارە بە جۆرێک لە جۆرەکان تا ئێستاش لەو وڵاتە بەردەوامی هەیە.

٤- جینۆسایدی ئابووری

ئەم جۆرەیان لە رێگای وێرانکردنی بنەما ئابووریەکانی خەڵکەکە دەکرێت، وەك لەناوبردنی سامان و بەروبومی سروشتی و تاڵانکردنی ماڵ و کەلوپەلی خێزانەکان، یان گەمارۆدانی گروپێك لە رووی ئابووری و برسیکردنیان، کە هۆکارن بۆ لەناوبردنی ناڕاستەوخۆ. کە زۆرجار لەناوبردنی بنەما ئابوورییەکان ناوچەیەک یان برسیکردنی خەڵکێک ناچاریان دەکات ئەو ناوچەیە چۆڵبکەن کە لە بنەڕەتیشدا مەبەستەکە ئەوە بووە. نموونەی لەو جۆرە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرە. وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوندی کوردستان لەسەر دەستی بەعسییەکان لە بیست و پێنج ساڵی کۆتایی سەدەی

بیست نموونەیەکی بەرچاوی ئەم جۆرە جینوسایدەیە. هەروەها تەسفیرکردنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران و دەستگرتن بەسەر موڵک و ماڵەکانیان لە کاتێکدا کە فەیلیەکان بەشێکی زۆری ئابووری شاری بەغدایان بەدەستەوە بوو.

**تاوانە جیهانی و نێودەوڵەتیەکان:**

تاوانە جیهانی و نێودەوڵەتیەکان کە بە دەستدرێژی و دوژمنکاری دەژمێردرێن بۆسەر بەرژەوەندییەکانی تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەمانەن:

١- تاوانەکانی دژی ئاشتی: ئەو هێرش و دوژمنکاریە چەکداریەیە کە بەپلانێکی داڕێژراو لەلایەن دەوڵەتی دەستدرێژیکارەوە دەکرێتە سەر دەوڵەتی دەست بۆ درێژکراو، بە سێ هەنگاو (پڕوپاگەندەی راگەیاندن، پیلانگێران، بەرپاکردن و راگەیاندنی شەڕی دوژمنکاری)، ئەمە وەك دەستدرێژی عێراق بۆسەر ئێران لە(١٩٨٠- ١٩٨٨) و دەستدرێژی بۆسەر کوێت لە (١٩٩٠/٨/٢).

٢- تاوانەکانی دژ بە ئاسایشی مرۆڤایەتی: هەموو ئەو گەورە تاوانانەن کە دڵەڕاوکێ و ترس و لەرز دەخەنە دڵی خەڵك و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بەبی ئەوەی بگاتە حالەتی شەر، کە زیاتر لەکاتی ئاشتیدا هەیە، وەك رفاندنی فڕۆکە و تیرۆر و تۆقاندنی نێودەوڵەتی. دیارترین نموونەی ئەم جۆرە تاوانە بریتیە لەو تاوانە تیرۆریستیانەی کە داعش لە شارەکانی ئەوروپا و ئەمریکا ئەنجامیان دەدات بە پەلاماردانی خەڵک بە ئوتومبێل و چەکە جیاوازەکان.

٣- تاوانەکانی جەنگ: ئەو تاوان و لادان و سەرپێچیانە دەگرێتەوە کە لەکاتی شەڕدا دەرهەق بەو یاسا و خوو نەریت و پەیماننامانە رودەدەن کە بارەکانی شەڕ رێکدەخەن و سنوور و چوارچێوەی بۆ دادەمەزرێنن، هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە لەگەڵ نەخۆش و بریندار و دیل، هەروەها وێرانکردنی دامەزراوە گشتیەکان و رفاندنی ئافرەت و دزیکردن و ... هتد

٤- تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی: کە جینۆساید و جیاوازی رەگەزی (ئەپارتاید) و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی دەگرێتەوە.

هەرچەندە لەزۆر روەوە جینۆساید لەگەڵ تاوانەکانیتر تێکدەکاتەوە، بەڵام خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە لە تاوانەکانیتری دژ بەمرۆڤایەتی جیادەکرێتەوە. ئامانجی جینۆساید نەهێشتن و لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکە لەڕووی جەستەیی و سایکۆلۆژی و بایۆلۆژیەوە، بەڵام تاوانەکانیتری دژ بەمرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە چەوساندنەوەی خەڵکانێك بە ئەگەری سیاسی و ئایینی و تایفی.

**نموونەی جینوساید لە سەدەی بیستدا**

جینوساید کردەیەکە کە بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووە، بەڵام لە سەدەی بیست بە هۆی پێشکەوتنی جیهان لە رووی پیشەسازی چەکەوە هەروەها سەرهەڵدانی ئایدیولوجیا شوڤینییەکان وەک فاشیزم و بەعسیزم پەرەی بە جینوساید داوە. لە خوارەوە نموونەی چەند جینوسایدێکی سەدەی بیست دەهێنینەوە لە کێشوەرە جیاوازەکان، کە دیارترین جینوسایدەکانی ئەو سەدەیە بوون.

**هۆلۆکۆست**( Holocaust ) :

وشەی هۆلۆکۆست لە بنەڕەتدا یۆنانیە، واتای (قوربانیدان بە ئاگر) دەگەیەنێ. لەناوبردنی جولەکەکان ( Extermination of the Jews ) یان هۆلۆکۆست، مەبەست ئاماژەدانە بۆ داڕشتنی پلانێك لەلایەن نازیەکانەوە بۆ چارەسەری پرسی جولەکەکان بەشێوەیەکی کۆتایی و گشتی لەڕێگای قڕکردنی جولەکەکان واتە لەناوبردنیان لەڕووی جەستەییەوە، بە زمانی عیبری واتە (شواه)یە و بە عەرەبی وشەی (المحرقه) بۆ بەکارهاتووە. لە بنەڕەتدا وشەی هۆلۆکۆست زاراوەیەکی ئاینی جولەکەکانە کە ئاماژەیە بۆ قوربانیدان لەپێناو خودا دا.

لە هۆلۆکۆستدا بەسەرپەرشتی دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی و هاوکارەکانی (٦) ملیۆن جولەکە لەناوبران. لەساڵی ١٩٣٣ نازیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و بەشێوەیەك کە تاوانەکانی خۆیانی پێبشارنەوە باسی ئەوەیان دەکرد کە گوایا ئەوان رەگەزێکی دەستەبژێرن و جولەکەش بێبایەخن و ژیانیان هیچ ناهێنێ، هەروەها جولەکەکانیان بە هەڕەشە دادەنا لەسەر کۆمەڵگای رەگەزپەرستی ئەڵمانی. لەسەردەمی هۆلۆکۆستدا نازیەکان دەست درێژیان کردە سەر چەند گروپی تری مرۆیی، لەوانە قەرەجەکان، کەم ئەندام و پەککەوتەکان و هەندێ لە میللەتانی سلاڤی وەك پۆلەندی و روس و هیتر. ئەمە سەرەڕای چەوساندنەوە و لەناوبردنی کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان و هیتر.

ساڵی ١٩٣٣ ژمارەی جولەکەکان لە ئەوروپا (٩) ملیۆن بوون، کە زۆربەیان لەو وڵاتانە ژیاون کە نازیەکان لە شەڕی دووەمی جیهانی داگیریان کردبوو، نازیەکان لەهەر سێ جولەکەی ئەوروپا دووانیان کوشتوە. واتە لە کۆی نۆ ملێون جولەکە ٦ مليونيان جينوسايد كرد. هەروەها هەندێک لە مێژوونووسان چەمکی هولوکوست بۆ پێنج مليون قوربانی دیکەی نا جوولەکەش بەکاردەهێنن کە لە سەر دەستی ئەلمانە نازییەکان قڕکران لە ناوچە جیاوازەکانی ئەلمانیای نازی و ئەو ناوچانەش کە داگیریان کردبوون، بەوەش کۆی گشتی قوربانییەکانی هۆلۆکۆست دەگاتە نزیکەی ١١ ملیۆن کەس. کوشتنی هەموو ئەوانە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دانڕاو بوو لە ماوەی نێوان ١٩٤١-١٩٤٥، کە بە یەکێک لە گەورەترین جینوسایدەکانی مێژوو لەقەڵەم دەدرێت. شێوازەکانی لە ناوبردنی جووەکان لەلایەن نازییەکانەوە جۆراوجۆر بوون بەڵام جۆرە دیارەکانی کوشتنیان بوو بە گازی ژەهراوی و سووتاندنیان لە کورەکاندا. ئاکامەکانی ئەم جینوسایدە تا ئێستاش لەسەر هەردوو نەتەوەی جوو و ئەلمان بەردەوامن و کۆتاییان نەهاتووە.

### - جینۆسایدی ئەرمەنەکان:

جینوسایدی ئەرمەنەکان بە یەکەمین جینوساید لە مێژووی نوێدا لەقەڵەم دەدرێت. هەرچەندە ئەرمەنەکان لە ١٨٩٤- ١٨٩٦ لەلایەن سوڵتان عبدالحمیدی دووەمەوە کۆمەڵکوژ کرابوون و (٨٠٠٠٠) قوربانیان دابوو لەوانە (٢٥٠٠) ئافرەت سوتێنران. بەڵام لە جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتریش زیاتر لە ملیۆنێک تا ملیون نیوێک لە لاو و پیر و ژن و منداڵی ئەرمەنەکان لەلایەن عوسمانیەکانەوە جینۆسایدکران، کە ئەم جینوسایدە لە میانەی کۆمەڵکوژی و راگواستن و کۆچپێکردنەوە ئەنجامدرا کە ناونراوە بە رێپێوانە گەورەکان لە بارودۆخی زۆر ناهەمواردا کە بە مردنی دوورخراوەکان کۆتایی دەهات. هەروەها لە ٢٤/ ٤/ ١٩١٥ نزیکەی (٢٥٠) کەسایەتی بەناوبانگ لە رۆشنبیران و نووسەران و سەرکردە و پیاوانی ئایینی ئەرمەنی لە ئەستەنبوڵ دەستگیرکران و پاشان لەسێدارەدران، هەربۆیە رۆژی یادکردنەوەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان (٢٤ نیسان)ی هەموو ساڵێکە. هەرچەندە دەوڵەتی تورکیا نکۆڵی لەو تاوانە دەکات، بەڵام ژمارەیەک لە دەوڵەتانی جیهان کە نزیکەی ٢٠ دەوڵەت دەبن دانیان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان ناوە.

ئەم جینۆسایدە، لەلایەن ئەرمەنەکانەوە بە کوشتاری ئەرمەنەکان یان تاوانی گەورە یاخود سوتانی ئەرمەنەکان ناودەبرێت. کە ئاماژەیە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵی مەبەستدار و بەرنامە بۆداڕێژراوی دانیشتوانی ئەرمەن لەلایەن تورکە عوسمانیەکان لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی و پاشتریش. هەر لەو ماوەیەدا گروپی تری مەسیحیەکان کۆمەڵکوژ دەکران لەوانە سریان، کلدان، ئاشوریەکان و یۆنانیەکان. کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەمێژووی نوێدا یەکەمە، کە ئامانجی لەناوبردنی ئەرمەنەکان بوو بە تەواوەتی، کە لەساڵانی ١٩١٤- ١٩٢٣ بەردەوان بوو، ئەمەش بەشێوەی دەرکردنیان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بێ نان و ئاو سەدان میل ڕۆیشتن و لەرێگا زۆربەیان لەبرسان و شەکەتیان دەمردن، جگە لە کوشتنی بەکۆمەڵ. لە راستیدا ئەرمەنەکان کوردەکانیش تاوانبار دەکەن لەو کۆمەڵکوژییەدا چونکە بەشێک لە کوردەکان بە ناوی سوارەی حەمیدیە بەشدارییان لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا کردووە. بەڵام پڕیاری کۆمەڵکوژییەکە لە ئیستەنبول و لە سوڵتانە عوسمانییەکانەوە دراو ئەوان جێبەجێیان کرد.

ئەرمەنەکان لە سەدەی (١١)ی زایینیەوە لە ویلایەتەکانی عوسمانی دەژیان. پاش ئەو کۆمەڵکوژی و دەرکردنەیان، ئەوانەی دەربازبوون، رویان لە سوریا، لبنان، میسر و عێراق کرد. لە ئێستاشدا لەو وڵاتانە بە شێوەی گروپی پەرت بوو دەژین.

لەو شاڵاوانەی سەر ئەرمەنەکان لە تورکیا (٢٥٣٨) کەنیسە و دێر تەختکران، هەروەها (١٩٩٦) قوتابخانەش وێرانکران، ئەمە جگە لە وێرانکردنی کێڵگەی کشتوکاڵی و ماڵ و سامانیان. لەساڵی ١٩١٦ وەزیری بازرگانی دەوڵەتی عوسمانی پڕیاریدا هەموو دەزگا مالیەکانی ئەرمەنەکان دەستی بەسەر دابگیری و ببێتە موڵکی حکومەت.

## کۆمەڵکوژیی لە بۆسنا و هێرسك:

شەڕ لە بۆسنا لە ١٧/ ١٩٩٢/٤ دەستیپێکرد و لەساڵی ١٩٩٥ کۆتایی هات. پاش ئەوەی (٣٠٠٠٠٠) کەسی موسلمان لەناوبران بە دانپیانانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەروەها (٦٠٠٠٠) ئافرەتی موسلمان دەستدرێژیان کرایە سەر و یەك ملیۆن و نیو مرۆڤیش کۆچیان پێکرا، (٨٠٠) مزگەوت روخێنران، کە هەندێکیان دروستکردنیان بۆ سەدەی (١٦)ی زایینی دەگەڕاوە، ئەمە و کتێبخانەی مێژوویی سەراییڤۆ سوتێنرا. لە یۆلیۆی ١٩٩٥ لەناوبردنی بەکۆمەڵ رویدا لە بۆسنا.

سربەکان هەزاران موسلمانیان گەمارۆ دابوو لە (١٧) سەربازگە و لەو سەربازگانەدا سیاسەتی برسی کردن و ئازاردان پیادە دەکرا، تاوایان لێهاتبوو ببوونە هێسك و پیست، لە بەرپرسە سربیەکانیان دەپرسی ئەمە بۆ؟ دەیانگۆت چونکە گۆشتی بەراز ناخۆن.

سربەکان ماوەی دوو ساڵ شاری (سربرنیتشا)یان گەمارۆدا، کە بەردەوامیش بۆردومانیان دەکرد ، ئەو یارمەتیەی بۆشیان دەهات لەلایەن خێرخوازانەوە سربەکان دەیانبرد بۆ خۆیان.

دوازدە هەزار کوڕ و پیاوانی سربرنیتشا لە ئافرەتەکان جیاکرانەوە و سەربڕان بە چەقۆ. ئەو کۆمەڵکوژیەی لە سربرنیتشا ئەنجامدرا لەپاش شەڕی دووەمی جیهان لە ئەوروپا وێنەی نیە.

لە شوباتی ٢٠٠٧ دادگای دادی نێودەوڵەتی جەختی کردوە کە ئەمە جینۆسایدە. ئەنجامی شەڕ لە بۆسنا لە ١٩٩٢- ١٩٩٥ئەمانە بوو:

١- ژمارەیەکی زۆر کوژراو، هەروەها کاریگەری زۆر کەس بە رودواوەکانەوە.

٢- کرداری کۆچپێکردنی زۆرەملێی دانیشتوان.

٣- بڵاوبونەوەی ئایدۆلۆژیای پڕوانەبوون بەیەکتر لەنێوان ئایینە جیاوازەکان و بەرەنگاربونەوەی پێکەوەژیان لەنێوان پڕوادارانی بۆسنا.
٤- لەناوبردنێکی بەهێز بۆ بەهای پێکەوەژیان لەنێوان کاتۆلیك و ئەرتەدۆکس و موسلمان و جولەکە.
٥- ڕاڕایی و هەڵچون لەنێوان کلتورە جیاوازەکان .

## قڕکردنی بەکۆمەڵ لە ڕواندا:

ڕواندا لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیایە، بۆماوەی چەند سەدەیەك توتسیەکان (Tutsi) حوکمی ڕواندایان کردوە، پاشان لەساڵی ١٩٥٩ هۆتۆ ( Hutu ) کان دەسەڵاتیان گرتە دەست .

ڕواندا ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە (٧) ملیۆن کەسە، کە بۆ سێ ڕەگەز دابەش بونە، هۆتۆ ٨٥% و توتسی ١٤% و توا ١% . توتسیەکان چینی بەرزی سیستەمی کۆمەڵایەتی بوون، هۆتۆکانیش چینی خوارووی کۆمەڵگا بوون.

لەسەرەتا حیزبی هۆتۆکان لەدوای ١٩٥٩ چەند کوشتارێکیان لە توسیەکان کرد، بەتایبەتی لەکاتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کشتوکاڵی.

لە مانگی ئادار و نیسانی ١٩٩٤ چەند سەرکردەیەکی توندڕەوی گروپی هۆتۆ( Hutu ) کە نوێنەرایەتی زۆرینەیان بەڕێژەی ٨٥% لە ڕواندا دەکرد، شاڵاوی کۆمەڵکوژیان لەدژی کەمینەی ئەو وڵاتە توتسی ( Tutsi ) دەستپێکرد و لەماوەی سێ مانگدا (٨٠٠٠٠٠) کەسیان کوشت بەتایبەتی لە ١٩٩٤/٤/٧ دەستی پێکرد و تا ناوەڕاستی تەموزی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، لەم هەڵمەتەدا کە نزیکەی ١٠٠ ڕۆژی خایەند نزیکەی ٧٥% توتسییەکان کوژران و هەزاران ئافرەتیشیان ئەشکەنجەدا و ژمارەیەکی زۆری ئەو ئافرەتانەش دەستدرێژیان کرایە سەر.

لە ٢/١٠/ ١٩٩٨ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دامەزرا و دادگاکە بڕیاری پرتوستۆکردنی (ادانە) کۆمەڵکوژیەکەی دەرکرد لەدژی (جان پول ئەکایسۆ).

## کۆمەڵکوژی موسڵمانەکان لە کۆماری میانماری یەکگرتوو

لە ساڵی ١٩٧٨ بەدواوە موسڵمانەکانی میانمار لە (ڕۆهینگا) دوچاری پێشێلکردنی مافەکانیان بونەتەوە تاکو ئێستاش بەردەوامە.

لە مارسی ١٩٩٧ کێشەی ڕەگەزی لەنێوان بودیەکان و موسڵمانەکان لە (ماندلای) سەریهەڵدا، کە دەستدرێژی کرایە سەر ماڵ و موڵکی موسڵمانەکان.

لە ١٦ی مارسی ١٩٩٧ ، (١٠٠٠- ١٥٠٠) پەیڕەوانی ئایینی بودایی گردبونەوە و هوتافیان دژی موسڵمانەکان بەرزکردەوە. سەرەتا مەبەستیان هێرشکردنە سەر مزگەوتەکان بوو، ئینجا ماڵ و حالی موسلمانەکان، ئەوانەی نزیك مزگەوت بوون.

ساڵی ٢٠٠١ جارێکیتر موسڵمانەکان کەوتنەوە ژێر هەڕەشەی بودیەکان و چەندان مزگەوت و ماڵیان سوتێنران و (٢٠٠) کەسیشیان لێ کوژرا.

ساڵی ٢٠١٢ دیسان پەیڕەوانی ئایینی بودایی هێرشیان کردەوە سەر موسڵمانەکان.

.لەم ساڵیشدا (٢٠١٧) بۆ جارێکیتر موسلمانانی روهینگا لە میانمار کەوتنە بەر پەلاماری سوپای ئەو وڵاتەو بە هەزاران روهینگی کوژران و هەزارانیشیان ناچاربوون سنورەکانی میانمار ببرن بە ئاراستەی بەنگلادیش و ئەمەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لە سەر ئاستی جیهان و لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە شەرمەزار کرا.

**جینوساید لە کوردستان**

هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١، پاش لکاندنی باشووری کوردستان پێوەی، دۆزی کورد بەردەوام دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان بووە لە عێراق. ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق نکۆڵییان لە مافی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسدا کردووە و سیاسەتی دژ بە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرنامەڕێژ کراوە، هەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەش ئەندازەی تاوانی ئەو ڕژێمانە گەیشتووەتە پلەیەکی بەرز و لە هیچ ڕوویەکیشەوە سڵ نەکراوەتەوە، بۆیە کە بە وردی سەیری جۆری ئەو تاوانانە دەکەین، پێکهاتەی تاوانی جینۆساید بە تەواوی دیارە، لێرەدا هەوڵ دەدەین تابلۆیەکی دیاری ئەو تاوانانە بخەینە ڕوو، وە پۆلینی ئەو تاوانانەی لە دژی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا ئەنجامدراون.

ڕژێمە یەك لە دواي یەکەکان کە حوکمی عێراقییان کردووە هەمیشە تاوانی گەورەیان لە دژی هاوڵاتییانی کوردستان ئەنجام داوە تەنها لەبەر ئەوەی کوردستانییان لە هەوڵی ڕەوا دابوون بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، لە دیارترینی ئەو تاوانانەش کە لە چوارچێوەی (جینۆساید)ی گەلی کوردستان دادەندرێت:

١- لە ساڵانی (١٩٣٣ - ١٩٣٤) بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەرینی بارزان، هێزی سوپای عێراق و بەریتانیا کەوتنە هێرش و وێرانکردن، تەنیا لە ناوچەکانی بەڕۆژ، مزۆری و شێروان (٧٩) گوند وێرانکران، لەسەرجەمی (٢٣٨٢) خانووبەرە (١٣٦٥) خانوویان سوتاند و ڕووخاند، واتە (٦٠%) وێران کرا.

٢- هاوینی (١٩٦١) ڕژێمی ئەوکاتی عێراق، هێرشی کردە سەر کوردستان و نیوەی زیاتری سوپای عێراقی بە هێرش لەدوای هێرش بەردایە سەر دانیشتووان، تا لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار کەس کوژران کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنی بوون، زیاتر لە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەس ئاوارە بوون و کەوتنە چیاکانەوە، وە (١٥٠) گوند وێران کران.

٣- ساڵی (١٩٦٨) هەر لەهاتنە سەر حوکمی حزبی بەعس، تاوانی جینۆساید زیاتر خەسڵەت و جۆرەکانی ئاشکرا بوو، حزبی بەعس کەوتە هێرشکردنە سەر گەلی کورد، لە سەرەتای حەفتاکانەوە، ڕژێمی ئەوسای عێراق بە پلان و بەرنامە کەوتە دەرکردنی خەڵکی کوردستان و ئاوارە کردنیان:

أ. دەرکردنی فەیلییەکان، لە ساڵانی (١٩٧١ – ١٩٧٢) (٤٠٠٠٠) چل هەزار کوردی فەیلی ناسنامەی هاونیشتمانی عێراقییان لێ سەندرایەوە و ڕەوانەی ئێران کران، ژمارەی دەرکراوان تا کۆتایی ساڵی (١٩٨٠) گەیشتە (٢١٥٠٠٠) دوو سەد و پانزە هەزار کەس، پێویستە ئەوەش بڵێین کە ماڵ و سامانی زۆربەیان ڕژێمی عێراق دەستی بەسەردا گرت بە بێ هیچ پێویستییەکی ژیان دەربەدەر کران.

ب. ڕژێم بڕیاری دەرکردنی (٣٠٠٠٠) سی هەزار کوردی گۆیان و ئۆمەریانی دەرکرد کە لە ناوچەکانی موسڵ دەژیان، تا بەرەو سنوورەکانی تورکیا ڕاگوێزرێن.

ج. هەزاران کرێکار و فەرمانبەر و خێزانەکانیان لە کەرکوك و خانەقین دەرکران.

٤- ساڵی (١٩٧٥) بە کۆمەڵ ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان بەرەو خوارووی عێراق دەستی پێکرد، (٢٠٠٠٠) بیست هەزار کورد بە ئۆتۆمۆبێلی سەربازی و لۆری ڕەوانەکران، ئەو پرۆسەیە بەردەوام بوو تا سەرەتای ساڵی (١٩٧٩) ژمارەی ڕاگوێزراوان گەیشتە نزیکەی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەس.

٥- ساڵی (١٩٨٣) دەزگاکانی ڕژێم (٨٠٠٠) هەشت هەزار پیاوی بارزانییان لە ئۆردوگای زۆرە ملێی (قوشتەپە) دەستگیر کرد و لە خێزان و منداڵەکانیان دابڕین و بێ سەرو شوێنییان کردن، ئەم ڕاستییەش لە زۆر بەڵگەنامەی جیهانیدا تۆمار و بلاوکراوەتەوە و لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) سەرکردەکانی ڕژێمی بەعس لەسەر ئەم تاوانەیان دادگایی کران.

٦- لەو هەنگاوانەی کە ڕژێمی عێراق جێبەجێی کردوون بۆ بەردەوامیدان بە سیاسەتی جینۆساید، ساڵی (١٩٨٤-١٩٨٥) (٧٧٦) قوتابخانەی داخست، بە گوێرەی فەرمانی نهێنی جەخت لەسەر داخستنی (٢٠٨) قوتابخانە دەکات لە دهۆك، و لە هەولێریش (٢٠٠) قوتابخانە لە دێهاتەکانی

هەولێر داخران و لە پارێزگای سلێمانی و کەرکوکیش هەر لەو ماوەیەدا (٣٤٠) قوتابخانە بە فەرمانی دەزگاکانی ڕژێم داخران، دەزگاکانی ڕژێم مامۆستا و کارمەندانی ئەم قوتابخانە داخراوانەیان بانگ کردووە کە لە ماوەی ئەو ساڵەی خوێندندا نابێ بچنەوە سەر کار هەروەها ئاگاداری قوتابخانەکانی پارێزگاکانیشیان کردووە کە قوتابیانی ئەو قوتابخانە داخراوانە وەرنەگرن.

٧- تاوانەکانی جینۆساید لە ساڵانی (١٩٨٧ و ١٩٨٨) گەیشتە چڵە پۆپە، ئەوە بوو بە شێوەیەکی فراوان چەکی کیمیاوی بەکارهات و هەزاران کەس بوونە قوربانی. چەکی کیمیاوی لە زۆر شوێنی کوردستان دژ بە خەڵکەکەی بەکارهاتووە بەڵام تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە هەموو تاوانەکانی دیکە گەورەتر بوو، هەڵەبجە شارێکی مێژووییە و جێگایەکی دیاری هەیە لە ژیانی کەلتوری و سیاسی و ئابوری کوردستاندا، نزیکەی (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار کەس دانیشتووی ئەم شارە بوون، (١٦ و ١٩٨٨/٣/١٧) ڕژێمی عێراق تاوانێکی زۆر دڕندانەی لە دژی هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری کرد، فڕۆکەکانی ڕژێم بە چەکی کیمیاوی کەوتنە ژەهر باران کردن، زۆربەی سەرچاوەکان لەو بارەیەوە ژمارەی شەهیدانی هەڵەبجە بە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس دەستنیشان دەکەن و ژمارەی بریندار و بەرکەوتووش بە (١٠٠٠٠) دە هەزار. خەڵکێکی زۆر لە دوای ئەو کارەساتە بەرەو شارەکانی تر ڕایان کرد، ڕژێم بەشێکی زۆری گرتن.

٨- لە ئازاری (١٩٨٨)ەوە، ڕژێمی عێراق لە سەرانسەری ناوچەکانی کوردستاندا زنجیرە هێرشی زەمینی و ئاسمانی بە ناوی (الأنفال) دەست پێ کرد، لەو هێرشانەدا سوپای عێراق دەسەڵاتێکی بێ سنووری وێرانکردن و سووتاندن و گرتن و کوشتن و تاڵانکردنی هەبوو، بە تایبەتیش لەو هێرشانەدا خەڵکی بێ چەکی دێهاتەکان مەبەست بوون، بە بێ جیاوازی لە نێوان چەکدار و بێ چەك و پیر و ئافرەت و منداڵدا .

ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی – لێژنەی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە ڕاپۆرتی (١٩٩٢/٢/١٨) کە (٩٦) لاپەڕەیە لە لایەن نوێنەری تایبەت (ڤان دێر ستوێل)ەوە ئامادە کراوە، بە دوور و درێژی باسی تاوانەکانی ڕژێمی کردووە لە عێراقدا، بە تایبەتیش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە تاوانی جینۆساید دەرهەق بە کورد پراکتیك دەکرێ. لەو ڕاپۆرتەدا جگە لە بیرو ڕای لێکۆڵینەوەی نوێنەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی تاوانی جینۆساید لە دژی گەلی کوردستان، نووسەری ڕاپۆرتەکە ئەوەی بۆ ڕوون بۆتەوە کە ڕژێمی عێراق بە کۆمەڵ خەڵکی کووشتووە، بە کۆمەڵ خەڵکی ڕاگواستووە، بە کۆمەڵ خەڵکی گرتووە، ژیان و پێشکەوتنی ناوچە کوردییەکانی شێواندووە و سنووردار کردووە، چەکی مۆدێرن و بەتایبەتیش کیمیاوی بەکار هاتووە، ئەم تاوانانەش بە شێوەی سیستێماتیك ئەنجام دراون، بۆیە بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتە ئەو تاوانانە دەچنە چوارچێوەی ئەو کردارانەی کە لە بەندی دووەمی پەیماننامەی (١٩٤٨)دا دەربارەی قەدەغە کردنی تاوانی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، دیاری کراوە.

هەرچەندە لە سەرەوە ئاماژە بە زۆربەی تاوانەکانی جینۆساید بەرامبەر کوردستان کرا بەڵام ئێمە بە پێویستی دەزانین کەمێک تێرو تەسەڵتر ئاماژە بە چەند جۆرێکی (کیمیاباران، راگواستن، ئەنفال ...) جینوسایدکردنی کورد لە کوردستانی باشوور بکەین.

## - راگواستن:

راگواستنی کورد مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بۆنی زیاتر لە یەک ملیۆن کورد لە خۆراسان، هەروەها بوونی کورد لە میسر، ئەردن، لوبنان و زۆر شوێنی دیکە ئاماژەیە بۆ ئەگەری راگواستنی کوردەکان بۆ ئەو ناوچە دوورەدەستانە لە کاتی جیاوازدا. لە عێراقیش راگواستنی کورد بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دوای هاتنە سەرتەختی بەعسییەکان لە ١٩٦٣ دەستی پێکرد، بەڵام زۆر بە بەرنامە و بە شێوەیەکی سیستەماتیک ئەنجامدرا. کە لە ئەنجامدا زیاتر لە (٤٠٠٠) چوار هەزار گوندی کوردستان و چەندین شار و شارۆچکە وەکو قەلادزێ و سەیدسادق لە ماوەی نێوان ١٩٧٥-١٩٩٠

راگوێزران. بەهەمان شێوە لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیست لە تورکیاش زیاتر لە ٤٠٠٠ گوندی کوردستان خاپورکران و خەڵکەکەی بە زۆری بۆ ناوچە تورکنشینەکان راگوێزران.
لە دوای رێکەوتنامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێران لەرێکەوتی ١٩٧٥/٣/٦ حکومەتی عێراق بڕیاری راگواستنی گوندنشینانی دەرکرد و هەڵمەتێکی دەست پێکرد. راگواستن بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی خەڵکی ڕاگوێزراوە لەسەر ئاستی سیاسی، ئەمنی، ئابووری و پەروەردەییەوە. ئەوەی لەو پرۆسەیەدا ڕوودەدات دوو ڕەهەندی جیاوازن، یەکێکیان مەبەستدارە و پلان بۆدانراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، دوەمیشیان بێ پلانە و لەدەرەوەی خواست و توانای حکومەتی عێراقدایە و بێ پلان بەڕێوە دەچێت.
قۆاغەکانی راگواستنی کورد لە عێراق لە دوای سالی ١٩٧٥؛
- ساڵی ١٩٧٥ زیاتر لە ٥٠٠ گوند خاپوور کران و بەشێکی زۆری ئەو گوندنیشینانە بۆ باشووری عێراق راگوێزران.
- سالی (١٩٧٦-١٩٧٩) پشتێنەی سنووری راگوێزرا، سەرەتا ٥کم بۆ ١٠ بۆ ٢٠ و پاشانیش ٣٠ کم. زۆربەی ئەو راگوێزراوانە بۆ ئوردوگاکانی نزیک شارەکانی کوردستان راگوێزران.
- سالی ١٩٨٥، لە چەند قەزاو ناحیەیەکی هەردوو پارێزگای کەرکوک و سلێمانی ژمارەیەکی زۆر گوند راگوێزران. زۆربەی ئەو راگوێزراوانە بۆ ئوردوگاکانی نزیک شارەکان راگوێزران.
- سالی ١٩٨٦، لە چەند قەزاو ناحیەیەکی هەردوو پارێزگای کەرکوک و هەولێر ژمارەیەکی زۆر گوند راگوێزران. زۆربەی ئەو راگوێزراوانە بۆ ئوردوگاکانی نزیک شارەکان راگوێزران.
- ساڵی ١٩٨٧ لە هەموو پارێزگا کوردنشینەکان ٨٣٢ گوند راگوێزران.
- ساڵی ١٩٨٨ هاوشیوەی ساڵی ١٩٨٧ لە هەموو ناوچە کوردستانییەکان زیاتر لە ١٦٦٠ گوند راگوێزران.

ژمارەی گوندە راگوێزراوەکان لە ماوەی نێوان ١٩٧٥-١٩٩٠

| ساڵەکان | ژمارەی گوندە راگوێزراوەکان (بە نزیکەیی) |
|---|---|
| 1976-1975 | 680 |
| 1979-1977 | 900 |
| 1986-1980 | 400 |
| 1988-1987 | 2500 |
| 1990-1989 | 70 |

- **بەعەرەبکردن (تعريب):**

بریتیە لە کرداری گۆڕینی نەژاد و ناسنامەی نەتەوەیی، لە نەتەوەیەکی ناعەرەبەوە بۆ نەتەوەی عەرەب. ئەم کردارە تەنیا مرۆڤەکان ناگرێتەوە بەڵکو جوگرافیا و کلتور و ئادگارە کۆمەڵایەتیەکانیش دەگرێتەخۆ. هەروەکو چون ئەم بەعەرەبکردنە لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەردەوام ئەنجامدرواە، بەهەمان شێوە رژێمی سوریاش بە مەبەستی لە یەکتر داپرینی کوردەکان پشتێنەی عەرەبی دروست کرد بە تایبەتی لە جەزیرە و عەفرین. هەروەها وڵاتی تورکیا و ئێرانیش هەمان سیاسەتیان پیادەکردووە لە باکور و رۆژهەڵاتی کوردستان.
رژێمی بەعس سیاسەتی بەعەرەبکردنی وەك ئامراز و ئامانجێك دادەنا، چونکە بەهۆی ئەم سیاسەتەی سیماکانی نەتەوەیی کوردی لەناودەبرد و لەلایەکیتریش پاکتاوکردنی رەگەزی کورد دەبووە هۆی زاڵبوونی سیمای عەرەبی لەو شوێنانەی کە مەبەست بوون.
هەموو ئەو ناوچە کوردستانیانەی دەکەونە سنووری هەرێمی کوردستان بەلام لە دەرەوەی بەرێوەبەردنی هەرێمی کوردستانە کە بە ناوچە جێناکوکەکان لە دەستوری عێراقیدا ئاماژەیان پێکراوە، کە نزیکەی نیوەی خاکی باشووری کوردستان دەبێت، ئەو ناوچانەن کە بەلای کەمەوە ٥٠ ساڵە سیاسەتی بەعەرەبکردنیان تێدا پیادە دەکرێت کە لە مەندەلی و سەعدییە و خانەقین و گولالەوە درێژ دەبێتەوە بۆ پارێزگای کەرکوک و دوزخورماتوو و تا دەگات بە دەشتی قەراج و قەزای مەخموور بۆ دەشتی نەینەواو لە وێشەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو بەری دیجلە تا دەگاتە زوممار و شنگال.
بەعەرەبکردن خۆی لە چەند میکانیزمێکدا بینیوەتەوە، راگواستنی کورد لەو ناوچانە و کۆچپێکردنی، هێنانی عەرەب لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و نیشتەجێکردنیان لە گوند و شارە کوردییەکان، گۆڕینی رەگەزنامەی خەڵکێکی زۆری کورد بۆ عەرەب وەک ئێزدییەکان، هەروەها ئەوە لە ناوچەکانی دیکەش ئەنجامدرا. گۆڕینی ناوە کوردییەکان بۆ ناوی عەرەبی، بەخشینی پۆستە کارگێرییەکان بە عەرەب و بێبەشکردنی کورد لەو پۆستانە.

- **ئەنفال:**

ئەم ووشەیە لە ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆز (الانفال) وەرگیراوە بە مەبەستی شیواندنی مانا و واتاکانی قورئان و چواشە کردن، وە هەروەها ناوێکیشە عێراقیەکان (بەعسیەکان) لە زنجیرەك کردەوەی سەربازیان ناوە.
شاڵاوەکانی ئەنفال شێوەیەکی تایبەتی و هێرشێکی رەسمی بەرنامە دارێژراوی لەناوبردن بوو. پێنج مانگ و پانزە رۆژی خایاندوە. کە لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکردووە لە ٦ی ئەیلولي ١٩٨٨ کۆتایی هات.
لە جێبەجێ کردنی بەرنامە و نەخشەی شاڵاوەکانی ئەنفال دا ، ژمارەیەکی زۆری سەرباز و دەزگا جۆر بە جۆرەکانی حکومەت وەك (ئەمن، ئیستیخبارات و مخابەرات) هەروەها چەکداری فەوجە سوکەکان بەشداریان دەکرد، هەر دەزگایە و بەپێی کاری تایبەتی بۆ دانراوی خۆی.

رژێم لە شاڵاوەکانی ئەنفال دا ئامانج و مەبەستی تایبەتی هەبوو، بۆیەش بە چەند قۆناغێکی دیاری کراوی بەرنامە بۆ دارێژراو، هەر قۆناغەی بۆ ناوچەیەکی جوگرافی و دیمۆگرافی یان زیاتر بەرێوە دەچوو، کە شەش مانگی خایاند.

**قۆناغی یەکەم :**

ئەنفالی یەك بە هێرشکردنە سەر سەرگەلوو و بەرگەلوو لە ٢٣ی شوباتی١٩٨٨ دەستی پێکرد و لە ١٩ ئاداری هەمان ساڵ کۆتایی هاتووە. ئەم هێرشە لە چەند قۆڵێکەوە کرایە سەر ناوچەی جافایەتی، بە درێژایی (٥٠) پەنجا میل لە بنگردەوە بۆ لای رۆژهەڵاتی دەریاچەی دوکان و شارۆچکەی دوکان، لەوێشەوە بۆ شاری سلێمانی و شارۆچکەی ماوەت و چوارتای گرتەوە.

ئامانجی ئەم هێرشە لەناوبردن و وێران کردنی (٢٥ –٣٠) گوندی دۆڵی جافایەتی و داگیر کردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو. کەواتە هێرشە بەر بڵاوەکە سنووری شارۆچکەکانی (سورداش و دوکان و بنگرد و سەرچنار و قەڵاچوڵان و چوارتا) ی گرتەوە.

**قۆناغي دووەم:**

ئەنفالی دوو کە لە ناوچەی قەرەداغ ئەنجام درا، لە ٢٢ی ئازاری ١٩٨٨ دەستی پێکردوە و لە ١ی نیسان کۆتایی بە شاڵاوەکە هات ئەم هێرشە لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقەی ناوچەکەی دا. ئەم شاڵاوە گوندەکانی تەکیە، بەلەکجار ، میولی، بانی مورد، چرچەقەڵا، بەلەکان، دەربەند فەقیرە، قەرەداغ، ئۆقلا، جافەران، بوخشێن و سێوسێنان، هەروەها گشت ناوچەکانی زەردە، کلۆش، پێرکێ، کلاو جمعە، بەخشی، دەربەند باسەرە، سەگرمە، قۆپی قەرەداغ و ئەچداغ گرتەوە.

**قۆناغي سێیەم:**

هەموو ناوچەی گەرمیانی گرتەوە ، کە لە ١٩٨٨/٤/٧ تا ١٩٨٨/٤/٢٠ بوو، ئەم پەلامارە ئەم ناوچانەی گرتەوە؛ چەمچەماڵ، سەنگاو، لەیلان، قادرکەرەم، نەوجول، دووزخورماتوو، کفری، کەلار، سەرقەڵا، جەبارە، باوەنوور، تیلەکۆ، دەربەندیخان.

**قۆناغي چوارەم :**

لە ١٩٨٨/٤/٢٠ دەستی پێکرد و لە ١٩٨٨/٥/٥ کۆتایی هات لە سنووری عەسکەر، گوپتەپە، ناوچەکانی ئاغجەلەر، چەمی رێزان، دەشتی کۆیە، تەقتەق و قەرەهەنجیر بوو. لەم شاڵاوەدا چەکی کیمیاییش بەکار هات و زۆر لەو ناوچانە کیمیا باران کران.

**قۆناغي پێنجەم و شەشەم و حەوتەم:**

ناوچەکانی رواندوزو شەقلاوەی گرتەوە. لە ١٩٨٨/٥/٢٤ تا ١٩٨٨/٨/٣١، هێرش بۆ سەر ناوچەکانی قەلاتوکانو رەزگە و ساتێ و سپیلکی رواندوز، شاخی ئارموشە و بنەکاوڵ و هەندرێن و و زینی سەران و دوڵی ئاکۆیان، کێلێ، دەرگەڵە، سەروچاوە، وەرتێ، شاخی هەڵەموند و گەرووی مەجەڵ، زیارەت و کەپکی حەمەد ئاغا، کێل کێل، بەنی هەریر و گوندی فەقێیان و گەرەوان دەستی پێکرد.

**قۆناغي هەشتەم (کۆتایی):**

ناوچەکانی بادینانی گرتەوە لە ١٩٨٨/٨/٢٥ تا ١٩٨٨/٩/٦. ئەم قۆناغە ناوچەکانی دەوروبەری دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و شێخاني گرتەوە.

ئەوەی شایانی ئاماژەیە نزیکەی ١٨٢ هەزار هاوڵاتی کوردستان لە ئۆپەراسیونەکانی ئەنفاڵدا بوونە قوربانی کە زۆربەیان زیندەبەچاڵ کران لە بیابانەکانی باشووری عێراق و ئەوانەی زیندەبەچاڵیش نەکران لە ئوردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێکران.

## - کیمیاباران :

چەکە کیمیاییەکان بە چەکی کۆمەڵکوژ لەقەڵەمدەدرێن و ئەو چەکانەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵتی قەدەغەی کردوون بەپێی پروتوکۆلی ١٩٢٥ لەبارەی بەکارهێنانی گازە خنکێنەر و ژەهراوییەکان و هاوشێوەکانیان هەروەها ئامرازە ڤایرۆسییەکان بەپێی رێکەوتنی چوارەمی لاهای لە ساڵی ١٩٠٧.
حکومەتی عێراق ٤٠ جار چەکی کیمیایی دژی خەڵکی مەدەنی کورد و گروپە کوردییە چەکدارەکانی بەکارهێناوە لە ماوەی نێوان ١٥ نیسانی ١٩٨٧ تاکو ٢٥ ئابی ١٩٨٨ . یەکەمجار فرۆکە عێراقییەکان لە ١٥ نیسانی ١٩٨٧ گوندەکانی (سەرگەلو، بەرگەلو و یاخسەمەر و هەلەدن چالاوە و چنارونی و ئاوەزێ و کانیتوو ...) کە بارەگاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لێبوون بە چەکی کیمیایی بوردومان کردن هەروەها گوندی زیوەشکان لە ناوچەی ئامێدی کە بارەگاکانی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی و حزبی شیوعی عێراقی لێبوو. لە رۆژی دواتر (١٦ نیسان) گوندەکانی (شێخ وەسانان، بالیسان و خەتێ ...) کیمیاباران کران لە پارێزگای هەولێر کە بە تەنیا لە گوندی شێخ وەسانان ١٠٩ شەهید و ٢٨١ بریندارى لێ کەوتەوە.
لە میانەی ئۆپەراسیونەکانی ئەنفالدا بە شێوەیەکی چڕ کیمیاباران بەکارهات و تا کار گەیشتە ئەوەی لە ١٦ ئاداری ١٩٨٨ لە دژی شاری هەڵەبجە بەکاربهێنن کە ژمارەی دانیشتووانی ئەوکات دەگەیشتە ٥٠٠٠٠ کەس، کە خەڵکێکی مەدەنی یەکجار زۆر بوونە قوربانی و بەپێی مەزندەکان نزیکەی ٥٠٠٠ کەس بوونە قوربانی و نزیکەی ٥٠٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوون، تەنانەت ئاژەڵ و باڵندەکانیش رزگارییان نەبوو.
بەپێی رای پسپۆران ئەو چەکە کیمیاییانەی بەکارهاتن تێکەڵەیەک بوون لە گازی خەردەل، کە وەکو مادەیەکی کیمیایی دەبێتە هۆی بریندارکردنی لوت، گەروو و گورچیلەکان، سەرەڕای ئەو مادانەی کە زیان بە دەمارەکان دەگەیینن وەکو گازی سارین، تابوون و گازی VX.
لە راستیدا لە زۆر لە بوونەکاندا بەرپرسەکانی رژێمی بەعس نەیانشاردووتەوە کەوا چەکە کیمیاوییەکانیان لە دژی هاوڵاتییانی هەرێم بەکارهێناوە، بۆ نموونە عیزەت دوری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە یەکێک لە سەردانەکانیدا بۆ شاری سلێمانی لە پاییزی ١٩٩٠ بە دانیشتووانی سلێمانی گوت "ئایا رووداوی هەڵەبجەتان لە بیر کردووە، دەمانەوێت بە بیرتان بهێنینەوە کەوا ئامادەین دووبارەی بکەینەوە".
بەگشتی لە پارێزگای سلێمانی ١١٣ گوند کیمیاباران کران، لە پارێزگای هەولێر ٦٦ گوند، لە پارێزگای کەرکوک ٢٦ گوند و لە پارێزگای دهۆکیش ٤٩ گوند.

## جینۆسایدی ئێزیدیەکان:

تاوانەکانی جینۆساید لە دژی هاوڵاتییانی کوردستان لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە لە ماوەی نێوان (٢٠١٤ – ٢٠١٧):

ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەن و گروپێکی ئاینین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆربەشیان لە نزیك پارێزگای موسڵ و ناوەندی قەزای شەنگاڵ و دەوروبەری، بەشێکی تریان لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جۆرجیا و ئەرمینیا دەژین.

زۆربەی ئێزیدییەکان لە عێراق لە ڕووی ئاینەوە پەیوەستن بە خاکی (لالش)، کە وای ئەژمار دەکەن پێش هەموو کەسێك بۆ ئەوان و تەواوی ئێزیدییەکانی جیهانە، سەرژمێرییەکانی ئێزدی لە عێراق (٥٠٠ بۆ ٧٠٠) هەزار کەسە و کەوتوونەتە هەردوو شاری (شێخان) باکوری پارێزگای موسڵ و (شەنگال) لەسەر سنووری سوریا، بە درێژی (٨٠) کیلۆمەتر دووری پارێزگای موسڵ، کە چەندین شارۆچکە و گوندی گەورە و بچووك و ئۆردوگای نیشتەجێبوون لە خۆ دەگرن.

له مێژووی دوور و نزیکدا ئێزیدییەکان ڕووبەڕووی لەناوبردن و جینۆساید بوونەتەوە، زۆربەی سەرچاوەکانی ئێزیدییەکان خۆیان دەڵێن ئێزدییەکان ڕوو بە ڕووی زوڵم و چەوسانەوە و کوشتن و لەناوبردن بوونەتەوە. دواترینیان کۆمەڵکوژیی و تاوانی جینۆسایدی خەڵکی شەنگال لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە، ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) تۆمارێکی ترە لە مێژووی ڕەشی داگیرکەرانی کوردستان، ئێزدییەکان لەبەر کورد بوون و ئێزیدی بوون تووشی ئەو ماڵوێرانیی و کۆمەڵکوژییە هاتن، دیمەنەکانی شەنگال و چیای شەنگال، نابێت مرۆڤایەتی لەبیری بکات، ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکەی دیمەنی ئەو هەموو پیر و مناڵ و ژن و پیاوانە هەموو لایەك دەبێت بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی یاسایی و ویژدانی.

داگیرکردنی شەنگال و گوندەکانی دەوروبەری لە ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) و ڕۆژانی دواتری (٢٠١٤) لە لایەن داعشەوە، تاوانی گەورەی تێدا ئەنجامدرا، هەر لە بردنی سەدان کچ و ژن و دەستدرێژی کردنە سەریان. تاوەکو کڕین و فرۆشتن پێیانەوە، کوشتنی بە سەدانی تر لە گەنج و پیر و منداڵ و بە کۆمەڵ خستنیانە ژێر خاکەوە و هەبوونی چەندین گۆڕی بە کۆمەڵ. ئاوارە بوونی دەیان هەزار لە خەڵکی مەدەنی بۆ چیای شەنگال و گیان لە دەستدانی دەیان منداڵ و پیر بە هۆی نەبوونی شیر و خۆراك و ئاوەوە گەمارۆ دانیان، ئاسەوارێکی گەورەی مرۆیی دروستکرد.

لە ئاست ئەو تاوانە گەورانەی دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی ئەنجامدران لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین بڕیاری گرنگی دا لە پێناوی بە جیهان ناساندنی تاوانی جینۆساید کە دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی ئەنجام دران، گرنگترین ئەو هەنگاوانەش لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

١- پێکهێنانی لێژنەیەکی باڵا (بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٠) لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٨/١٧) بە سەرۆکایەتی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مەبەستی سەرپەرشتیکردن و هەماهەنگی و ڕێکخستنی بە جینۆسایدناساندنی تاوانە دڕندەکانی گروپە تیرۆریستییەکان لە کارەساتی شەنگال و ناوچە کوردستانییەکانی ئەو دەڤەرە بەرامبەر پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان.

٢- ئەرکەکانی ئەم لێژنەیە بریتی دەبێت لە:

أ. کۆکردنەوەی زانیاری تەواو و بە دۆکیۆمێنتکردنی گشت بەڵگە و دۆکیۆمێنت و وێنەی فۆتۆگرافی و ڤیدیۆیی و وەرگرتنی وتەی شایەتحاڵ و قوربانییەکانی ئەو تاوانانە و گرنگیدان بە بەدواداچوونی تایبەت بە تاوانی ڕفاندن و سوکایەتیکردن و دەستدرێژیکردنە سەر کچان و ژنانی شەنگاڵ لە لایەن گروپە تیرۆریستیەکان.

ب. پەیوەندیکردن بە گشت ناوەند و دادگا و ڕێکخراوە مرۆیی و یاساییە تایبەتمەندەکان لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و جیهان بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داواکردنی بە جینۆسایدناساندنی تاوان و دڕندەییەکانی هێزە تیرۆریستییەکان بە شێوەیەکی ئسوڵی و قەزائی و کارکردن بۆ دەستگیرکردنیان و بەدەستەوەدانیان بۆ لایەنە یاسایی و قەزائیەکان و گەیاندنی ئەو دۆکیۆمێنت و بەڵگەی تاوانەکان بە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە (لاهای).

ت. چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان وڵاتانی دونیا و عێراق و ناوچەکە و هەوڵدان بۆ چالاککردنیان بۆ پشتیوانی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان.

پ. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و لێژنە تایبەتمەندەکانی و دەسەڵاتی دادوەریی و دەستەی مافی مرۆڤ.

٣- یەکێك لە گرنگترین هەنگاوە یاساییەکان پێکهێنانی دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە تاوانەکانی جینۆساید دژ بە کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی تر لە پارێزگای دهۆك کە کاری ئەم

دەستەی لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان بە شێوەیەکی یاسایی و گونجاو لەگەڵ پێوەری کارپێکراو لە دادگا نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەو مەبەستە ئەنجومەنی دادوەریی (٣) دادوەر و (٨) لێکۆڵەرەوەی دادوەری تەرخانکردووە بۆ خێراتر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە.

٤- پێویستە سەرجەم یەکە سەربازییەکان ڕێ و شوێن و ڕێکاری پێویست بگرنە بەر بە مەبەستی پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و هاوکاریکردنی تیمەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئەو تیمانە بە مەبەستی پاراستنی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە وەکو بەڵگەی تاوان چونکە بە ونبوونی پاشماوەکانی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە زیانی گەورە دەگات بە پرۆسەی لێکۆڵینەو و دادگاییکردنی تاوانبارانی تاوانەکانی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی تر.

٥- ئامادەکردنی بەرنامە و پلانی پێویست سەبارەت بە میکانیزمی دادگاییکردنی تۆمەتباران لەسەر ئاستی دادگا نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان و بژاردەکانی بەردەم لێژنە بۆ چۆنێتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن

## یاساکانی تایبەت بە ئەنفالکراوان و ونبووەکان و قوربانیانی جینۆساید:

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان لەهەر ولاتێك، دەرکردنی یاسا و بڕیارە، بە مەبەستی یەکخستن و ڕێکخستنی هەر بوارێکی کۆمەڵگە و دیاریکردنی ئەرك و مافی دمەزراوەکانی وڵات و هاوڵاتیان. پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی خولەکانی کارکردنیدا چەندین یاسا و بڕیاری تایبەتی بۆ قوربانیانی جینۆساید لە کوردستاندا دەرکردووە. بۆ دیاریکردن و پۆلینکردنی قوربانیان، دابینکردنی بەشێك لە ماف و ئیمتیازات بۆ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و جینۆساید. هەروەها دامەزراندنی وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە پێێ یاسا.

بە شێوەیەکی گشتی، گرنگترین ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە شەهیدان لە ئەنفالکراوان و قوربانیانی تاوانی جینۆساید دەرکراون بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلین دەکرێن:

یەکەم/ بڕیاری ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٩٣): ئەم بڕیارە بە هەنگاوی یەکەم دادەندرێت لە بایەخدان بە چاککردنی بژێوی ژیانی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان ئەویش بە دابینکردنی بڕێك مووچەی مانگانە وەك هاوکاری بۆ خێزانی شەهیدان تا ئەو کاتەی یاسایەکی گشتگیر دەردەکرێت .

دووەم/ یاسای ونبووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٩): لەم یاسایەدا ونبوەکان پۆلینکراون بە پێی ماددەی یەکەمی یاساکە و بەم جۆرە:

- کوردە فەیلییەکان ئەوانەی لەساڵی (١٩٨٠)وە بەر هەڵمەتی کۆچپێکردن و لەناوبردن بوونەتەوە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە.
- بارزانییەکان کە لە ساڵی (١٩٨٣) لە لایەن ڕژێمی عێراق بێ سەر و شوێن کران.
- قوربانیانی هەڵەبجەی شەهید ئەوانەی بە چەکی کیمیایی لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە لەناوبراون.
- ئەوانەی لە شاڵاوە بەرفراوانەکانی ئەنفالدا لە ساڵی (١٩٨٨) لەناوبراون.
- ئەوانەی لە ماوەی ڕاپەرینەکەی ئاداری ساڵی ١٩٩١ و کۆڕەوە ملیۆنیەکەی بەدواهات و بزربوون.

لەم یاسایەدا بۆ یەکەم جار ژمارەی قوربانیانی ئەنفال بە زیاتر لە (١٨٢٠٠٠) تۆمارکراوە، ئەم تۆمارە لە هۆیە پێویستییەکانی یاساکەدا هاتووە، هەروەها ئاماژە بە بەرپرسیارێتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات، تاوەکو بە پێی حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی و بەڵێننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان هەوڵەکانیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ونبووەکان بخەنە گەڕ.

هەروەها لەم یاسایەدا ڕێو شوێن و ڕێکاری یاسایی مامەڵەی ونبوونی قوربانیان کە بە ونبوو هەژمار دەکرێن لە ڕێگەی دادگاوە دیاریکراوە.

سێیەم/ یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٣): یاسای ڕاماڵینی ئاسەوارە بەزۆر سەپێنراوەکانی بەکارخستنی سیاسەتی پاکتاوکاریی ڕەگەزیی بەعەرەبکردن (تعریب) لە کوردستانی عێراقدا.
چوارەم/ یاسای وەزراەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٦): بۆ یەکەم جار لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتێك بەم ناوەوەو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکهێنرا. چەند ئامانجێك بۆ هێنانەدی خراوەتە ئەستۆی وەزارەتەکە بە پێێ ماددەی دووەمی یاساکە کە گرنگترینیان:
- کارکردن بۆ ناساندنی تاوانەکان کە لە دژی هاوڵاتیانی کوردستان ئەنجامدراون لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
- بە دۆکیوٚمێنتکردنی هەر شتێك پەیوەندی هەبێت بە شەهیدان و قوربانیانی چەکی کیمیایی بە مەبەستی قەرەبوو لە حکومەتی عێراقی و ئەو لایەنانەش کە چەکی کیمیاییان بە عێراق فرۆشتووە.
- گەڕان بەدوای چارەنووسی ئەنفالکراوەکان و دۆزینەوەی گۆرە بە کۆمەڵەکان و گێڕانەویان بۆ زێدی خۆیان.
پێنجەم/ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧): ئامانج لە دەرکردنی ئەم یاسایە دابینکردنی بەشێك لە ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان بووە. لەگەڵ کەمکردنەوەی ئازاری کەس و کاری قوربانیان و وەك ڕێزلێنان و یارمەتیدانیان .
ئەم یاسایە چەند جارێك هەموار کراوەتەوە بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ خواستی گشتی و لەخۆگرتنی داخوازیی و مافی هەموو قوربانیان و کەسوکاریان.
شەشەم/ یاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید) ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠٠٧): لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم یاسایە :
- لێکۆڵینەوە و دۆکیوٚمێنتکردنی لایەنەکانی ئابووری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کەس وکاری قوربانیانی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید).
- دانانی پلان بۆ خستنە کاری کەس و کاری قوربانیانی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید)، بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەت و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان.
- کردنەوەی خانەی بەساڵاچووان و پەککەوتووان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆیان.
- بەشداریکردن لە کردنەوەی سەنتەری زانستی و ڕۆشنبیری، بۆ پەرەپێدانی توانای لاوان و قوتابیانی کەسوکاری شەهیدانی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید).
ئەوەی شایەنی ئاماژەپێکردنە، ئەو یاسایە دوای تێپەڕبوونی (١٠) ساڵ بەسەر دەرچوونی تا ئێستا جێبەجێنەکراوە و ئەو سندوقەش تا ئێستا پێکنەهاتووە.
حەفتەم/ یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید ژمارە (٩)ی ساڵی(٢٠١٥): ئەم یاسایە مەبەست لێی ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی دەگمەنی کەسوکاری قوربانیەکانە بە تایبەتی ئەوانەی کەس لە خێزانەکانیان نەماونەتەوە و هەموو بوونەتە قوربانی و بە تەنیا ماونەتەوە.
هەروەها پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٤/١٤) بڕیارێکی (١٠) خاڵی گرنگی دەرکرد کە دەتواندرێت بە نەخشە ڕێگایەك دابنرێت بۆ هەوڵدان بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان بە هەموو جیهان و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ئەم تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان کراون.
پەرلەمانی کوردستان بە پێی بەرپرسیارێتییە دەستوریی و یاسایی و سیاسیەکانی، داوا دەکات کە پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئەو سیاسەتانەدا بکرێت کە لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکە دکتاتۆرییەکان دژ بە گەلی کوردستان پەیرەو کراوە و ئەو تاوانانەی دەرهەقی ئەنجامدراون. بەو ناوەی کە شایانییەتی بە پێی بەڵگەنامە و ئەو بڕیارانەی کە لەگەڵ گەورەیی و مەترسیەکانی دەگونجێت بۆ وەدیهێنانی دادپەروەریی و مسۆگەرکردنی دووبارە نەبوونەوەی ئەو تاوانانە بۆ ئەوەی لە یادەوەریی نەوەکانی داهاتوودا بمێنێتەوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا:

یەکەم: کردەوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کە دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجام دراوە، تاوانی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید)ن. بۆیە ڕۆژی چواردەیەم اە مانگی نیسانی هەموو ساڵێك (١٤-٤) بە ڕۆژی بەرز ڕاگرتنی یادەوەریی و کارەساتی کردەوەکانی ئەنفال دەرهەق بە گەلی کوردستان – عێراق دەستنیشان دەکرێ.
دووەم: داواکردن لە حکومەتی فیدڕاڵی عێراق بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکانی کە هاتووەتە سەری بە پێێ پریاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ژمارە (١/ج/٢/٢٠٠٦) لە ڕێکەوتی (٢٤-٦-٢٠٠٧) و پریاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە دانیشتنی ئاسایی نۆیەمی لە (١٤-٨-٢٠٠٨) وەرگیراوە، چونکە ئەوەی کە گەلی کوردستان دووچاری بووە لە تاوانی گەورە، بە هەموو پێوانەکان کۆمەڵکوژیی (جینۆساید) بووە.
سێیەم: داواکردن لە حکومەتی فیدڕاڵ پشتگیری ئەم بابەتە بکات و بە ڕێگاکانی دیبلۆماسی لە گۆرەپانی نێودەوڵەتی بە تایبەتیش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی دیکە، لەوانەش یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپا و کۆنگرەی ئیسلامی و کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکان و یەکێتی پەرلەمانەکانی نێودەوڵەتی بیوروژێنێ. بە هەموو تونای خۆی هەوڵ بدات بۆ ئەوەی ئەو لایەنە هەمان هەڵوێست لەسەر پێناسەکردنی تاوانەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژیی (جینۆساید) وەربگرن کە بە پریاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە (١٦٠أ) (د-٣) لە (١٠ ی کانونی یەکەم ١٩٤٨) وەرگیراوە و، پریاری دادگای بالای تاوانەکان و پریاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (١٤-٤-٢٠٠٨) بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهانی وەربگێردرێتو، بەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هەموو دەوڵەتانی جیهاندا دابەش بکرێ.
چوارەم: داوا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی فیدڕاڵی بکرێت. بۆ پەلە کردن لە دەرکردنی یاسایەك بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان لە کۆمەڵکوژیی بە تایبەتی زیندووەکانی خاوەن قوربانییەکان و قەرەبووکردنەوەی تاك و ناوچە زەرەرمەندەکان لە ئەنجامی ئەو تاوانانەو، بەشداریکردنی کاریگەرانە لە دووبارە بنیادنانەوەیان و پەرەپێدانیان و تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆی.
پێنجەم: داوا لە حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێم بکرێ، کە دەستپێشخەری تۆمارکردنی داوا لە دژی دەوڵەت و کۆمپانیا و لایەن و ئەو کەسانەی چەکی قەدەغەکراوو کاڵای دروستکردنی و کەرەستە و پاشکۆکانیان بە ڕژێمی بەسەرچوو داوە، یان نوێکاری و ئاسانکاری بەدەستهێنان بۆی کردووە، تاوەکو بە پێی یاسا ڕاوەدوویان بکرێت، ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی پریاری دادگای بالای تاوانەکانی عێراق و داوای قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان بکرێ.
شەشەم: سیاسەتی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) کە ناوچەیەکی فراوانی کوردستان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیە هەمە جۆرەکانی لە کوردی فەیلی و ئێزیدییەکانی گرتەوە، کە چوار هەزار کەس لە ئێزیدییەکان کوژران و هەروەها تورکمان و کلدان و ئاشوری و ئەرمەن، ئەوەی دووچاریان هات لە ڕاگواستن و تواندنەوەی نەتەوەیی، لەوانەش گۆڕانکاری دیموگرافی لە ناوچەکانیاندا.
حەفتەم: داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، پتر بایەخ بەو ناوچانە بدات کە بەر ئەنفال کەوتوون و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆیان و دمەزراندنەوەی ژێرخانیان.
هەشتەم: پێویستە حکومەتی هەرێم سەنتەرێکی گشتی و یەکگرتوو بۆ بە بەڵگەکردن و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی تایبەت بە تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامدراوە دابمەزرێنێ. هۆشیارکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی ڕۆڵەکانی کوردستان بەو تاوانانە و بەسەرهاتەکانی ئەو گەلە لە نەهامەتیەکانی و دروستکردنی پردێك لە نێوان ئەم نەوەیە و نەوەکانی داهاتوو بە پەرەپێدانی بابەتەکانی خوێندن لە پرۆگرامی قوتابخانەکان لەم بارەیەوە.
نۆیەم: ڕێکخستن و بەبەڵگەکردنی پرۆسەکانی گەڕان بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان و کارکردن بۆ گواستنەوەی ئێسك و پروسکی قوربانیەکان بۆ ناوچەکانیان و ناشتنیان لە گۆڕستانی تایبەتی بۆ ئەوەی ببێتە نیشانەی مێژوویی دیار لەسەر ڕادەی بایەخدانی ئەم گەلە بەڕێزگرتن و بەرزڕاگرتنی شەهیدەکانی. لە کاتێکدا ئەنجومەن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو تاوانانەی سەرەوە بە فاکتەری کات بەسەرناچێ و ناسڕێتەوە. چونکە لە تاوانەکانی کۆمەڵکوژین کە بە پێی یاسای

نێودەوڵەتی تاوانی ترسناکن و جیهانی شارستانی مەحکومی دەکەن، بۆیە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق جەخت دەکات و دەستخۆشی لە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩) لە (١٤-٤-٢٠٠٨) وەریگرتووە.

## دادگاییکردن و بە سزا گەیاندنی تاوانباران :

بە گرنگی دەزانین، لە کۆتاییدا ئاماژە بە بڕیارێکی مێژوویی بکەین کە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەرچوو لە ئەنجامی دادگاییکردنی تاوانباران لە سەرکردەکانی ڕژێمی حزبی بەعس، ئەویش بە پێی حوکمی ژمارە (١/ج٢/٢٠٠٦) لە ڕێکەوتی (٢٤-٦-٢٠٠٧) کە بە پێی یاسای دادگای باڵای تاوانی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) پێکهات. دەرکەوت کە گەلی کورد تووشی لەناوبردنی بە کۆمەڵ (جینۆساید) بووە و ئەمەی خوارەوە لە بڕیارەکەیدا هاتووە:

١- دانانی تاوانەکانی ئەنفال (پڕۆسەکانی ئەنفال) بە تاوانی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید) و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ دژ بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، وە ئەم تۆمەتبارانە تاوانبار کران بە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەلکوژی:

- علي حسن مجيد.
- سوڵتان هاشم أحمد.
- حسين رشيد تكريتي.
- صابر عبدالعزيز الدوری.
- فرحان مطلگ الجبوری.

٢- کردنەوەی دۆسیەکی سەربەخۆ دەرهەق بە (٤٢٣) تۆمەتباری دیکە کە لە کاتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا ناوەکانیان هاتبوو، بە تۆمەتبار (وەفیق عەجیل السامەڕائی) دەستپێدەکات و بە تۆمەتبار (محمد سعيد أحمد) کۆتایی پێدێت.

٣- داواکارانی مافی مەدەنی ئەوەیان بۆ پارێزراوە کە بگەڕێنەوە بۆ دادگاکانی مەدەنی تایبەتمەند بۆ داواکردنی قەرەبووکردنەوە سەبارەت بەو زیانانەی کە لە میانەی ئەو تاوانانەوە پێی گەیشتووە.

لە ڕێکەوتی (٢٤-٧-٢٠١٧) دەستەی تەمییزی دادگای باڵای تاوانی عێراق، هەردوو بڕیاری تاوانبارکردن و حوکمەکانی کە لە دۆسیەکە دەرکراوە، پەسەند کرد و بڕیارەکە بەڵگەنامەی فەرمی حوکم پێدراوی تێدا وەرگرت.

## سێیەم :تەوەری بابەتەکانی زمان

## یەکەم / زمان و گرنگی زمان .

**بەرای زۆربەی زمانەوانە دەروونییەکان** زمان گرنگترین و سەرەکی ترین تایبەتمەندییە لە کە مرۆڤ لە گیانەوەرەکانی تر جیا دەکاتەوە، زمان ئەو هۆیەیە کە رۆژانە بە هەزاران کەس بەهۆی ئەمەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکترد‌ا دەکەن، بەبێ ئەوەی بیر لە چۆنیەتی کارکردنی ئەم سیستەمە بکەنەوە ، هیچ گومانی تێدا نییە کە کردەی سەرەکی زمان دەربڕینە لە هەست و سۆز و گەیاندنی بیرە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر ، بەمەش زمان ئامرازێکە ناوەرۆکی بیر روون دەکاتەوە (واتا و کارلیککردن و ئاواتەکان ) دەگوازیتەوە و دەردەبڕێت وەسفی شوین و خەڵك و روداو ...هتد ، دەکات. بەم شێوەیە زمان هۆیەکە بۆ تێگەیشتن لە نێوان مرۆڤەکان و ئامرازیکشیە ناتوانین دەست بەرداری ببین، چونکە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە ژیانی مرۆڤ دا و بەردی بناغەی کۆمەڵە .

کۆزمانەوانەکان لە بەرانبەر پێناسەی زمان، دەستەوەستان دەوەستن، پێیان وایە کە زمان لە پێناسە نایەت و خۆیان زیاتر بە بیرۆکەی کۆمەڵەی زمان دەبەستنەوە، لەلای ئەمان کۆمەڵەی زمان ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە هەست دەکەن بە یەك زمان دەدوێن، بەم پێیە هۆڵەندی و ئەڵمانی دەبنە دوو زمانی جیاواز، چونکە لەگەڵ ئەو هەموو لێکچوونە لە پێکهاتی دوو زمانەکەدا، هێشتا هۆڵەندییەکان وا هەست دەکەن، کە زمانەکەیان لە ئەڵمانی جیاوازە، هەروەها ئەڵمانەکانیش خۆیان بە جیاواز دەزانن، بەم پێیە هەموو دیالێکتەکانی (چین) بەبێ جیاوازی یەك زمانن، چونکە خەڵکی چین وا هەست دەکەن، کە بە یەك زمان دەدوێن، بەم پێیە هەموو دیالێکتەکانی کوردی بەبێ گوێدان بە جیاوازی لە پێکهاتەی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واژەدا، هەموویان کاتێ بە زمانی کوردی دادەنرێت، کە ئەو خەڵکەی قسەیان پێ دەکەن (هەست) بکەن بە یەك زمان، ئەویش زمانی کوردییە قسە دەکەن. بەمپێیە تاکو ئێستا چەندین پێناسەی جیا جیا لەبارەی زمانەوە خراونەتەڕوو، بەجۆرێك هەریەك لەم پێناسانە لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە لە زمانیان کۆڵیوەتەوە، لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

- ئەفلاتوون دەڵێت: زمان دیاردەیەکی سروشتییە و خوداوەند بە مرۆڤی بەخشیوە.
- ئەرستۆ دەڵێت: زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەنگ و واتاکان هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، ئاخێوەران لەسەری ڕێککەوتوون.
- سۆسێر دەڵێت: زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە پەیوەندی نێوان دەنگ و واتاکان پێکهاتووە، کە پەیوەندی لەخۆوەن و قسەپێکەرانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەسەری ڕێککەوتوون.
- بلۆمفیلد دەڵێت: زمان دەنگە، مرۆڤ لە دەوروبەری وەریدەگرێت.
- ئەندرێ ماتینی دەڵێت: زمان هۆکاری گەیاندنە، گەیاندن تاکە ئەرکی زمانە.
- چۆمسکی دەڵێت: زمان توانستێکی خۆرسکییە، مرۆڤ لەپێش لەدایکبوونی لەگەڵیدایە.

ئەگەر سەیری هەموو ئەو پیناسانە بکەین ، ئەوەمان بۆ روون دەبیتەوە کە زمان (گرنگترین ئامێری پەیوەندی و لەیەکتر گەیشتنی ئادەمیزادە).

**چەند پێناسەیەکی زمان :**

**زمان رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ دە گێرێ و بەردی بناغەی کۆمەڵە .لەمێژەوە سەرنجی فەیلەسوف و ئەنترۆپۆلۆجی و دەروونناس ..........هتد راکێشاوە ،بەڵام لە ڕوانگەیەکی فراوانەوە لەزمانیان کۆڵیوەتەوە بۆیە هەرشارەزایەك لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆی پێناسەی کردووە ئەمەش وادەکات چەند پێناسەیەك بۆ زمان بێتە کایەوە لەوانە :**

- **( هنری سویت ) دەڵێت :( زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ریگای دەنگ کە لە وشە پێك دێت )[1]**
- **( ئۆڵمان ) دەڵێت :( سیستەمێکی هێمای دەنگی لە بیری کەسی کۆمەڵ تۆمار کراوە )[2]**
- **( زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت و بەهۆی رەمزی لەسەر یاسا رۆیشتووە کاردەکات و لەژێر دەسەلاتی مرۆڤ دایە )[1].**
- **( چۆمسکی ) : زمان کۆمەلە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات.**

---

[1] حاتم صالح الضامن:١٩٨٩:١٣٢

[2] ستيفن اولمان:١٩٨٦:٣٣

[1] محمد معروف فتاح:١٩٩٠:٥

- مارتنیت: زمان هۆیکە بۆ لە یەکتر گەیشتن ، دەکری بە چەند دانەیێکی وردەوە( مۆرفیم )کە هەریەکەیان خاوەن واتا و فۆرمن.
- بلۆك تراگەر: زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە کە مرۆڤ بە هۆیەوە هەرەوزەی دەکات.

مێشك رۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی ئاخاوتن دا، بەشی ( برۆکا ) بەرپرسیارە لە بەکارهێنانی زمان و بەشی ( فێرنیکا )ش کە بە ( برۆکا ) وە نووساوە بەرپرسیارە لە تێگەیشتنی زمانی نووسین و قسەکردن[1]. بڕوانە وێنە ( ١ ).

مرۆڤ پاش تێگەیشتن و لێکدانەوە دەیەوێت هەڵوێستی خۆی بنوێنێت ، بۆیە روو لە فەرهەنگی مێشکی دەکات و پێویستییەکانی هەڵدەبژێرێت لە وشە و ڕستە بە پێی یاسا مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکان[2]، ئینجا لە ڕێگای کۆئەندامی دەمارەوە کە لە ژمارەیەکی زۆر خانەی دەماری پێکدێت کە پێیان دەگوترێت ( نیوڕۆن Neoron ) لە پاڵ ژمارەیەکی زۆر لە داوە دەمارەکان کە مێشك و ماسولکە بزوێنەرەکانی ئاخاوتن بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ دەمارەکانی بزوێنەری ئەندامی ئاخاوتن و لەناو خانە دەمارەکاندا کارلێك کردنێکی کیمیاوی روودەدات و رەوتێکی کارەبایی دروست دەبێت و دەمارەکانی جولانەوە بۆ ماسولکە دەنگییەکانی ئاخاوتن دەیگوازێتەوە و ئاخاوتن روودەدات یان بە نووسین دەری دەبڕێ[1] بڕوانە وێنە ( ٢ ).

وێنەی ( ٢ )

هەموو ئەو پێناسانە لەوەدا ڕێك دەکەون کە زمان چەند تایبە تمەندیەکی هەیە :

**٢- تایبەتیەکانی زمان:**

١. **زمان پەیڕەوە ( سیستەمە ) ئەگەر زمان خاوەنی پەیڕەوێکی تایبەتی نەبێت ئەوا کەس ناتوانێت فێری زمان ببێت،لە ڕاستیدا زمان لە دوو پەیڕەو پێك دێت :پەیڕەی دەنگ و پەیڕەی واتا.**

أ- پەیڕەی دەنگی زمان :لەوەدا دەردەکەوێت کە لە هەموو دەنگە جیاوازەکان کە مرۆ ڤ دەتوانێ دەریان ببڕێت ، هاوزمانان تەنها دەتوانن سوود لە ژمارەیێکی کەم و سنووردار لەو دەنگانە وەردەگرن بۆ نموونە لە هەموو ئەو دەنگانەی لە سروشتدا هەیە زمانی کوردی نزیکەی ( ٣٦ ) دەنگیان لێ وەردەگرێت .

ب- پەیڕەوی واتا زمان: ڕێگەی ئەم دانە دەنگیانە دەدا کە لە ژمارەیەکی زۆری وشەدا دووبارە ببنەوە تاکومرۆڤ بتوانێ بە ئاسانی لە چوارچیوەی زمانەکەدا بە چەمکی سادە وئالۆز دەربیبرێت.

٢. زمان ڕەمزە( هێمایە ): کە دەلێن دەنگەکانی زمان ڕەمزن یان هێمان مەبەست ئەوەیە کە ئەو هێمایانە شتێك دەنوێنن کە خۆیان نین ،واتە هیچ پەیوەندێك لە نێوان ناو و ناولێنراوەکەدا نییە وە ئەو پەیوەندیەی دەنوێنێت پەیوەندێکی ناڕاستەو خۆیە. ئەمەش سێ جۆرە:

أ. هێمای وێنەیی:کە تیدا پەیوەنی لێکچوون لە نێوان ناو ناولێنراوداهەیە بۆ نموونە :هێماکانی هاتووچوو،دەست ڕاوەشاندن بۆ هەرەشە بەکار دێت.....

---

(1) جمعة سيد يوسف: ١٩٩٠: ١٦٦-١٦٩

(2) عبدالسلام المسدی: ١٩٨٣: ٧٠.

(1) عبدالرحمن ايوب: ١٩٨٩: ٢٥.

ب. ڕەمزی هۆیی: لەو جۆرە ڕەمزانەدا هۆکارێك هەیە لە نێوان ناو وناولێنراودا. سوور هەڵگەڕانی دەم وچاو کە بە هۆی تورەیی یان شەرم، زەردهەڵگەران نەخۆشیە یان ترس، پەیوەندیەك هەیە کە تۆ لێی تیدەگەی .

ج. ڕەمزی لە خۆوە( هێمای ناراستەوخۆ): لەم جۆرە ڕەمزە هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ناو وناولێنراودا نییە، بە واتایکی تر هیچ پەیوەندیەك لە نێوان دەنگ و واتاکەی دا نیە بۆ نموونە وەك:وشەی ڕۆژ، دار، بەرد....

**٣. زمان فێربوونە:**

مرۆڤ ئەگەر ژینگەیەکی لەباری بۆ بڕەخسێ فێری چەند زمانێك دەبێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

**٤. زمان گواستنەوەیە:**

واتا مرۆڤ دەتوانێ باسی ئێستا و داهاتوو و ڕابردووی خۆی بکات.

**٥. زمان دوو لایەنە: زمان دوو لایەنی هەیە ( داخراو و کراوە):**

داخراوە چونکە ژمارەی ( ڕاناوەکان و ئامرازەکان ) سنووردارن.

کراوەیە چونکە بێ سنوور دەتوانین ڕستە دروست بکەین، وە بێ سنوور ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار ..... تاد، دروست بکەین.

**٦. شێواندن:**

مرۆڤ دەتوانێت ڕاستیەکان بشێوێنێت وەك زمانی شیعر، ڕۆمان و ئەفسانە.

**٧. زمانی وەرگێڕان:**

مرۆڤ دەتوانێت زمانێك بگۆڕێتە سەر زمانێکی تر وەك کوردی بۆ عەرەبی.

**٨. زمان لە خۆ دوانە:**

زمان دەتوانێت باسی خۆی بکات وەك ئەوەی باس لە( بکەر، بەرکار، کار) بکەین.

**٩. زمان گریمانە دانانە:**

لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین گریمانە دابنێین و زانیاری بنووسین وەك هەموو گریمانەکان بۆنموونە: تاقیکردنەوە بۆ ئاو.....تاد

١٠.زمان دەنگە :مەبەست ئەوەیە کە ئاخاوتن لە نووسین کۆنترە وە بەڵگەی مێژوویش ئەمەی سەلماندووە کە دەنگەکانی زمان بە پلەی یەکەم دێن لە پێش هێماکانی نوو، ئێمە هەموومان بەر لە نووسین فێرە قسە کردن بوین.

١١.زمان داهێنانە:

ئەو قسانەی مرۆڤ دەیکات هیچیان دووبارەنیین.هەموویان داهێنانی مرۆڤە. هەروەك چۆمسکی دەڵێت : لە توانای مرۆڤ دایە ژمارەیەکی بێسنوور ڕستە دابهێنێ بێ ئەوەی گوێی لێبووبێت.

١٢.زمان تایبەتە بە مرۆڤ:

لە کۆنترین ڕۆژگارەوە باوەر وابوە کە زمانی مرۆڤ لە هەموو گیانلەەرانی تر جیاوازە ،چونکە تەنها مرۆڤ بەهرە و توانای قسەکردنی هەیە ،واتە تەنها مرۆڤ دەتوانێ بیر و هزری خۆی لە شێوەی گوتندا دەربڕێت ،بێگومان ئاژەڵ و گیانلەبەرانی تر بە گشتی پەیرەوێکیان هەیە هەر چەندە زۆر سادەشە ،بەلام بۆ لێکتێگەیشتنی نێوانیانە.

## • گریمانەکانی پەیدابوونی زمان:

زمان یەکێکە لەو دیاردە ئاڵۆزانەی کە تا ئێستا بۆ زمانەوانەکان و ڕووناکبیران ساغ نەبۆتەوە، چونکە کێشەی چۆنیەتی پەیدابوونی زمان لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە سەرنجی زمانەوانەکانی ڕاکێشاوە.

وە زمانەوانەکان دان بەو ڕاستییە دەنێن کە زانیاریان دەربارەی دروست بوونی زمان زۆر کەمە، تا ئێستا هیچ تیۆرێکی سەلمێنراو دەربارەی دیاردەی زمان پێشکەش نەکراوە.

زۆربەی ئەم هەوڵانەی کە دراوە لەم بارەیەوە بریتییە لە بۆچوونی کەسی بیری سادەی نەسەلمێنراو، کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك کە ئەمانەن:

١. پەیدابوونی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا لە ناکاو بووە، هەروەك پەیدابوونی زمانیش لەناکاوبووە.
٢. پاش پەیدابوونی زمانەکانی ئەم سەردەمە مەڵبەندی زمان لە ناو چووە بێ ئەوەی پاش ماوەیەکی ئەوتۆیی بە جێ بهێڵێت، بەهۆی دانەهاتنی نوسینەوە.
٣. جگە لە نووسین پاشماوەی ناڕاستە و خۆشی نەبووە تا بیرێکی لێ بکرێتەوە.
٤. پشت بەستن بەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر زمانی منداڵ ، ئەوەندەی تر گریمانەکانی ئاڵۆز کردووە.

## • گریمانەکانی زمان:

١. لە ڕووی ئاینییەوە.
٢. لە ڕووی زانستیەوە.

### ١. لە ڕووی ئاینییەوە.

لە تەوراتدا هاتووە کە زمانەکان لەسەرەتادا یەك زمان بووە لە ڕوانگەی ئیسلامیش هەمان بیروڕا بەرچاو دەکەوێت، خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: ( وعلم أدم الّسماو كلها ) ووشەی " الّسماو " بە چەند واتایەك هاتووە: ناوی خوڵقێنراوەکان ، ناوی هەر شتێك ، ناوی هەموو ڕەگەزەکان ، ناوە پیرۆزەکانی خودا ، بەم جۆرە زمان شتێکی خواییە و فێری مرۆڤ کراوە، کەواتە لێرەدا قورئان و تەورات لێك دەچن، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێت کە ئێستا زاناکان یان زمانەوانەکان خەریکی ئەوەن ڕێزمانێکی جیهانی پێك بهێنن.

### ٢. لە ڕووی زانستیەوە.

لەم بارەیەوە بیروڕای جیاواز هەیە لە بارەی پەیدابوونی زمان لە لایەن هەندێ زمانەوانان یان شارەزایانی بواری زمانەوانی کە بە پێی ڕاو بۆچوونیان چەند گریمانەیەك پێشکەش دەکەن:

أ. <u>گریمانەی دەنگە سروشتیەکان:</u> بە پێی ئەم گریمانەیە زمان لە دەنگە سروشتیەکانەوە دروست بوویێت، واتا دانە دەنگیەکان بوونەتە ناو بۆ کەل و پەل و گیان لەبەرانی دەوروبەری مرۆڤ ، ئەم گریمانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٤ و ٥ پ.ز. واتا لە بیرەکانی ئەفلاتوون و دیمکریس دا هەبووە، وە لە سەدەی ١٧ و ١٨ دا لەبەر نەبوونی گریمانەیەکی چەسپاو لە لایەن ( لاینبینز )ەوە پشتگیری کراوە وە لە سەدەی ١٩ دا هەر لایەنگری خۆی هەبووە، وەکو ( وتنی و داروین ) ئەم گریمانەیە کەم و کورتیەکی زۆری تێدا بەدی ئەکرێت، ئەمانەن:

١. ئەگەر زمان لە ووشەی سادەی لاسایی وەك سرۆشت هاتبیٚ ئەم ڕۆنانە ( پێكهاتە ) ئاڵۆزەی لە كویٚ هێناوە.
٢. كەواتە بۆچی دەبیٚ ووشەی زمانەكان هەموو وەكو یەك نەبن كە دەنگە سروشتیەكان هەموو وەك یەكن.

ب. گریمانەی بانگ و قیژەی: ئەم گریمانە لە سەدەی ١٩دا لە لایەن زانای ئەڵمانی شتاینتاڵ و دەستەیەكی تری زانایان خرایە بەردەست كە باوەڕیان وابوو زمان لەو دەنگە غەریزانە پەیدابووە كە مرۆڤ بۆ دربڕینی خۆشی و ناخۆشی و ئازار و پەستی بەكاری دەهێنێت ئەم گریمانەیەش بەهەمان ڕەخنەكانی پێشوو بەرپەرچ دەبێتەوە.

ج. گریمانەی زمانی جەستەیی(بزاوتن): هەندێك لە زمانەوانان لەو باوەڕەدان كە سەرلەقاندن دەست جوولاندن زۆر پێش قسەكردن هاتۆتە كایەوە، بەڵگەشیان زۆری ئەو جوولانەوانەیە كە لە ناو مرۆڤە سادەكاندا دەبینریٚ.
زانای ئەڵمانی ( ڤۆنت ) و زانای رووسی ( مار ) پشتگیری ئەم بۆچوونە دەكەن وە دەڵێت لەیەكتر گەیشتن لە بنەڕەتدا لە شێوەی بزاوتن بووە ئینجا بووە بە زمانێكی ئاسایی. ئەم گریمانەیەش دیسانەوە دەدرێتەوە بەر ڕەخنە و كەم و كورتیەكانی بەوە دەست نیشان دەكرێت كە ئەم گریمانەیە لە تاریكی دا كارناكات واتە ئەم مرۆڤانە بەشەو پەیوەندیان نەبووە هەروەها لە كاتی بوونی كۆسپ بەكارنەهاتووە.

د. گریمانەی مۆسیقا: بە پێی ئەو گریمانەیە زمان لە گۆرانی یەوە هاتووە یان هەردووكیان لەیەك بنچینەوە دروست بوون سەرەتا زمانی مرۆڤ بریتی بووە لە گۆرانیەكی بیٚ ووشە، واتە هەر ئاواز بووە تەنها بۆ مەبەستی هەست دەربڕین بووە بۆ تێگەیشتن و پەیوەندی كردن بووە، ئینجا گۆڕاوە بۆ ووشەی درێژ و پڕ لە دەنگی قورسی و چەنگە شكێن، ئەم گریمانەیە لە لایەن ( یسر پێرسن ) خراوەتە ڕوو شایەنی تێبینی یە كە ئەم گریمانەیە سەرەڕای ڕەخنەكانی پێشوو ڕەخنەیەكی تری لێدەگیریٚ كە تەنانەت مرۆڤی ساكارش قەناعەت بەو گریمانەیە ناهێنێت نەك زمانەوانان، چونكە لە بنچینەیەكی خەیاڵیەوە دروست بووە نەك نەك زەمینەیەكی عاقلی یان.

ه. گریمانەی پەیوەندی: ئەم گریمانەیە لەو ساڵانەی دواییەوە بەرچاو دەكەوێت كە گریمانەی پەیوەندی كردنە لە لایەن ( ڕفێزە )وە وە خراوەتە ڕوو بە بۆچوونی ئەمە زمان لە ئە نجامی ئەو غەریزە بە تینەوە دروست دەبێت كە لە مرۆڤدا هەبووە بۆ پەیوەندی كردن، ئەم غەریزەیەش بەچەند قۆناغێكدا تێپەڕیوە قۆناغی قیژە، قۆناغی بانگكردن، قۆناغی ووشە،، بەكارهێنانی دەنگەكان كە ئەمەش هەر لە توانای مرۆڤدا بووە لە ئە نجامی ئەو لێك بوونەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە كە تاكو ئێستا بیردۆزێك بۆ دروست بوونی زمان نە خراوەتە ڕوو ئەوەی بەرچاو دەكەوێت هەمووی گریمانەن.

## ﴿ ئەلفبێی زمانی كوردی ﴾

- ***ئەلفبای زمانی كوردی***

**زمانی كوردی سیٚ جۆرە ئەلفبا بەكار دێنێت :**

١. ئەلفبای عەرەبی: کە لە ناو گەلانی موسڵماندا باوە وەك: کورد،فارس ،تورك.........لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بڵاو بۆتەوە.سەرەتا دەسکاری نەکراوە چونکە بە گوناهیان دەزانی.سەرەتا دەسکاری هەندێ تیپی وەك: (ژ،گ،چ،ڤ) یانکرد تا نزیك کۆتایی سەدەی (١٩) هەستیان بەوەکرد هەندێ دیاردەی فۆنەتیکی جیاواز هەیە هەروەك: (یوسف چیاوالدین ) لە (الهدیە الحمیدیە فی اللغە الکردیە) دەڵێت لەزمانی کوردی جۆرە (ی) هەیە وەك لە وشەی (گیتمك) و جۆرە (و) هەیە وەك لە وشەی (صورمك) مەبەستی(ێ) و (ۆ) تاکو شەری جیهانی یەکەم دەستی لێنەدراوە،یەکەم دەسکاری (فتحە) و (چمە) بوو کە(ە، و).ئەگەر بێتوو رۆژنامەی (رۆژی کورد) و (ژین) بەراورد بکەین ئەم گۆرانکاریەمان بەرچاو دەکەوێت .لە دەوروبەری شەری جیهانی دووەم (٧) خستە سەر (ۆ) و (ێ) دواتر لە ساڵانی پە نجا کە (لاینۆ تایپ) هاتەکایەوە.و یەکەم کتێبی (شێخ سەلام) کە د.مارف پێشەکی بۆ نووسیوە. پێ چاپکرا. لەلایەن (تۆفیق وەهبی و بدیع باباجان) دەسکاری هەندێ دەنگەکانی (ۆ،گ،ژ،ڤ،پ،چ...) لەسەر کارتۆنیان نووسی ورەوانەی ئەڵمانیایان کرد.ئەم ئەلفوبێ یە تەنها (i) بزۆکە گرفتمان بۆ دروست دەکات.ئەم ئەلفوبێیە لە لای کوردەکانی (عێراق و ئێران ) بەکاردێت. کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

نەبزوێن : (ب-پ-ت-د-ك-گ-ج-چ-ق-ف-ڤ-س-ز-ش-ژ-خ-ه-م-ن-ل-ڵ-ر-ڕ-و-ی)

بزوێن: (ا-ە-و-وو-ۆ-ی-ێ-I-w-y )

ژمارەی فۆنیمەکان: (35)

٢. ئەلفبای لاتینی: لە نووسینی زمانە ئەوروپییەکاندا و لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتناسی بەکار دێت.لە گەڵ شارستانییەتی گریك دوروستبووە.دواتر بە پێی پێویستی زمانەکان هەریەك لە زمانانی (ئەڵمانی،فرەنسی،......) دەسکاریان کرد.دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی دووەمی کوردستان.لەگەڵ بەکارهێنانی لاتینی لە تورکیا کوردەکانی تورکیا و سوریا و رۆژئاوای ئێران و....بەکاریان هێنا کە یەکەم هەوڵی بۆ بنەماڵەی بەدرخانییەکان دەگەرێتەوە.(جەلادەت و کامەران) ئاوارەبوون لە شام و بەیروت بەیارمەتی فەرەنسییەکان بنکەی رۆشنبیری کوردیان دامەزراند و هەنگاوی یەکەمیان بە دانانی ئەلفوبێیەکی لاتینی دەستپێکردو گۆڤاری (خەباتی خوێندەوار و (هاوار) یان پێدەرکردو دواتریش (رۆناهی) و (ئەستێر) ئەم ئەلفوبێیە سەرەتا کێشەی زۆربوو ئەگەر سەیری ژمارەی یەکەمی (هاوار) و ژمارەکانی تر بکەین دەبینین هەندێ گۆرانکاری بەسەر داهاتووە.بۆنموونە سەرەتا بۆ (Q) بۆ (ك) دانا دواتر بۆ(ق).

(عەرەبی شەمۆ،مەرەگۆلۆف) دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر واتە (١٩١٧) تاکو ناوەراستی بیستەکان. هەوڵێکی تریاندا بۆ دانانی ئەلفوبێیەکی کوردی چونکە پێشتر ئەلفوبێی ئەرمەنییان دانابوو و کتێبی (الشمس) یان پێ چاپکرد.کتێبی قوتابخانە و کتێبی تر و (گۆڤاری ریاتازە) ئەمەش (٧-٨) ساڵێکی خایاند.ئەوەبوو (ستالین) لە (١٩٣١) هەموو مافێکی لە کورد سەندەوە.

بزوێن(A,E,U,O,I,) نەبزوێن (B,T,D,K,G,C,Q,F,V,S,J,X,H,M,N,L,R,W,Y)

**پیت(وێنە) ودەنگ:**

﴾ ئـ(هەمزە) ـ ب(بێ) ـ پ (پێ )ـ ت (تێ )ـ ج( جیم) ـ ح( حێ) ـ د( دال )ـ ر( رێ)ـ ڕ( ڕێ) ـ ز( زێ) ـ ژ (ژێ)ـ س( سین) ـ ش (سین)ـ ع (عەین )ـ غ( غەین) ـ ف (فێ )ـ ڤ( ڤێ) ـ ق( قاف) ـ ك( كـاف) ـ گ( گـاف) ـ ل( لام ) ـ ڵ( ڵام) ـ م( مـیم) ـ ن( نوون) ـ ه( هێ) ـ ۆ( ئۆ)ـ و( ئو)ـ وو( ئوو) ـ ی (ئی )ـ ێ( یێ) ـW-Y-I﴿

**پیتی لاتینی** **Aa- Bb- Cc- Ç - Dd- Ee-E ê - Ff- Gg-Hh- Ii- Î**
**.- Jj-Kk- Ll- Mm- Oo- Pp-Nn-Qq-Rr-Ss- Ş -Tt-Uu- û -Vv-Ww-Xx-Yy-Zz**

3. **ئەلفبای سیریلی:كوردەكانی یەكێتی سۆفیەت بەكاریان دەهێنادوای شەری دووەم.لە ئەرمەنستان ئـەلفوبێی لاتینیـان نەهێشت و لەسەر بنچینەی سلاڤی (سیریلی) ئەلفو بێیەكیان بۆ كورد دانا**

## گیروگرفتی ڕێنووسی یەكگرتووی كوردی:

**ڕێنووسی كوردی و گرفتەكانی:**

**یەكەم:گیروگرفتی پیتی(و)**

١. **گیروگرفتی پیتی (و) ی كۆنسۆنانت ،(w).ئاوایی(**Avahi**)،هاوار**...............
٢. **گیروگرفتی پیتی (و)ی كورت ،بزوێنی كورت (و:u) ،كورد،**..............
٣. **گیروگرفتی پیتی (ۆ) ی (ۆ:o)،دۆل،گۆر**..............
٤. **گیروگرفتی پیتی (وو)ی درێژ،وو:u ،سوور،چوو**.................

**دووەم: گیروگرفتی پیتی (و) ی سەرەتای وشە،هەر وشەیەك بە (و) دەستپێبكات بە یەك (و) دەنووسرێت**

**سێیەم: گیروگرفتی پیتی (ی):**

١. **پیتی (ی)ی بزوێن،(ی:i):زەوی:zewi**........................
٢. **پیتی (ی)ی كۆنسۆنانت،(ی:y): یار:yar**.............

**چوارەم: پیتی (i)ی بزرۆكەی:من:min**..............

**پێنجەم:لە كاتی هاتنی سێ پیتی (ی) دەبێ بەسەر یكەوە بنوسرێ:(ئاوایییەكەمان)** ..

**شەشەم:گیروگرفتی (ڕ)ی گران واتا (ڕ) ی نیشاندەر.ئەم پیتە لە هەر كوێیەكی ووشەدا هات دەبی بە نیشانەكەیەوە بنوسرێ وەك ڕۆژ.بڕیار.كەڕ**

**حەوتەم:گیروگرفتی پیتی (و) ی بەیەكەوە بەستن:بە شێوەیەكی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆی خۆیەوە دەنوسرێت و مامەلەیەكی سەر بە خۆی لەگەل دەكرێت.**

**نموونە:من وتۆ ،ئارەزوو و وریا**

هەشتەم:نەسەب لە لە زمانی کوردی دا زۆربەی جار بە هۆی پیتی لە کۆتای ناودا دەکرێت وەك: پێنجوینی ،هەولێری،دهۆکی ،شێخانی.

نۆیەم:ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی ( ی ) تەواو دەبن پێویست ناکات ( ی ) نەسەبیان بخرێتە پال وەکو: سلێمانی

دەیەم:هەر ووشەیەکی بیانی بێتە ناو زمانی کوردی دەبیٚ بە کوردی بنوسریٚ وەك( قەلەم،ئەکبەر ،ئۆتۆمۆبیل ).............

یازدەم:ئامرازی ( تر،ترین ) کە بۆ بەراورد بە کاردیٚ دەبێت بە وشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێت.

وەك:جوان:جوانتر-جوانترین.،ئامرازی ترجیاوازە لەوشەی ( تر ) کە بە واتای ( دی،دیکە ) دێت.ئەمەی دوایی دەبیٚ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی بنوسرێت وەك:مالیٚکی تر...............

## چەمك و پێناسەی دیالیٚکت:

چەمکی دیالیٚکت :- لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی دیالیٚکت چەند زاراوەی تری بۆ بەکارهاتووە ( زار، لەهجە، شیٚوە ) زاراوەی دیالیٚکتیش لە بنچینەدا زاراوەیەکی لاتینیە بۆ یەکە مجار گریکیەکان بە شیٚوەی ( دیالیٚکتۆز ) بەکاریان هیٚناوە ئەم زاراوەیان بۆ جیاکردنەوەی زمانی نوسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەلٚ بەکارهیٚناوە،واتە گریکەکان بە زمانی ڕەسمی و ئەدەبییان گوتووە ( دیالیٚکتۆز ) وە زاراوەی ( پاتۆس ) یان بۆ زمانی چینەکانی خوارەوە بە کارهیٚناوە،ئینگلیزەکان زاراوەی جیاواز لە گریکەکان بە کارهیٚناوە و لە جیاتی زاراوەی ( دیالیٚکتۆسی ) یۆنانی زاراوەی زمانی ستانداردیان بەکاهیناوە و لە جیاتی زاراوەی "( پاتۆس ) زاراوەی دیالیٚکتیان بە کارهیٚناوە دواتر زاراوەکە شوێنی خۆی گرت، زمانەوانی کورد زۆرتر ئاشناییان لەگەلٚ سەرچاوە عەرەبیەکان و ئینگلیزیەکان هەبووە،بەلاٚم بە باش دەزانریٚ زاراوەی دیالیٚکت بەکاربێنین ، چونکە هەم زاراوەیەکی جیهانییە و لە بوارەکانی زمانەوانیدا بەکارهاتووە کە هەمیشە گونجاوترە لە هەموو ئەو زاراوانەی ناوبران ،ڕەنگە زۆری زاراوە سەر لە خوێنەر بشێوێنن .

## پێناسەی دیالیٚکت:

دیالیٚکت: بەو جیاوازییانە دەوتریٚ کە لە جۆرەکانی یەك زماندا هەیە، کە لە نیٚوان جۆرەکانی یەك زماندا هەیە.

- هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالیٚکت﴿هۆیەکانی دابەشبوونی دیالیٚکت یان زمان﴾ :-

١) هۆکاری جوگرافی و سروشتی هەلٚکەوتوی ناوچەکە :باری سەخت و دژواری کوردستان لە رووی بەرزی و نزمی خاك و ئاوهەوای کوردستان ،کوردستان دابەش بووە بۆ چەند ناوچەیەك و کۆمەلٚگەی کوردەواری پارچە پارچە کردوەو لیٚکدابران زۆربەی ئاواییەکانی کوردستانی گرتوتەوە ،ئەم ئاواییانە هەریٚکە نیٚوانەیٚکی ناوچەی وەردەگریٚ هەرناوچەیٚکیش بە شیٚوەزاریٚکی جیاواز دەدوێت ،سەرباری سەختی خاکەکەیان و ئاو و هەوا و بەفروباران زۆربەی دیٚهاتەکان لە زستاندا ئابلوقە دەدات بە تایبەتی ناوچە شاخاویەکان کە ڕەنگە لە ناوەڕاستی پایز تا ناوەڕاستی بەهار خەلٚکان نەتوانن لە گوندەکانیان دەربچن مەگەر لە ناچاری نەبێت،لە هاویندا بە هۆی خەریکیان بە کشتوکالٚیەوە کەمتر لە ناوچەکانیان

دەردەچن ،ئەگەر سەرنجی جوگرافیای کوردستان بدەین دەبینین زێی بادینان هۆیەکی سەرەکیە بۆ دروست بونی زاری ناوەڕاست و کرمانجیی ژوروو ڕژێمی عیراق هەستی بەوە کردبوو بۆیە بڕیاریدا بە دروست کردنی بەنداوی بێخمە تاکو پتر لە یەکتریان دابڕێت، هەروەها زنجیرە چیای هەورامان شێوەزاری هەورامانی کردۆتە دووبەش ( هەورامانی لهۆن و تەخت ) دەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین ئەگەرچی ئەم سنورە خۆرسکە سەختە بۆتە هۆی لێك دابڕان و تێکەڵ نەبوونی زارەکانی کوردی ،بەلاّم زمانی کوردی هەر بە پاراوی و پاکی ماوەتەوە لە کاریگەی زمانی بێگانە خۆی پاراستووە و کە دەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین کە هۆی جوگرافی لە سەرەتادا کاریگەری لە سەر دابەشبونی زمان هەبووە .

٢ ) هۆکاری ڕامیاری :- ئەگەر چی هۆکاری ڕامیاری لە دوای هۆکاری جوگرافی سەرهەڵدەدا بەلاّم کاریگەری زۆری هەبووە لە سەر دابەشبوونی دیالیلتەکانی بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لە بەرئەوەی تا ئێستا کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆو ولاّتێکی سەربەخۆی نەبوەو خاوەن زمانێکی ستاندارت نەبوە دەتوانین کاریگەری ڕامیاری لە چەند خاڵ باسی بکەین :-

أ\ڕامیاری ناوەوە :- مەبەست لە ڕامیاری ناوەوە واتە ئەو شتانەی لەناو ناوچەی خۆمانن هەر هەر لە سەرەتادا ڕامیاری ناوەوە لە ڕوی زمانەوە سودی بۆ زمانی کوردی نەبوە وە بۆتە هۆی لێك دابڕانی ناوچە کوردیەکان بۆ نمونە ڕژێمی دەرەبەگایەتی وایکرد ڕەنجدەران و دەستەی هەژاران ناوچەکانیان بەجێ بهێڵن وە پەرشو بلاّوبین وە دوای ئەم ڕژێمانەش میرنشینەکانی کوررد ( بۆتان – ئەردەلان- سۆران- بابان .... ) هەریەکەیان هەوڵیدەدا شێوەزاری ناوچەی خۆی زیاتر گرنگی پێبدات وە شێوەزارەکانی تریش فەراموّش بکات ،بۆنموونە میرنشیننی بۆتان زاری باکوری بەکاردەهێنا وەکو زمانێکی ڕەسمی دەوڵەت شاعیر وەکو ( عەلی حەریری ) لە ناوچەی سۆران شعری بە بادینی نوسیوە بە هەمان شێوە ئەردەلانیەکان گرنگیان بە زاری هەورامی داوە ،یابانیەکان زاری ناوەڕاستیان کردۆتە زمانی ئەدەبی یەکگرتو بۆ ناوچەی کوردستانی عێراق .

ب ) ڕامیاری دەرەوە :- رامیاری دەرەوەش وەکو ڕامیاری ناوەوە سودی بۆ زمان نەبوە لە بەر هۆیەکانی پێشتر ولاّتانی دەوروبەر دەسەلاّتیان بە سەر کورد دا ڕۆیشتوە وە پەیوەندیان بە شێوەیەکی ئاسایی نەبوە بەڵکو دەست بەسەر داگرتن و داگیرکردن بوە بۆ ئاما نجی ئەوەی کە کاریگەری بخەنە سەر زمانی کوردی وە ئەمەش بوە هۆکاری ئەوەی سەدان وشەی بێگانەی وەکو ( ،فارسی ،تورکی .... ) بێتە ناو زمانی کوردیەوە بە تایبەتی وشەی ڕامیاری و سەربازی بەلاّم ئەم زۆر لێکردنە کاردانەوەیەکی زۆری لە ناو کوردا پەیداکرد کە بوە هۆی ئەوەی کورد زمانەکەی خۆی بپارێزێت وەڕقی لە وشەی بێگانە بێت بۆیە لە ئە نجامدا دەبینین زمانی کوردی ئێستامان پاراوترە لە زمانی پێشوو .

ج/ کە میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێت.

د/ ئەوەیە کە حکومەتی ناوەندی بوونی هەیە، بەڵام لەبەر فراوانی سنووری دەسەلاتەکەی ناتوانێت دەسەلاتی بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ بۆیە ئەم دسەلاتی ناوەندیە لاواز دەبێ وە بەهۆیەوە وای لێ دێ کە هەر شوێن و ناوچەیەك ببێتە خاوەنی ئاخاوتنێکی سەربەخۆ.

٣- هۆکاری ئاینی :- کاتێ ئاینی ئیسلام لە ناوچەکەدا بەتەواوی بلاٌودەبێتەوە کارێکی یەکجار لە زمانی گەلانی ناوچەکە کرد چونکە :-

أ- زمانی گەلانی ناوچەکە خۆیان لەبەر مەترسی هەڕەشە لێکردن و توانەوە لەناو بۆتەی زمانی ئاینی نوێ و زمانە نەتەوەی داگیرکەری عەرەبی دا بیبیەوە .

ب- زمانی کوردی وەك زمانی سەربەخۆ لە دەست کارتێکردنی زمانەکانی دیکەی ئێرانی رزگاربون بە ڕێگەی گۆڕانکاریە تاییەتیەکاندا تێپەڕبوون هەمو دیالێکتەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا گەشەیان سەند زمانی نەتەوەکانی تر لە یەکترەوە نزیك بون وە کاریان لە یەکتردەکرد بەلاٌم دوای لێك دابڕان هەر زمانەی بەجیا ڕێگەی گۆڕان و گەشەسەندن و پێش کەوتنی بەخۆیەوە بینی .

ج- هەندێك لەو نەتەوانە لە زمانی ئاینی نوێ تێنەدەگەیشتن ناچاربون خۆیان فێری ئەو زمانە نوێیە بکەن تاکو هەمو پاڕانەوەو خوا پەرستی و نوێژەکانیان بە زمانی عەرەبی بێت لە بەر ئەوەی خەڵکی کوردستانن خوێندەواری کەمبو زۆر درەنگ فێری ئەو زمانە دەبون بە تاییەتی زمانی عەرەبی لە فۆنەتیك و ڕێزمان و ئەلف و بێ و شێوەی نوسین دا لەگەڵ زمانی کوردی زۆر جیاوازە بۆیە لە سەرەتادا کەم کەس دەیتوانی بەو زمانە بدوێ کە بە پە نجەی دەست دەژمێردران ئەو ئەو دەقانەی بۆ خوا پەرستی پێویست بوایە بێ ئەوەی لێی تێبگەین لە بەریان دەکرد .

٤- هۆکاری کۆمەلاٌیەتی :- ئەو کارە پەیوەندی بە داب و نەریت و خو ڕەوشتی ناو کۆمەڵگەو چینەکانی ناو کۆمەڵگە هەیە .

٥- ڕادەی ڕۆشنیری و دواکەوتوی کۆمەڵگە .

٦- جیاوازی لە ڕووی دەنگسازیەوە : جیاوازی لە ڕووی ئاستی دەنگ سازی یەوە. بۆ نموونە: لە لە کرمانجی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی دا "نوستم" بە کاردێت بەلاٌم لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردی دا "نڤستم" بەکاردێت

٧- لایەنی ئابوری :- ، کە ئەمەش پەیوەستە بە چۆنیەتی دابەش نەبوونی ئابووری لە شوێنە جیاوازەکاندا.

٨ـ هۆکاری بایلۆجی و فیزیکی کە ئەمەش پەیوەستە بە کردەی دروست بوونی مرۆڤەوە.

## ( سنوور و نەخشەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی )

**یەکەم: دیالێکتی سەروو:**

ئەم دیالێکتە لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی فراوانترە، چونکە کوردەکانی کوردستانی تورکیا ( بایەزید، وان، جولەمێرگ، سێرت، موشی، ماردین، دیاربەکر، خارکوك، ئەدیان، خازیان، بەشەکانی خۆرهەلاتی پارێزگای مەرعەش و بەشەکانی باشووری پارێزگای ئەرزوروم و قارسی ) هەمووی بەم دیالێکتە ئەدوێن.
هەروەها رۆژئاوای ئەرمەنستان و روسیا و باکووری سوریا و دانیشتوانی پارێزگای دهۆك و قەزاکانی مێرگەسور و ئاکرێ و ئامێدی و شێخان و شەنگال لە کوردستانی عێراق بەم دیالێکتە ئەدوێن.

**دووەم: دیالێکتی کرمانجی ناوەراست:**

ئەم دیالێکتە پێنج شێوازی هەیە :

١. موکری: مەڵبەندەکانی ( شنۆ، مەراغە، میاندواو، بانە، شلاهین دژ، سەقز، بۆتان زەردەشت ).
٢. سۆرانی: مەڵبەندەکانی ( هەموو پارێزگای هەولێر و شاری هەولێر و ناو جەرگەی ئەم شێوازەیە ).
٣. ئەردەلانی: مەڵبەندەکانی ( سنە، بیجار، کەنگەوەر، رەوانسە، باکووری ناوچەکانی جوانرۆ لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە باکووری کوردستانیش قەزای قەلادزێ ـ پشدەر ـ شاری سنە ناو جەرگەی ئەم شێوازەیە.
٤. سلێمانی: شاری سلێمانی مەڵبەندی ئەم شێوازەیە هەموو پارێزگاکە دەگرێتەوە جگە لە قەزای قەلادزێ.
٥. گەرمیان: ئەم شێوەزارە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سلێمانی نیە لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەزارێك دادەنرێ. ( کفری، کەلار، توزخورماتوو، قەرەتە پە، شوان ) لە باشووری کوردستان دەگرێتەوە.

**سێیەم: دیالێکتی کرمانجی خواروو ( باشوور):**

١. لەکی: ئەم شێوەزارە کوردەکانی لورستانی پێ دەدوێن، هۆزەکانی بریتین لە ( خواجەواند، عبدالمالیکی، ناداوەنت، شۆجە، کاتاوەند، دەلفان، پیران وەند ).
٢. بەختیاری: دەە بەشە کە ئەمانەن: ( هەفت لنگ ، چوار لنگ ).
٣. مامەسێنی.
٤. کۆهگولو.

**چوارەم: دیالێکتی گۆران:**

ئەم دیالێکتە لە باکووری رێگای نێوان قەسری شیرین، کرمانشان دەست پێدەکات بەرەو شاخەکانی هەورامان ، هەروەها لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو خۆرهەڵات تاکو کرمانشان. ئەم دیالێکتە پێك دێت لە :
١.گۆرانی رەسەن. ٢.هەورامان. ٣.باجەلانی. ٤.زازا.

**دابەشکردنی خێزانە زمانەکانی جیهان:**

## خێزانە زمانەکان هیندۆ ـ ئەوروپی

- ١.خ. هیندۆ ـ ئەوروپی.
  - ـ ڕۆژهەڵاتی.
  - ـ ڕۆژئاوایی.
- ١ . خ. زمانی سامی.
  - ـ باشوریەکان.
  - ـ باکوریەکان.
  - ـ ڕۆژئاوایی( کەنعانی ).
  - ـ ڕۆژهەڵاتی.
- ٣ . خ. ئۆزاڵی
- ٤.خ چینی و تبتی.

---

**١. خێزانە زمانی هیندۆ ـ ئەوروپی:**

**ئەم خێزانە لە کۆمەڵەیەکی گەورە پێك دێت کە لە ڕەگەز و بنچینەدا نزیکن لە یەکتریەوە، ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە بەم زمانانە دەدوێن و دەکەونە ناوەڕاستی ئاسیا هەتا ئەو پەڕی کەناری ڕۆژئاوای ئەوروپاوە، ئەویش دکرێن بە دوو بەشەوە:**

**أ. کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی: کە بە هیدۆئاریش ناسراوە بەهۆیەوە زمانەکانی میتانی و سانکریتی و ماد و ئەخمینی دەگرێتەوە، کە ئەویش بەسەر دوو لقدا دابەش دەبێت:**

- **کۆمەڵەی هیندی: لە زمانەکانی بێنجانی، کۆچراتی بەهاری، بەنگالی، هیندی ڕۆژئاوایی، بەراکراتی، ڕاجاسانی.**
- **کۆمەڵەی ئێرانی: زمانی کوردی، فارسی کۆن، فارسی نوێ، ئەفغانی، بەلۆچی، ئۆزەتی پێك دێت.**

**ب. کۆمەڵەی ڕۆژئاوایی: ئەم کۆمەڵەیە پێك دێت لە پێنج بەش:**

- **زمانە جەرمەنیەکان ( ئەڵمانی، ئینگلیزی، دانیمارکی، هۆڵەندی، زمانە ئەسکەندەنافیەکان ).**
- **زمانە سلاڤیەکان ( روسی، پۆلەندی، چیکی، سلۆڤاکی، یوغسلاڤی ).**
- **زمانە لاتینیەکان یان ڕۆمانیەکان ( ئیتالی، فەڕەنسی، ئیسپانی، پورتوگالی ).**
- **زمانی یۆنانی ( ئەرمەنی و ئەلبانی ).**
- **زمانی کەلتی ( ئێرلەندی ).**

**٢. خێزانە زمانی سامی:**

ئەم خێزانە زمانی ئەو نەتەوانە دەگرێتەوە کە لە وڵاتانی میزۆپۆتامیا و دوورگەی عەرەبی و ژووروی ئەفریقیادا نیشتەجێ بوون ، زانایان زاراوەی سامی یان لە ناوی سامی کوردی نەحەوە وەرگرتووە کە لە تەوراتیشدا هەر ئەو ناوەی دراوەتە پاڵ، ئەم خێزانە زمانەش لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

أ. کۆمەڵە باشووریەکان: گرنگترینیان عەرەبی کۆن ی خواروو شێوە دێرینە لە ناوچووەکانی وەکو ( سەبەئی، صبری، قدبانی، سعودی، عەرەبی نوێ ی باکوور و زمانی حەبەشی دەگرێتەوە ).

ب. کۆمەڵە باکووریەکان: بریتیە لە ئارامی کۆن، سریانی و سابیئە.

ج. کۆمەڵی ڕۆژئاوایی ( کەنعانی ): بریتیە لە فینقی و عبری.

د. کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی: بریتیە لە ئەکەدی، بابلی و ئاشووری.

٣. خێزانە زمانی ئۆزاڵی:

کە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

أ. کە زمانی فلەندی، ئەستۆنی و مەجەری دەگرێتەوە.

ب. کە زمانی تورکی، مەگۆلی، تەنۆکۆسی و مەنانشۆ دەگرێتەوە.

٤. خێزانە زمانی چینی و تبتی:

ئەم خێزانە زمانە لە زمانەکانی ( چینی، تایلەندی، بۆرمایی، تبتی ) پێك دێت.

- ***هاوبەشی زمانی کوردی وزمانی هیندۆ ئەوروپی***

زمانی کوردی سەر بە بنەماڵەی هیندۆ ئەورپییەکانە و سەر بە خێزانی ئارییەکانە کە زمانانی ( فارسی، بلوژی ، ئەسیتی ، پەشتوو، کوردی، ..... )دەگرێتەوە. ئەم لێکۆلینەوانەش دوای لێکۆلینەوەکەی ( سێر ولیام جۆنس ) هات کە ساڵی( ١٨٧٦ ) دەری خست جۆرە لێکچوونێك هەیە لەنێوان زمانی سانسکریتی و لاتینی وگریکی وکەڵتی وجێرمانی دا. ئەگەر بێتوو سەیرێکی زمانی کوردی بکەین ئەم هاوبەشیە دەبینین وەك:

| ***کوردی*** | ***فارسی*** | ***هیندی*** | ***ئەڵمانی*** | ***ئینگلیزی*** | ***ئیتاڵی*** | ***فرەنسی*** |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نۆ | نە | نۆ | نۆین | ناین | نۆڤین | سوف |
| دوو | دوو | دوی | ترڤانی | توو | دوی | دوی |

ئەم هاوبشی ولێکچوونە لە زمانانی ئێرانی زیاتر دەبێ وەك:

| ***کوردی*** | ***فارسی*** | ***بلوژی*** | ***ئەفگانی*** | ***تاجیکی*** | ***تالیشی*** |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاو | ئاب | ئاڤ | ئۆیە | ئیبە | ئۆڤ |
| چاو | چەشم | چەم | چەم | چەشم | چەش |
| سەر | سەر | سەر | سەر | سەر | سەر |
| دە | دە | دە | دە | دە | دە |

## پێنجەم / مێژووی زمانی کوردی و قۆناغەکانی

زمانی کوردی لە ڕووی مێژووەوە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لەوانە:

١ـ قۆناغی زمانی کۆن:
(٧پ.ز) تـاکو(٥٥٠پ.ز) سـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی میـدیا و کۆتـایی دەوڵـەتی هەخامەنشی، بەڵگەی نووسراو (ئاڤێستا)یە، کە بە شێوەی کۆنی کوردی نووسـراوەتەوە و ژمـارەی پیتـەکانی (٦٠) پیتـە، بریتییـە لـە سـروود(گاتا)ی ئـایینی زەردەشـتی، کـە لەلایـەن زەردەشت خۆیەوە گوتراوە و بریتییە لە (٢١) سروودی ئایینی.
٢ـ قۆناغی زمانی ناوەند:
(٣٠٠ی پ.ز) لە دەستپێکردنی ئەشکانییەکانەوە دەستپێدەکات، کە وڵاتەکەیان خۆراسانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە، ئەم قۆناغە دوو بەشە، بەشی یەکەم (پەهلەوی ئەشکانی)یە، لە سـاڵی (٣٠٠ پ.ز ــ ٢٢٦ پ.ز)، کۆنترین بەڵگەی نووسراویان ئاڤێستایە، کـە لەسـەر پێسـتی ئاسـك نووسـراوەتەوە، لـە چیاکـانی هـەورامان دۆزراوەتـەوە، بەشـی دووەم (پەهلـەوی ساسانی)یەکانە لە ساڵی (٢٢٧ پ.ز) دەسـتپێدەکات، تـا هـاتنی ئـایینی ئیسـلام سـەدەی (٧ی زایینی)، بە فەرمانی ئەردەشێر جـارێکی تـر ئاڤێسـتا نووسـراوەتەوە و کـراوە بـە ئـایینی ڕەسمی دەوڵەت.
٣ـ قۆناغی کوردی شێوەزارە:
ئەم سـەردەمە دوای ڕووخانی ساسانییەکان دوای دوو سـەدە لە سستی زمانی کـوردی و زمانە ئێرانییەکان، واتە سـەدەی حەوتـەم و هەشـتەم تـەنها زمـانی ئاخـاوتن بوونـە و زمـانی نووسـین و ئـەدەبیات بـە عـەرەبی بـووە، ئـەم زمانانـە پاشەکشـەیان کـردووە، بـەڵام کـورد و ئێرانییـەکان لـە سـەدەی نۆیـەمی زایینـی بـەهۆی زیندووبوونـەوەی گیـانی نەتەوایـەتی گەڕاونەتەوە سەر زمانی نەتەوایـەتی، فیردەوسـی لـە سـەدەی نۆیـەم داسـتانی (شـانامە) دەنووسێتەوە، بەڵگەی نووسراوی کوردیش چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانییە، کە بە لوڕی نووسـراوەتەوە لەگـەڵ هـەورامی، کـە لـە بنەڕەتـدا پەهلـەوی ئەشـکانییە، لێـرەوە قۆنـاغی شێوەزاری زمانی کوردی دەستپێدەکات.
٤ـ قۆناغی زمانی نوێ:
لای هەندێك بـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم دادەنرێـت، بـەڵام هەنـدێکی تـر پێیـان وایـە لەگـەڵ دەرچـوونی ڕۆژنامـەی کوردسـتان لـە ١٨٩٨/٤/٢٢ وەکـو ڕووداوێکـی ڕۆشـنبیری و نەتەوەیی بۆ مێژوی نەتەوەی کورد و بۆ زمانەکەی دەستپێدەکات، پاشان بە بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە، قۆناغێکی تری زمانی کوردی دەستی پێکرد.

- **پێناسەی زمانی ستاندارد**

**پێش ئەوەی باسی زمانی ستاندارد بکەین ، واچاکە چەند زاراوەیەك لە یەکتر جیا بکەینەوە کە زۆر جار تێکەڵی یەکتر دەکرێن ، زمانی ئەدەبی یەکگرتوو ، زمانی نەتەوە، زمانی نیشتیمانی، زمانی فەرمی(کارگێڕی) ، زمانی ستاندارد ، ئەوانە زۆر جار بە هاو واتای یەکتر دادەنرێن ، بەڵام ئەمە لە هەمووکاتێکدا لە هەموو شوێنێك ڕاست نییە .(١) زمانی ئەدەبی ئەو شێوە زمانەیە کە ئەدەبی پێ دەنوسرێتەوە کە لە یەکێك لە دیالێکتەکان یان یەکێك لە شێوازەکانی**

دیالێکتێك لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیای زمانەکەدا ڕەچاو دەکرێت ، نەگەیشتۆتە ئاستێکی وەها کەسەرجەم نەتەوەی خاوەن زمانەکە بەکاری بهێنن .

زمانی نیشتیمانی ، جۆرە زمانێکە کە لەوڵاتدا ڕێگەی پێدراوە و بەکار دەهێندرێت ، بە نموونە زمانی نیشتیمانی هاوڵاتیانی وڵاتێك کە تەنیا زمانێك بەکار دەهێنن وەکو زمانی ئەڵمانی لە ئەڵمانیا ، زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا.

زمانی فەرمی یان ڕەسمی ، کە بە زمانی کارگێڕی ناودەبرێت ئەو زمانەیە کە وێنەو ناسنامەیەکی یاسایی بە وڵاتێك یان حکومەتێکی هەرێمی دەبەخشێت ، ئەم جۆرە زمانە لە کۆمەڵگای تاك زمانیدا زمانی نەتەوەییە ، لە کۆمەڵگای جووت زمانی و فرە زمانیدا زمانێکی نیشتیمانییە ، لە پەرلەمان و دادگاو خوێندندا بەکار دێت و لە زۆربەی ڕووەکان لەگەڵ زمانی ستانداردا یەکدەگرێتەوە.

زمانی نەتەوە یان نەتەوەیی ، ئەو زمانەیە کە لەسنوری وڵاتێکدا بەکاردێت بۆ ئە نجامدانی سێ ئەرکە گەورەکەی زمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کە بریتین لە :

١- بەرێوەبردنی کاروباری ئیداری و پەروەردەیی وتەندروستی و کۆمەلایەتی ( ئاما نجی ئیداری ) .

٢- گەشە پێکردنی کەلتوری هاوبەش ، کە خەڵکی کۆدەکاتەوە.

٣- پتەوکردنی گیانی نیشتیمانی و نەتەوەیی و هەستی هاوڵاتیەتی بۆ گرێدانی خەڵکی بە یەکتریەوە .بە نموونە زمانی نەتەوەیی کورد زمانی کوردیە یان زمانی نەتەوەیی عەرەبی عەرەبییە .( ٢ )

زمانی ستاندارد ، زمانی خوێندنە، زمانی دایك نیە، زمانی ئاخاوتن نیە ، زمانی نووسینە، ئەو نەتەوەیەی ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرەشەدا بێت ، تەنها بە زمانی ستاندارد دەتوانێت بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات ، زمانی پەروەردەو فێرکردن زمانی بونیاد نانەوەی نەتەوەیە ، بۆ کوردیش زمانی ستاندارد ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی تاکەکانیەتی . کەواتە زمانی ستاندارد واتایەکی سادەی نییە ، بەڵکو بەکارهێنانی جۆراو جۆری هەیە ، هەر ئەو بەکار هێنانە جۆراو جۆرەیە بۆتە هۆی ئەوەی پێناسەی جۆراو جۆری بۆ بکرێت :

ڕای دەڵێت :( زمانی ستاندارد هەر ئەو زمانەیە کە چەند بەشێك لە خەڵکی کۆمەڵگا ، کە شایەنی ئەوەن خەڵکانی تر لاسایی ئەوان بکەنەوە ، بەکاری دەهێنن ) .

لە فەرهەنگی دەستەواژەی زماننـاسییدا هاتووە : ( زمانی ستاندارد شێوەیەك لە زمانەکە لەلایەن کۆمەڵگاوە وەردەگیرێت ( پەسەند دەکرێت ) و لەسەر بنەمای خوێندەواران جێگیر بووە و لە بنکەی سیاسی و فەرهەنگی بەکار ببردرێت ، ئەو شێوەیە وەکو زمانێکی یاریدەدەر و سەرەکی و زمانی نووسینی نێوان قسە پێکەرانی شێوازەکانی تر باوە و وەکو ئەوە وایە کە زمانی بیانی فێری خەڵکی میللەتانی تر بکرێت ).

سەلام ناوخۆش دەڵێت : ( زمانی ستاندارد زمانی ئاخاوتن نییە ، چونکە زمانی دایك نیە ، زمانێکە لە دام و دەزگای خوێندن و فێرکردن و ڕاگەیاندن و دامودەزگای تری دەوڵەت هەیە ، زمانێکە ئەدەبی باڵاو دەستوری وڵات و یاساکانی و دەقی ئاینی پێ دەنوسرێت ، ئەم شێوازەی زمان لە قوتابخانە وەریدەگرێ یان فێری دەبێت ، مرۆڤ لە ڕێگەی دایکیەوە تەواو فێری نابێت ، چونکە نووسین سیماو ئەدگاری ئەم جۆرە زمانەیە و زمانی دایك زیاتر زمانی ئاخاوتنە نەوەك نووسین ).

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو پێناسانە دەگەینە چەند دەرئە نجامێك کە ئەمانەن :

١- زمانی ستاندارد له بنەچەدا یەکێکە لەشێوە زمانیەکانی باوی ناو کۆمەڵگە .

٢- گۆڕانکاریەك لە دروستکردنی ئەو شێوە زمانە ڕوویداوە .

٣- زۆربەی کۆمەڵگای زمانی ئەو زمانە بەسەرچاوە دادەنێن و پەسەندی دەکەن .

٤- زۆربەی کۆمەڵگای زمانی ئەو زمانە لەهەندێ کات و سات و شوێندا بەکار دێنن .

کەواتە زمانی یەکێکە لە شێوەکانی زمانی باو لە کۆمەڵگادا کە بە گۆڕانکاریەك لە شێوەو چۆنیەتی دروستکردنی و ڕۆڵ وبەکارهێنانی دروست بووە لەلایەن زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگا بەسەرچاوەی زمانی دادەنرێت و لە نووسین و گوتندا بەکار دێت. بەڵام لەڕوانگەی گونجاندنەوە زمانی ستاندارد زمانێکە کە کەمترین جۆراو جۆری لە ڕوخساریدا و زۆرترین جۆراو جۆری لە ڕۆڵیدا هەیە ، واتا زۆرترین پەیوەندی دروست بکات و بتوانێت لە جێگەی شێوەکانی تری زمان بەکاربێت . لە هەندێ وڵاتدا سیاسەتی زمانی لە سەر بنەمای زیاد بوون و بڵاو بوونەوەی زمانیە ، ڕەنگە دوو زمان یان چەند زمانێك لەگەڵ یەکتر ببنە ڕەسمی ، بۆ نموونە لە کەنەدا زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی هەردووك بەیەکەوە ڕەسمین و هەردوو زمانەکە لەسەرتاسەری وڵات بەکاردێت ، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە زمانێك تەنها لە ناوچەیەکی تایبەت ڕەسمی بێت ، بۆ نموونە زمانی ( ڕۆمانشی ) تەنها لە ویلایەتی گیرسۆنی سویدی ڕەسمیە .

## گرنگی زمانی ستاندارد :

١. هەستی نەتەوایەتی بۆ یەك بوون و یەك پارچەی گەلی کورد یان نەتەوەی کورد بەگشتی بەهێز دەکات.
٢. هۆکارێکە بۆ لەیەك نزیك بوونەوەو بەیەکەوە بەستنی دیالێکتەکان، هەروەها هەموو لایەنە کوردیەکان لە یەکتر نزیك دەکاتەوە.
٣. زمانی ستاندارد هۆکارێکی گرنگە تەنانەت لە هۆکاری ئاینیش لە پێشترە بۆ یەکیەتی گەل و خاکی کوردستان.
٤. یەکێك لە مەرجەکانی نەتەوە ئەوەیە کە خاك و زمان و قسە پێکەرانی هەبێت.
٥. هەموو نەتەوەیەك بە هۆی زمانەوە دەناسرێت.
٦. ئەگەر زمان هەبێت نەتەوەش دەبێت، بەلەناوچوونی زمان نەتەوەش لە ناودەچێت، چونکە نەتەوە نیە لە جیهان زمانی نەبێت.
٧. هەموو نەتەوەکانی جیهان بە پلەی یەکەم بە زمانەوە دەناسرێن.
٨. زمان لە هەموو کۆشك و قەڵاکان باشترە، زمان لە ناو ناچێت بەڵام کۆشك و قەڵاکان دەڕوخێن.

## هۆکارەکانی دروست نە بوونی زمانی ستاندارد :

١. کاتێك زمانی ئاین بە پیرۆزتر بزانێت و زمانی دایك پیرۆزی نەزانێت.
٢. کاتێك قسە پێکەرانی زمانی دایك بکەوێتە ژێر زمانی باڵا دەستەوە وەکو ئەم لایەنانەی خوارەوە:

أ. داگیرکراوی: وەکو نەتەوەی کورد زمانەکەی دگیرکراوە لە لایەن عەرەب ، فارس و تورك.

ب. بالادەستی ڕۆشنبیری و فراوانی بەکارهێنان: وەکو بۆ کورد، واتە لە کوردستان بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بە بێ پلان زمانی دایك توشی گرفت و کێشە دەکات.

٣. کارکردنی قسە پێکەران بە ئاراستەی ناوچەگەرایەتی.
٤. کارکردنی قەڵەمی خۆفرۆشی ناو نەتەوە بە پێی بەرنامە بۆ داڕێژراوی بۆ لەناوچوون و پوکانەوە.
٥. کارکردنی داگیرکەرانی نەتەوەیەك بۆ سوك کردنی زمانی دایك لەبەرچاوی قسە پێکەرانی زمانەکە، بەم شێوەیە:
أ. بەفەرمی نەناسینی لە لایەن داگیرکەرەکان لە دام و دەزگاکان و لە خوێندن و ڕاگەیاندن دا.
ب. هاندانی خەلك بۆ دوورکەتنەوە لەو زمانەی دایك.
ج. ئاستەنگ دروست کردن بۆ ڕاگەیاندنی ئازاد بەسەرجەم شێوەکان.

٦. کارکردنی بە ئاراستەی سەپاندنی زمانی خۆیان بەسەر زمانی دایك، وەکو گۆڕینی ناوی شوێنەکان.
٧. کاریگەری مۆسیقای دگیرکەر و ڕێ خۆشکردن بۆ ئەو کاریگەریە.
٨. کورد دەسەلاتێکی سەربەخۆ و یەکگرتووە نەبووە، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیش جیایە لە نەتەوەکانی تر، چونکە نەتەوەی کورد بەسەر چەند ولاتێك دابەش کراوە هەردەم لەبەر هەڕەشەی هەلوەشاندنەوە بووە.

## هۆکارەکان و چۆنیەتی درووستبوونی:

١. بەهۆی پەیدابوونی پارتێکی سیاسی لە ناو نەتەوەیەکدا لە ناوچەیەکی ولات پەرەسەندنی بیروباوەری ئەو پارتەو بەکارهێنانی شێوەی ئەو ناوچەیە بۆ نووسین و لە ئە نجامدا دەبێ بە بنچینە بۆ ئەو زمانە پەسندکراوە. بۆ نموونە لە (فەرەنسا) زمانی (پاریس) بووبە زمانی یەکگرتوو.
٢. بەهۆی بلاو بوونەوەی بیروباوەڕێکی ئایینی یان کتێبێکی ئاینی پیرۆز لە ناوچەیەکدا و لە ئە نجامی تەنینەوەی ئەوئایینە زمانەکەشی پیرۆز دەبێ ودەبێتە بنچینە بۆ زمانە یەکگرتووەکە وەك: هاتنەخوارەوەی قورئان بە زمانی (قورەیشی) و بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بووە هۆی ئەوەی کە زمانی قورەیشییەکان ببێتە زمانێکی ستاندارد بۆ سەرجەم نەتەوەکانی عەرەب.
٣. بەهۆی پەیدابوونی ئەدەبێکی بەرز لە پاڵ هەستێکی نەتەوایەتی یا ڕژێمێکی سیاسی کە سەرەتا لە ناوچەیەك دا دەست پێدەکات و بلاودەبێتەوە ولە هەموو لایەك پەسنددەکرێ ولاسایی دەکرێتەوە لە نووسیندا تاوای لێدێت دەبێتە زمانێکی گشتی ویەکگرتوو، بەرهەمێکی ئەدەبیش وەك، شیعرەکان یان بەرهەمەکانی (شکسپیر) بوونەتە زمانی ستانداری بەریتانیەکان، بەلام لای ئیتالیەکان بەرهەمەکانی (دانتی) بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی زمانێکی ستاندارد، لای فارسەکان خاکی شیراز کە مەلبەندی شاکارە ئەدەبیەکانی (حافظ) و پەخشانەکانی (سەعدی) بوو کە بووە سەرچاوەکانی زمانی ستاندارد لە ئێران.

٤..**هەڵبژاردن**:دەبێت زمانی خوێندن و ڕۆژنامە بێت، بۆ ئەوەی بگاتە زمانی ستاندارد ئەو جۆرە دەبێت لە بواری ئابووری و ڕۆشنبیری بەکاربێت.

٥.**تۆمارکردن و بوار فراوان کرندن**:مەبەست ئەوەیە کە وەکو پرۆگرام لە قوتا بخانەکاندا بخوێنرێت، کە کرما نجی ناوەڕاست لە قوتا بخانە و زانکۆکاندا دەخوێنرێت و ڕێزمانێکی تاییەت بە خۆی هەیە، بەڵام بوار فراوانکردن مەبەستی ئەوەیە کە لە دام و دەزگاکاندا ، لە ڕاگەیاندن ، لایەنی رامیاری بواری بۆ فراوان بکرێت.

6.**دەسەلأتی سیاسی ولأت**: دروست کردنی ئەکادیمیای زمان یان ئەکادیمیای زانستی زمان.

٧.**هەڵبژاردنی زارێك یان بن زارێك.**

٨.**جێ بەجێ کردنی لە لایەن حکومەت و دەست پێکردنی ئەم پرۆژەیە و گرنگی پێدانی.**

٩.**بە هەم لایەنی کردن**: واتە لە هەموو لایەنێکەوە توێژینەوەی لەسەر بکرێت.

١٠.**ڕازیکردن یاخود قبولکردنی جەماوەری**: بە ڕا پرسی ئەم زمانی هەڵبژێری وە بوار بداتی دەست خەڵکی خۆی

بەشی دووەم:ئەدەب:

- **چەند پێناسەیەکی ئەدەب:**

ئەدەب هونەری دەربرینی جوانە بەهۆی وشەی جوان و رازاوە لەم بارەیەوە ئەمرسن دەڵێت : ئەدەب دەربرینی بیری پەسندە هەروەها ستیفۆدیرك یش دەڵێت : ئەدەب ئەو هەست و سۆز و باوەڕەیە کە لە دڵی زرنگ و هوشیاران پەروەردە دەبێ و وا دەنوسرێتەوە کە هەستی خوێنەر بۆخۆی رابکێشێ.

کەواتە ئەدەب ئەو پارچە نوسراوە بەهێزەیە کە لە سۆزێکی زیندوو هەڵقوڵاوە بۆ بزواندنی هەست و سۆزی گوێگر هەوڵدەدات.

**ئەدەب**: هەموو ئەو چالاکیانەی ئادەمیزاد لە بواری داهێنانی ووشە ئەنجامیان دەدات یان زانست یان هونەر، ئەدەب دەکەوێتە خانەی هونەرەکانەوە. وەکو هەرەیەکە لە مۆسیقا و ڕسم و بیناسازی.

ئەدەب لە ڕووی وشەییەوە نواندنی خوڕەوشت و هەڵسوکەوتێکی جوانە لە پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسانی بەرامبەردا، بەم شێوەیەی کە داب و نەریت و ئاینی هەر کۆمەڵگایەك پەسەندی کردووە.

**ئەدەب** یەکێکە لە هونەرەکان، وەکو: وێنە، مۆسیقا، بیناسازی ....تاد، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ئەم هونەرانەی تر لە کەرەستەکانی کەرەستەی وێنە بۆییە، مۆسیقا دەنگە، کەرەستەی بینا ئەو داروبەردە ئاسنانەن کە بینای پێ دروست دەکرێت، بەڵام کەرەستەی ئەدەب ووشەیە.

**ئەدەب** ئەو هەست و سۆز و باوەڕەیە کەلەدڵی زرنگ و ووشیاراندا پەروەردە دەبێت وا دەنوسرێتەوە کە هەستی خوێنە ر بۆ خۆی ڕابکێشێ.

(ئەمرسن) ئەڵێت **ئەدەب** تۆماری بیری پەسەندە، واتە دەقە ئەدەبیەکان لە هەموو سات و سەردەمێکدا هەمیشە پارێزگاری لە داب و نەریت و ئەقلیەتی بەرز و تێگەیشتنی جوان بۆ گەردوون و ژیان دەکەن، کە کۆمەڵگا بەرەو کەناری ئارامی و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی دەبات.

**ئەدەب بریتیە لە ڕەنگدانەوەی باری ژیانی کۆمەڵگا لە هەموو لایەنێکەوە، لایەنی ئابووری ، ئاینی ، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری و ..... تاد.**

**ئەدەب داڕشتنێکی هونەری یە بۆ ئەزمونێکی شیعری.**

**جۆرەکانی ئەدەب :**

**١. ئەدەبی نەنووسراو( فۆلکلۆر). ٢. ئەدەبی نووسراو.**

**١. ئەدەبی نەنووسراو (فۆلکلۆر): کۆمەڵێك زانیاری یە کە دەماو دەم پشتاوپشت نەوە لە دوای نەوە دەیدەنە یەکتری، هەموو لایەنێکی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ڕۆشنبیری لەکەرەستە سەر زاریەکە کۆدەبێتەوە.**

**ئەدەبی فۆلکلۆر بە هەموو کەلە پوور و سامانی کۆن دەوترێ کە بەدرێژایی مێژوو داهێنراوە ، بەرهەمی خەڵکە و ماوەتەوە.**

**فۆلکلۆر وشەیەکی لێکدراوە لە وشەی (فۆلك) و(لۆر) پێکهاتووە کە واتای پەندی خەڵك یان چیرۆکی خەڵك دەگەیەنێت ،ئەدەبی فۆلکلۆری بە هەموو کەلە پوور و سامانی کۆن دەگوترێت کە بەدرێژایی مێژوو داهێنراوە و کە بەرهەمی خەڵکە و ماونەتەوە،وەك پاشماوەکانی جلوبەرگ و رایەخ و شتومەك کە داهێنانی باوك و باپیرا نمانە،ئەدەبی سەرزاریش بەشێکە لە فۆلکلۆر کە دەماودەمو پشتاوپشت لەباوکوباپیرا نمان بۆمان گێردراوەتەوە.یەکەم شێوەی ئەدەبە و لەگەڵ پەیدابوونی ئادەمیزاد سەری هەڵداوە،بەرهەمی چینی نەخوێدەوارە، وخاوەنەکەی ناناسرێ و پشتاوپشت گێردراوەتەوەو لەخزمەتی گەلە بۆگەلیش وتراوە و یەکەم شێوی ئەدەب کە دوای پەیدا بوونی ئادەمیزاد سەری هەڵداوە بەرهەمی چینی نەخوێندەوارە.**

**تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر:**

**١. خاوەنەکەی دیار نیە.**
**٢. سادە و ساکارە.**
**٣. سیمای هەرەوەزی پێوە دیارە.**
**٤. فۆلکلۆر سنوور دەبەزێنێت.**
**٥. بەرهەمی چینی نەخوێندەوارە.**
**٦. شەقلی سەردەمی پێوەدیارە.**
**٧. هونەری وتنی راستەوخۆیە.**
**٨. هونەرێکی ڕەسەن و کۆنە و بەندە بە نەریت و خوی کۆمەڵایەتی.**

- **بەشکانی ئەدەبی فۆلکلۆر:**

**١-ئەفسانە**

**٢-داستان**

**أ-قارەمانیەتی**

**ب-دڵداری**

٣-سەرگوزشتە و چیرۆك:

أ-چیرۆکی خورافی

ب-چیرۆکی ئاسایی وەك:کۆمەڵایەتی دڵداری.

٤-گۆرانی

٥- پەند

٦-گاڵتەوگەپ

- ڕەگەزەکانی ئەدەب( بنەماکانی ئەدەب ):

١-سۆز: گڵپەیە کە و سەرچاوەیەکی روونە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێ.

٢-ئەندێشە: پەیکەری بیرە چونکە وشە بەتەنها ناتوانێ گوزارشت لە بیر بکات و بە شێوەیەکی کاریگەر بیا نخاتە روو.

٣-بیر: بۆچوونی نووسەرە لە بەرهەمە ئەدەبییەکە.

٤-شێواز:ئەو قالبەیە کە وشە و رستە و سۆز و ئەندێشەی تێدا دەرێژرێ.

- ئەم چوار رەگەزەی ئەدەب بەیەك بەستراونەتەوە و لێکجیانابنەوە هەریەکێکیان نەمێنێ ئەوا ئەدەبەکە لەنگ دەکات.
- هونەرەکانی ئەدەب:

A-شیعر

عەرەبەکان شیعر بەوە پێناسەدەکەن کە قسەیەکی خاوەن کێش و سەروایە.

بەڕای (سوقرات و ئەفلاتون ) هونەر بریتییە لە لاساییکردنەوەی سروشت بۆ ئەو مەبەستەش ئەفلاتون سێ جیهان جیادەکاتەوە:

١. جیهانی نموونەیی(ئایدیال )
٢. جیهانی هەستپێکراو( مادی )
٣. جیهانی سێبەرو وێنەو کارەهونەرییەکان

جا شاعیر دوو هەنگاو لە ڕاستی دووردەکەوێتەوە بۆیەش لە کۆمارەکەی دەریان دەکات، لای سوقراتیش ( شیعر جۆرێکە لە خورپەی ئاسمانی هێزێکی ئەفسوناوی هەیە ، چونکە شاعیر هەست دەوروژێنێ و بەهێزی دەکاتلەلایەکی تریشەوە هۆش بێهێز دەکات، بەڕای ئەرستۆش شیعر بریتییە لە لاسایی کردنەوە، بەڵام لە هونەرێکەوە بۆ هونەرێکی تر دەگۆرێت لاسایکردنەوە سێ جۆرە:

١. لاسایکردنەوەی نموونەیی
٢. وەك ئەوەی کە هەیە
٣. رووی دەرەوەی شتەکان

ئەرستۆ شاعیر بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی فەیلەسوف و بە بەرزتری دادەنێ لە مێژوونووس، چونکە شاعیر ئەوشتەدەگرێتەوە کە لەوانەیە رووبدات، کەچی مێژوونووس باس لە شتێك دەکات کە روویداوە. لایهۆراس شیعر وێنەکێشان و

لاسایکردنەوەیە پێی وایە شیعر دەبێت سیحرێکی هەبێت هەرکاتێ هەستی گوێگر بۆخۆی رابکێشێت، هۆراس پێی وایە مەبەستی شاعیران یان سوود بەخشینە یان چێژ پێ گەیاندنە.

- **جۆرەکانی شیعر**

**یۆنانییەکان شیعریان بۆ چوار جۆر دابەشکردبوو:**

١. **شیعری گۆرانی(لیرك):**

یەکەمین جۆری شیعرە و لە دڵ و دەروون و ویژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و لەگەڵ ئامێرێك دەگوترا پێیان دەگوت (لیر)،ئەم جۆرە شیعرە سۆزێکی خەستی تێدایە و شاعیر هەستە پەنگخوراوەکانی لەگەڵ دەردومەینەتییەکانی دەردەبڕێ و کەسایەتی شاعیر هەستی پێدەکرێ و ئەم جۆرە شیعرە لەسەر دوو بنەما بەندە:(ئاواز+سۆزێکی بەهێز)

٢. **شیعری داستانی:**

شیعرێکی چیرۆك ئامێزەو پشت بە شێوازی گێرانەوە دەبەستێت سەرگوزشتەیەك دوگێرێتەوە کە بە ژیانەوە بەستراوە راستی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکە دێنێتە دەرەوە،وێنەی قارەمانیەتی و ئازایەتی مرۆڤ نیشاندەدات،لەگەڵ خەیاڵدا تێکهەڵکێش دەکرێت و کەسایەتیش دەرناکەوێت،وەك داستانی (ئەلیادە و ئۆدیسا)و(گلگامش).....هتد. ودەبێتە دوو جۆر:

**أ-قارمانیتی**

باس لە ئازایەتی دەکات وەك: (قەڵای دم دم).

**ب-دڵداری**

باس لە دڵداری دەکات وەك:(مەم و زین)

٣. **شیعری درامی:**

کارو جوولەی تێدایەو رووداوەکان بەشێوەی گفتوگۆ دەنووسرێ ولەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێ،بەرای ئەرستۆ دەبێت لەم شیعرە یەکێتی بابەت و شوێن رەچاوبکرێت.دراما دوو بەشە:

**أ-کۆمیدیا**

گاڵتە پێکردنێکی رەخنەگرانەیە گفتوگۆ تێیدا سادە و رەوانە کەسەکانی چینی نزمی کۆمەڵن.

**ب-تراژیدیا**

رووداوێکە کە بەمەرگ یان بە رووداوێکی ناخۆش کۆتایی دێت،ئاستی گفتوگۆ بەرزە و کەسەکان چینی بەرزی کۆمەڵن،وەك: گوڵی خوێناوی.

٤. **شیعری فێرکردن:**

بەمەبەستی ئاسانکردن و فێرکردن بەکاردێت،هسیۆد لە (٨٠٠)پ.ز یەکەم شیعری دەربارەی چاندن نووسیوە،لە کوردیشدا(نووبەهار) ئەحمەدی خانی و شێخ مارفی نۆدەیی بەم جۆرە شیعریان نووسیوە.

**B- پەخشان**

**قسەیەکی گەیەنەرە و زمانی ئەقل و ژیرییەو دوورە لە کێش و سەروا،دەبێتە دوو جۆر:**

أ. پەخشانی هونەری: سەر بە ئەدەبە لە نووسینی سیاسی یان ئابووری یان هەواڵی رۆژنامە بەکاردێت،لە دارشتندا پوخت و لە بیرو لێکدانەوەدا بەسۆزو هەست بزوێنە، نووسەر قوڵایی دەروونی خۆی دەردەبرێ لە تێروانین و سەرنجی تایبەتی خۆیەوە دەروانێتە ژیان و کۆمەڵ سروشت وەك رۆمان و وتار و شانۆگەری،دەبێتە چەند جۆرێك:

- جۆرەکانی پەخشانی هونەری:

١. ووتار: نووسینێکی ئەدەبییە لا پەرەیەکی دیاریکراو لە ژیان دەگرێتە خۆی و بابەتێکی تەسکی ژیان لێکدەداتەوە، چەند جۆرێکە وەك:کەسی، کۆمەلایەتی،رەخنەیی،زانستی )

٢. ژیاننامەخوتبە:بریتییە لە هونەری قسەکردن لە پێناو قایلکردن و کارتێکردن بەکاردەهێنرێ، چەند جۆرێکەوەك:ئامۆژگاری،دادگەری،ئاینی،رامیاری،فێرکردن،......هتد.

٣. چیرۆك: گێرانەوەی چەند رووداوێکی یەك لە دوای یەکە،بەسەر چەند کەسێکی جیاوازدا تێپەر دەبێێت.

٤. گاڵتەوگەپ: چیرۆکێکی کورتە بە جۆرێکی گکاڵتەئامێز دارژاوە گیانی پێکەنینی کراوەتە بەر دەبێتە هۆی رەخنەگرتن لە هەموو دیمەنێکی نالەبار و ناهەموار پەردە لەسەر کەموکورتییەکان لادەدات ولای هەر میللەتێك بەناوی چەند کەسێکەوە دەگێردرێتەوە وەك:خاڵە رەجەب،لالە سەرحەد،ئەحەی کرنوو کفر ئەحمەد.....هتد

٥. شانۆگەری:چیرۆکێکە بۆ نواندن ئامادەکراوە یاندەقێکی نمایشکراوە کە رووداو وکات و شوێن رۆڵی تێدا دەبینێت هەست و سۆز و جوولەش بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

٦. پەندوقسەی نەستەق:بریتییە لە بەرهەمێکی کۆنی خەڵك لای گەلانی سەرەتایی فەلسەفەی راستەقینەی بەخۆوەگرتووە،و هەموو رووداوێکی ژیانی مرۆڤ بەچاك و خراپییەوە دەخاتە روو بەرهەمێکی کورتە و واتایەکی بەرزی هەیە.

- پەخشانی زانستی: ئەم جۆرە پەخشانە راستیەکانی زانست دەخاتە روو،بەشێوەیەکی راستەوخۆ، پێویستی بە هەڵبژاردنی وشە و دارشتنی جوان و خەیاڵ و رەوانبێژی ناکات،نووسەر لە کاری دەروونی خۆی بە دوور دەگرێ و زاراوەکانیش دەبێت تەمومژاوی نەبێت و مانیان ئاشکرابێت و لە لایەن زانایانەوە پەسند کراو بێت.وەك کتێبەکانی زانیاری مێژوو ئابووری و فیزیا و کیمیا.....هتد.

- جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان:

| ز | شیعر | پەخشان |
|---|---|---|
| ١ | لە ویژدان و سۆزەوە پەیدا دەبێت | لە ئەقل و ژیری پەیدا دەبێت |
| ٢ | کێشی هەیە | کێشی نییە |
| ٣ | سەرواى هەیە | سەرواى نییە یان کەمە |
| ٤ | رەوانبێژی هەیە | رەوانبێژی کەمە |
| ٥ | کورت و چر و پر واتایە | پەرش و بلاوەو درێژدادرە |
| ٦ | وشەکان پاش و پێش دەکرێت | وشەکان پاش و پێش ناکرێت |
| ٧ | کەسایەتی دەردەکەوێت | کەسایەتی دەرناکەوێ |
| ٨ | بە چەند جۆرێك دەنووسرێت | بەیەك شێوە دەنووسرێت پەرەگرافە |

- ڕێبازەکانی ئەدەب

١. کلاسیک:

ئەدەبی کۆن دەگرێتەوە ڕووی دەرەوەی شتەکان دەخاتە ڕوو لەڕێگای ڕۆشنبیری عەرەبییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، لەسەر بنچینەی بەیت دامەزراوە لە دوو نیوە بەیت پێکدێت نیوەدێری یەکەم پێی دەگوترێت (شەتر) و نیوە دێری دووەم پێی دەگوترێت (عەجز)

گەر/دە/پر/سی/من/ لە/بەر/چی/ کەم/ دە/خۆم (شەتر)

من/ بە/ بر/سی/ قەد/ مە/زا/نە/ غەم/ دە/خۆم (عەجز)

بنەماکانی بریتین لە (کێش، سەروا، ڕەوانبێژی) و سیماکانیشی بریتین لە یەکێتی کێش و سەروا لە قەسیدە و غەزەل و یەکێتی بابەت و شوێن.

قەسیدە و غەزەل بنچینەی ئەدەبی کلاسیکین .

- تایبەتییەکانی شیعری کلاسیکی:

١. قەسیدە:

زاراوەیەکی شیعری کلاسیکییەو لەسەر بنچینەی بەیت دامەزراوە و سیماکانی بریتین لە:

- یەکێتی کێش
- یەکێتی سەروا
- لە پانزدە تا بیست بەیت کەمتر نەبێت.

قەسید: شیعرێی درێژە لە لەسەر کێشی عەروزی دەنووسرێت ژمارەی بەیتەکانی لە سەروی ١٥ بەیتە، بابەتەکانی زۆرجار لە بابەتی غەزەل جیایە ، بۆ ئاین و بابەتە گرنگەکان دەنوسرێت، لە گرنگترین قەسیدەکانی شیعری کلاسیکی کوردی قەسیدەی (الائەی نەفسی بووم ئاسا) ی (نالی) شاعێر قەسیدەی (ووتم بەبەختی خەوالو) ی حاجی قادری کۆییە و چەندین شیعری دیکەی کلاسیکی.

وەك :ئەم قەسیدەی (نالی) کە لە شامەوە بۆ (سالم)ی هاورێی نووسیووە کە دەڵێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور
ئەی لوتفەکەت خەفی هەوا خواهو هەم دەمە
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەی حزور
ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەر و گەرمی ئاشقان
تۆفانی دیدە و شەرەرەی قەلبی وەك تەنوور
گاهێ دەبی بە ڕۆح دەکەی باوەشێنی دڵ
گاهێ دەبێ بە دەمدەمێندەمی غروور

٢- غەزەل: شیعرێکە لەسەر کێشی عەروزی دەنوسرێت و پارێزگاری لە یەك سەروا دەکات، ژمارەی بەیتەکانی لە نێوان ٧ تـــا ١٥ بەیتە، ناوەڕۆکەکەی لە بنجیدا تایبەتە بە خۆشەویستی و ستایشی ئاین، بەلاَم دواتر وەسفی ژن و دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆ ژن و زۆربەی بابەتەکانی پێدا هەڵدان و شانازی و داشۆرین و سۆزی نیشتمانی و نەوتەوەیی و هی دیکەشی پێ نوسراوە.

غەزەلی( خەمرا حەلال )ی شێخی جەزیری کە دەڵێت:

من دی سەحەر شاهی مەجەر لبسێ دەبەر مەخموور بوو

ئو دیم زەری سور موشتەری یارەب پەری یاحوور بوو

حوری وەشە شیرین مەشە کاکۆڵ رەشە خاڵ حەبەشە

خالێن دقەر میسك تەتەر نازك بەشەر کافوور بوو

نازك لەتیف گەردەن زەریف لبسێ شەریف کێخمە و قەدیف

من دی بوەخت ئەو نیك بەخت ئیرۆ لتەخت مەغفوور بوو.

١- چوارین: لە فارسییەوە داکەوتووە هاتۆتە ناو شیعری کوردی دوو بەیتــەو لــە چـوار میســراح پێکهــاتووە یــان قافیەی هەر چواریان یەکە یان هی سێیەم جیاواز دەبێت لە فارسیدا چوارینەکانی خەیام ناودارن لە کوردیشــدا باباتاهیری هەمەدانی وەك:

چ خۆشبێ میهرەبانی هەردوو سەر بێ

کە یەکسەر میهرەبانی دەردی سەر بێ

ئەگەر مەجنوون دلی شۆریدەیی داشت

دلی لەیلی ئەز ئان شۆریدە تەر بێ

٢- مولەمەع: ئەم هونەرە شیعرییە لە نێو زمانەکانی رۆژهەلاَت باوە و بەو شیعرە دەوترێت کە بە زیاتر لە زمانێـك دەنووسرێت لەسەر هەمان کێش و سەروا ، وەك: ئەحمەدی خانی:

فات عمری في هواك یاحبیبی کل حال

اه ونالم همدمم شد در فراقت ماه و ساڵ

گر بنم کانم استرسن چۆقدان اولمشتر حلال

دین ئەبتەر بووم ژ عەشقێ من نەما عەقل وکەمال

٣- موستەزاد: لە دوای هەر نیوە بەیتێك پارچە دێرێك زیاد دەکرێت، لە دیـوانی نالیـدا قەسـیدەیەکی موسـتەزاد هەیە کە دەڵێت:

ئەی تـازە جەوان پیرم و ئوفتادە و کەوتووم تـاماوە حەیـاتم
دەستیٚ بدەرە دەستی شکستەم لە دەسچووم قوربـان وەفـاتم
تۆ یوسفنی ئەو حوسنی لەسەر میسری حینانی من پیرم و فانی
لەم کوڵبەیی ئەحزانە نەزیندوو و نە مردووم هەروا بەتەماتم

٤- پیٚنجین:هی شاعیریٚکە چوار میسـراعی یـەك سـەرواى هەیـە میسـراعی پیٚنجـەم سـەرواى جیـاوازە وەك ئـەم نموونەیەى میرزا عەبدولرەحیمی وەفایی کە دەڵیٚت:

تـاێکی ریشەیی دڵ بە نووکی غەمزە دادا
دەستیٚکی بۆ سەما بردوو رووبەندی ماهی لادا
نامەی گوڵی عەیان بوو عەتری بەدەم سەبادا
باریك و لووس و نـاسك دوو زولفی خاوی بـادا
وەك شاخی گوڵ بەلادا شیرین تەشی دەریٚسیٚ
بەخەندە زولفی لادا لەسەر عوزار و زاری
کە شەو بەیـانی بەدا گوڵ و وەنەوشە بـاری
دوگمەی کراسی بەربوو بزووت هەوری بەهاری
سەلای لە ئاشقاندا باخی گوڵ و هەناری
دونیا بە ئینتیزاری شیرین تەشی دەریٚسیٚ

٥- پیٚنجخشتەکی: بەرهەمی دوو شاعیر دەبیٚت سیٚ میسراعی یەکەم هی شاعیریٚکە و دوو میسراعی دوایـی هـی ئـەو شاعیرە دەبیٚت کە پیٚنج خشتەکییەکەی لەسەر بنیات نراوە. وەك ئەم پیٚنج خشتەکیەی وەفـایی لەسـەر شـیعری نالی کە دەڵیٚت:
باغەوانی خولد پەروەردەی مەنیجەی کردووە
فێری سەد ناز نیاز و شەرم و عیشوەی کردووە
هەر بە شیرەی جان شیرین پەروەردەی کردووە
گوڵبۆنی قەددت لە قوبەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکر نەی کردووە

٦- پارچە: پارچە شیعریٚکە بۆنەیەکی تـایبەتی دەگوتریٚت، یـان پارچەیەکە لە قەسیدەیەکی تەواو نـەکراو ،ئـەم جۆرە شیعرە لەسەر سەرواى غەزەل و قەسیدە دەنووسریٚ ، بەڵام ژمارەی دێرەکانی لە غەزەل و قەسیدە کـەمترەو لە نیٚوان سیٚ تـا شەش دیٚردایە، لە ڕووی واتـاوە واتـای تـەواو دەدات بـە دەسـتەوە. نموونەی ئـەم جۆرانـە لـە شیعرەکانی کلاسیکی بە دیار دەکەون.وەك ئەو پارچەیەی کە لە دیوانەکەی ( مەحوی ) دا دەبینریٚت کە دەڵیٚت:
بنووسە پیری دڵم ئەمری کرد ئیتاعەم کرد

له ئیبتیداوه بەیتی موناسبی دیوان
گەدایەکی وەکو مەحوی قەلەندەرێکی کورد
میسالی پادشاهی فورسە ساحێبی دیوان.
٧- تاك( بەیتی یەتیم ):بریتییە لەیەك بەیتی شیعر کە لە بۆنەیەکدا گوتراوە وەك:
سەوتی نەغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خرخاڵییە
دەنگی سۆڵە یا لەژێر پێی ناڵناڵی ناڵیە

٨- دوو بەیت: بریتیە لەو شیعرەی کە تەنیا لە دوو بەیت داڕێژراوە واتایەکی تەواویش بە دەستەوە دەدات، دێری یەکەم هەردوو نیوە دێرەکان بە پیتێك سەروادار کراوە، وە دێری دووەمیش نیوەدێری یەکەم جیایە، بەڵام نیوە دێری دووەمی هەمان قافیەی نیوە دێرەکانی پێشووی هەیە.

باباتاهیری هەمەدانی شیعرەکانی بەم شێوەیە نووسیوە:

بەهارئایەدت بەهەرشاخی گولی بی
بیٚ هەرباغی هەزاران بولبولی بی
بەهەر مەرزی نەیارەم پانە هادەن
مەبادا ئەز مە بەتەر سوتیٚ دلی بی

٢. ڕۆمانتیك: هەوڵی رزگاربوون دەدات لەو کۆتانەی خراونەتە ملی ئەدیبان وەکو هونەرە لاساییکەرەوەکان، رۆمانتیك گواستنەوەی رووی ناوەوەیە هەروەك ( ستیورا تمێل ) دەڵێت :شیعری رەسەن ئەوەیە کە دەربرینی هەست بێت.( شیلی )یش دەڵێت ئەدەبی رۆمانتیکی گوزارشتکردنە یان دەربرینی خەیاڵە،کە ئەم تایبەتییانەی خوارەوەی هەیە.

- بەربەرەکانی کردنی ڕێبازی کلاسیکی.
- گرنگی بە سادەیی ڕونان دەدات.
- پێیوایە گەورەی مرۆڤ لە ئازاردایە.
- بارێکی دەروونییە زیاتر لەوەی ڕێبازێکی ئەدەبییێت.
- پێیوایە شیعر دەربرینە لە ئێش وئازاری خود.
- گرنگی دەدات بە تاك و کێشەکانی و مەسەلەی گشتی دوور دەکەوێتەوە.
- بابەتەکانی لە چوارچێوەی خۆشەویستی و ئازار و غەم و سکالا و.....تاد.
- گرنگی بە سروشت دەدات و پێیوایە شوێنێکە غەم و ئازار لادەدات.
- زمانەکەی سنووردارە لە بەر بەکارهێنان و دووبارە بوونەوەی هەمان وشە.

وەك ئەم نموونە:.

(١)

دڵ بۆ دوا ڕۆژ لێدەدا
ئێستا مرۆڤ خەم و ژانە
هەرچی هەیە ڕادەبوێرێ
ڕابردووش هەمیشە جوانە

(٢)

ئەگەر ژین درۆی لە گەڵ کردی
خەفەت مەچێژە و دڵت نەرەنجێ
لە ڕۆژیڕەشا باوەرت وابێ
کە هیندە نابا خەونت دێتە جێ

عەبدوڵا پەشێو(١٩٨١)

٣. ریالیزم:رەخنە لە ژیانی کۆمەڵگا دەگرێت و شتە چەوتەکان و ناشیرینەکان دەخاتە روو.

- وەك کاردانوە یەك بۆڕومانتیك هاتە کایەوە.
- چەند شێوەیەکی هەیە.وەك: فۆتۆگرافی،ڕەخنەیی و سۆشیالیستی .....هتد.
- گومانی لە باشی مرۆڤ هەیە.
- ڕەشبینی باڵی بە سەردا کێشاوە.
- باوەری بە گەشبینی هونەرمەند لەگەڵ واقیدا هەیە لە رێگای تێروانینێکی دیاریکراو.
- کارەکانی ڕەخنەیین بە پێی بار و واقیعین بە پێی شێواز.
- تێروانینەکانی بۆ کۆمەلگا جۆراوجۆرن لە نێوان بە کەم زانی وگالتە پێکردنە بۆ یەئس و چارەسەرکردن.

نموونەی شیعری:

بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نییە
بەدەمی دیل هەنگوین شیرین نییە

گوران

٤. رەمزی: ئامانجی بوژاندنەوەی بیر و لاسایکردنەوەی باری دەروونی بوو.گرنگترین تایبەتیەکانی ئەم ڕێبازە بریتییە لە:

- وەك کاردانەویەك بوو بۆ ریالیزم.
- پێیوایە واقیعی هۆکارێکە بۆ بە فیرۆدانی نرخی هونەری لە داهێنەر.
- پێیوایە هونەر بۆ هونەر بێت.
- زۆربەی بانگێشتکەرانی شاعیرەکانن.

- چەمکی هونەر رەتدەکاتەوە لای ڕێبازەکانی تر.
- دان نەنان بە ڕوونی پێیوایە ئەدەب هەژار دەکات و تێکی دەدات.
- داننانێت بە توانای ئەقل بۆدرکپێکردن بە واتای قووڵ و پێیوایە توانای ئەقل سنووردارە .
- داننانێت بە توانای زمان بۆگواستنەوەی وات و پێیوایە تەنها هێمایە و وێنەی هۆشەکی دەوروژێنێت.
- پێیوایە زمان هۆیەکە بۆ ڕەنگدانەوە نەك زیاتر.
- گرنگی زیاتر بە ئاراستە ناواقعییەکان دەدات.

نموونەی شیعری:

من خاچی مار تێ ئالأوم

من نەفرەتێکی یەزدانییم

لەسەر ئەم جەستە کۆچەرە

من سی باری ڕواوم

وەکو بالأم خاچ هەلکشا، من عشقە و

مار عاشقەی تێکەلأوی سەر ئەم خاچەین شێرکۆ بێکەس

( خاچ ومار :ڕوژمێری شاعێرێك:٢٠ :١٩٩٨ )

**سەرچاوەکان:**

١. وریا عمر امین .( ٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ،ب١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٢. جەمال نەبەز .( ١٩٧٦ )، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، هامبۆرگ، ئەلمانیای رۆژئاوا.
٣. ئەورەحمانی حاجی مارف،( ١٩٧٦ ). زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕ، بەغداد.
٤. صادق بەهائەددین ئامێدی. ( ١٩٨٧ )، ڕێزمانا کوردی(کرما نجیا ژووری و ژێری یا هەڤبەرکری)، چاپا ئێکێ، زانکۆیا سەلاحەددین، هەولێر.
٥. ڕەفیق شوانی .( ٢٠٠٨ )،زمانی کوردی شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا ،چاپخانەی دهۆك, دهۆك.
٦. مارف خەزنەدار.( ٢٠٠٢ )،مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
٧. مارف خەزنەدار.(٢٠٠٦ )،مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی١ـ٦، A، چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
٨. غازی فاتح وەیس .( ١٩٨٤ )،فۆنەتیك، چاپی یەکەم، مطبعة الادیب البغدادیة، بغداد .

9. محمد معروف و سەباح رەشید .( ٢٠٠٦ )، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
10. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. ( ١٩٩٥ )، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئیبن ڕوشدی، زانکۆی بەغدا.
11. طالب حسین .( ١٩٨٩ )،فۆنۆلۆژی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنەتیك لە زاری سلێمانیدا ، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب ، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
12. عەلائەدین سوجادی( ٢٠٠٠ ) ،مێژووی پەخشانی کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، .
13. سەدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، ب١، هەولێر، ٢٠٠٨.
14. عبدالواحد وافی ،علم اللغه ،دار النضهة لطباعة و نشر، ١٩٦٧ .